## "ئیسلامییەکان رەخنە قبوڵ ناکەن"

**رووداو –سلێمانی**



تویژەری ئیسلامی عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد لەدیدارێکی رووداودا باس لەوەدەکات کە لایەنە ئیسلامییەکان رەخنە قبوڵ ناکەن ونموونەش بەوە دێنێتەوە کە "لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆمەڵ لە خورماڵ فرۆشتنی رۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی قەدەخە بوو" عەبدوڵڵا هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و دەڵێ "عەلی باپیر هەموومانی کردی پەندی زەمانە"

**لاپەڕە 15**

## "با پەرلەمانتاران بچووکترین نموونەی گەندەڵی بهێننەوە پەرلەمان بەدوایدا چووبێ"

**رووداو –هەولێر**

وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان سەعد خالید پێیوایە ئەگەر پەرلەمان کاری خۆی بکات دەتوانێ سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش بۆ لێپرسینەوە بانگ بکات " ئەندامانی پەرلەمان با بچووکترین نموونە بهێننەوە وبڵێن سەرپێچییەک یا گەندەڵییەک هەبووە وبەهۆی تەوافوقەوە نەتوانراوە وەزیرەکان بانگ بکرێن"، لەبەرامبەردا پەرلەمانتار سۆزان شەهاب ئاماژە بەوە دەدات کە "پەرلەمانتاران چەندین گەندەڵی زەقیان لەبەردەستدایە" ئەگەر حکومەت پێیوایە ئێمە گەندەڵیمان دەستنەکەوتووە وانییە، بەڵام ئێمە لەبەر بارودۆخەکە قسەمان نەکردووە"



**لاپەڕە 3**

## شرینا خاستیا چار هەیڤان خۆ سۆت

**رووداو – دهۆک**



شرین حاجی، تەمەن 20 ساڵ، پشتی چار رۆژان ل نیشانکرنا وێ ژ لایێ گەنجەکێ زڤریەڤە ل ئەورووپا، تەلەفۆنا وی کر و گۆتێ "من تو نەڤێی و دێ شو ب بابێ خۆکەم،لێ شو ب تە ناکەم". لێ کەسوکارێن وێ هەرەشا کوشتنێ لێکر، ئاغایێ وانیش گۆتە وێ و دەستگرێ وێ کو پێتڤیە هون بۆ یێک بن، لێ شرینێ قەبول نەکر و پشتی چار هەیڤان ل نیشانیا خوە، خۆ سۆت و رۆژا 2008/5/21 گیانێ خۆ ژ دەستدا.

**رووپەلێ کۆمەلایەتی**



Rûdaw

رووداو

ژمارە (9)

دووشەممە 2008/6/2

12 جۆزەردانی 2708

(750) دینار

www.rudaw.net

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


# نووسەران و مەلا و حیزبە ئیسلامییەکان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە

## عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی: پارتی و یەکێتی و نووسەران دەبێ خۆپیشاندانی 100 هەزار کەسیان لە پێش چاوبێ

**تایبەت بەرووداو**

چەند نووسەرێکی ناوهاتوو لە یاداشتی رۆژی 2008/5/9ی 474 مەلا و کەسایەتی ئایینی کوردستان، بەنیازن سکاڵا لەدژی ئەو مەلایانە تۆماربکەن، کۆمەڵ و یەکگرتوو و یەکێتی زانایانی ئاینیش سووربوونی خۆیان لەسەر ئەو یاداشتە پێشان دەدەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند کە مەهاباد قەرەداخی و بەدران ئەحمەد، بەنیازن سکاڵا لەسەر ئەو مەلایانە تۆماربکەن. مەهاباد قەرەداخی لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند لەبەرئەوەی ئەوو چوار نووسەری دیکەیان بەناوهێنان خستووەتە بەر هەڕەشە، بەنیازە سکاڵا لەدژی 474 واژۆکاری ئەو یاداشتە تۆماربکات " دەمەوێ یاسا لەکوردستان ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە، دەنا وەک هاووڵاتییەکی ئەوروپایی دەتوانم ئەو بابەتە لە دادگەیەکی نێونەتەوەییشدا بوروژێنم".هەرلەوبارەوە نووسەر حەمەسەعید حەسەن رایگەیاند کە ئەو مەلایانە ئەوانیان لە"ختوخۆڕایی" کردووەتە نیشانە. (رووداو) زانیویەتی کە بەدران ئەحمەد بەڕێوەبەری دەزگای ئاراسیش بەنیازی سکاڵاکردنە لەو مەلایانە چونکە لەیاداشتەکەدا ناوی دەزگاکەیان هێناوە.

لەکاتێکدا لیژنەیەک لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێکهێندراوە بۆ رێگەگرتن و لێپێچینەوە لە سووکایەتیکردن بە ئایین و پێغەمبەری ئیسلام، وەزارەتی ئەوقاف لەرۆژی 2008/5/29 لەگەڵ رۆژنامەنووسان و مەلایان و مامۆستایانی زانکۆ کۆبووەوە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە .بەڵام یەکێتی زانایانی ئاینی لەهەولێر دەڵێن "هەڵوێستی ئێمە تا ئێستا بەرگریکارانە بووە، ئیدی دەبێتە هێرشکارانە". لەهەمانکاتدا هاتە راگەیاندن کە هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە بۆ پشتیوانی لەویاداشتە بەهاندانی ئیسلامییەکان لە مزگەوتەکان بەردەوامە و تا ئێستا زیاتر لە 60 هەزار واژۆ کۆکراوەتەوە و یاداشتەکەش بۆ 32 زمان وەرگێڕدراوە.

عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە (رووداو) ی راگەیاند" ئێمە نەک لە پشتەوە، بەڵکو لەناو ئەو وەزعەداین"، هەروەها گوتیشی ئەوان دووساڵ پێش ئێستا دەستپێشخەرییان کرد، بە وەرگرتنی مۆڵەتێک لەهەولێر کە خۆنیشاندانێکی 100هەزار کەسیی لێکەوتەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو سووکایەتیانەی بە ئیسلام دەکرێن.گوتیشی "دەبوایە ئەو نووسەرانەو پارتی و یەکێتی ئەو خۆپیشاندانە 100هەزار کەسیەیان لە پێشچاوبایە".

هەروەها بڕیاری وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستانی بە "بڕیارێکی زۆر بێ مانا" وەسفکرد کە قەدەخەی کردووە مینبەری مزگەوتەکان بۆ وەڵامدانەوەی رۆژنامەو نووسەران بەکاربهێندرێ و گوتی " هیچ وەزارەت و دەسەڵاتێک بە ئەمریکاشەوە ناتوانێ دەمی موسڵمان و ئیسلامییەکان و مەلاکان لە وەڵامدانەوە بگرێ". هەروەها گوتی "هەر مەلایەک ئەرکی بەرگریکردن و وەڵامدانەوەی خۆی بەجێنەگەیێنی نیشانەی پرسیار لەسەر موسڵمانبوونی خۆی دادەنێ". لەهەمانکاتدا پەسنی بڕیاری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیدا بە پێکهێنانی لیژنەی رێگرتن لەو "زێدەڕۆیی"انەی بەرامبەر ئیسلام دەکرێن.گوتیشی لەوڵاتانی عەلمانیش رێ بە سووکایەتیکردن بەبیروباوەڕی خەڵک نادرێ "بوش بەو بەهێزیەی خۆی بەرگری لە ئایینی مەسیحی دەکات، کە ئێمە پێمانوایە ئێستا ئاینێکی موحەرەفە".

هەروەها هیوا میرزا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی"ئێمە پشتیوانی لە بانگەوازی ئەو مامۆستا ئایینی و کەسایەتیانەدەکەین".

لەبارەی دروستبوونی گرفتیش بەهۆی ئەو یاداشتەوە لەنێوان رۆشنبیران و مەلایان و حیزبە ئیسلامییەکاندا گوتی" من نازانم رۆشنبیرانێک کە ئاگاداری یاسابن و رێز لەباوەڕو سەربەستی تاکەکان بگرن پشتیوانی لەشتێک ناکەن کە پێچەوانەی ئازادییەکانی تاک بێت، من دەڵێم ئەگەر داوای ئەو مامۆستایانە نایاساییە، با داواکەیان ببردرێتە پەرلەمان داوای هەردوولا یەکلایی بکرێتەوە".


## کۆمپانیای قوباد لەسلێمانی هەڕەشەی دەرکردن لە چەند ماڵە شەهید و ئەنفالکراوێک دەکات....لاپەڕە 7




فەریدە ئەحمەدی دایکی دوو کوڕە شەهید و هاوسەر لەسێدارە دراو، لەگەڵ نەزیرەی کچی کە مێردی ئەنفالکراوە لە دەستەڕاست و کچێکی دیکەیدا، لە ساڵی 1991 ەوە لە کەلاوەکانی سەربازگەکانی بەعسدا دەژین (فۆتۆ:رووداو)

# سێ گەورە بەرپرسی ئیتیلاعات لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە ئازاد دەکرێن

**ئامانج خەلیل**
**رووداو –سلێمانی**

سەرچاوەیەک لەئاسایشی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو سێ کەسەی ئیتیلاعاتی ئێران کە هەفتەی رابردوو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرابوون، یەکێکیان بەرپرسی ئەو دەزگایەبوو لە هەرێمی کوردستان، دواتر بەفشاری ئێران ئازادکران.

سەرچاوەکەی ئاسایش راشیگەیاند "لە دوای دەستگیرکردنی ئەو سێ بەرپرسە، ئێران لەتۆڵەی ئەوەدا بەیەک کاتژمێر لە بۆسەیەکدا بۆ پێشمەرگەکانی پاسەوانی سنوور، پێشمەرگەیەکی دەستگیرکرد و دواتر کوشتیان".بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوە بەرپرسەکەی‌ئاسایش،هێزەکانی ئاسایش پێشتر زانیارییان لەبارەی هاتنە ناوەوەی7 کەسەوە پێگەیشتبوو"هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ناو خاکی کوردستان لەشاخی کونە ورچ لەمەرزی کانی خان، دوو ئەفسەرو چەند کارمەندێکی ئاسایش لەسەر شاخەکە دەگەنە سەریان، چوار لەئێرانییەکان هەڵدێن و سیانەکەی دیکەیان لەدوای شەڕوپێکدادان هیلاک دەکرێن و دواتر دەستگیر دەکرێن".

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکە، ئەو ئێرانیانە "لەدوای دەستگیرکردنیان رەوانەی ئاسایشی سلێمانی کران، دوای لێکۆڵینەوە لەناسنامەکانیان ئاسایش بۆی دەردەکەوێت کە سەر بەئیتلاعاتی ئێرانن و یەکێکیان بەناوی (ح،ت) بەرپرسی ئیتلاعاتە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها چەند ئامێرێکی پەیوەندی بێتەلیشیان پێ گیرا".

سەرچاوەکە روونیشیکردەوە"کێشەکە زۆر ئاڵۆز بوو، چونکە ئاسایشی سلێمانی و تەنانەت خودی وەستا حەسەنیش نەیزانیبوو کە یەکێک لەو کەسانە بەرپرسی ئیتیلاعاتی ئێرانە لە هەرێمی کوردستان".

رووداوەکە زیاتر رووی لە ئاڵۆزی کرد کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە لەسنوورەکە خۆیان خستە ئامادەباشییەوە، دواتر لەدوای ئاشکرابوونی پۆستی دەستگیرکراوەکان و دوای فشارێکی زۆری ئێران لەسەر بەرپرسانی ئیداری لەسلێمانی ئازادکران.

لەبارەی هۆی هاتنی ئەوکەسانە بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان، سەرچاوە بەرپرسەکەی ئاسایش گوتی"ئەوکەسانە بۆ وەرگرتنی زانیاری هەواڵگری هاتبوونە ناو کوردستان".

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەکرد کە ئاسایشی سلێمانی لەرێگەی پارێزگاری سلێمانییەوە هەرسێ دەستگیرکراوەکەی رەوانەی ئێران کردووەتەوە، لەگەڵ سەرجەم ئامێرو کەلوپەلەکانیان.

هەروەها لەدوای تێپەڕینی 24 کاتژمێر بەسەر ئازادکردنەکەیاندا هێزەکانی ئێران بۆردوومانێکی خەستی ناوچە سنوورییەکانیان کرد و هێزەکانیان لەسەر سنوور لەنزیک مەرزی کانی خان بڵاوە پێکرد.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر رووداوەکە (رووداو)پەیوەندیکرد بە عەمید حەسەن نوری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، بەڵام ناوبراو لەبارەیەوە هیچ لێدوانێکی نەدا.

# قوتابیەکی ساڵێک بەجێماو دەبرێتە کۆلیژی ئەندازیاری

## "ئەمە فەرمانی جەنابی وەزیرە، دەبێ جێبەجێبکرێت هەتا ئەگەر رێنماییەکانیش رێگە نەدات"

**تایبەت بەرووداو**

بەپێی نووسراوی "نهێنی و بەپەلە"ی ژمارە ن/478، بەئیمزای وەزیر د.ئیدریس هادی و بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا داوا لەسەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە بڕیاری گواستنەوەی قوتابی (تالب سەباح سامە) لەکۆلیژی پەروەردە بەشی کۆمپیوتەر، بۆ بەشی پرۆگرامسازی کۆلیژی ئەندازیاری جێبەجێ بکات.

هەروەها بەپێی نووسراوی نهێنی ژمارە 1/س 181 لە 2007/11/26 بە ئیمزای پ.ی.دانا فائق هۆشیار، بەڕێوەبەری تۆماری گشتیی زانکۆی سەلاحەددین، داوا لەکۆلیژی ئەندازیاری کراوە ئەو بڕیارە جێبەجێ‌بکات"پێتان‌رادەگەیێنین،کەئەمە فەرمانی جەنابی وەزیرە، دەبێت جێبەجێ بکرێت هەتا ئەگەر رێنماییەکانیش رێگە نەدات". لەلایەکی دیکەوە بەپێی نووسراوی کۆلیژی ئەندازیاری لەبارەی وەرگرتنی ئەو قوتابییە، کە دانەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، دەرکەوتووە ئەو قوتابییە بەدەر لەرێنماییەکان گواستراوەتەوە. وەک لەنووسراوی ژمارە 1/2/6286 ی رۆژی 2007/12/2ی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەددیندا هاتووە"قوتابی ناوبراو ساڵی خوێندنی 2005-2006 کەوتنی هەیە، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ رێنماییەکان".

هەروەها لەنووسراوێکی دیکەی کۆلیژی ئەندازیاری، کە ژمارە 1/2/4965ی بەسەرەوەیە، ئاماژەی بەو سەرپێچییە داوەو تێیدا هاتووە" پێتان رادەگەیێنین بەپێی برگەی (1-د) لەرێنماییەکانی گواستنەوەی ساڵی خوێندنی 2007/2008 تەنیا یەکەمی کۆلیژی زانست وەردەگیرێت لەکۆلیژەکەمان لەبەشی کۆمپیوتەر نەک پەروەردە زانستییەکان، لەبەر ئەوە ناتوانین قوتابی ناوبراو وەربگرین بەپێی ئەو رێنماییە".بەڵام دواتر هەر وەرگیراوە.

## هیلتەرمان:

# ئەگەری ئەوەهەیە کوردنەوت بە کەرکووک بگۆڕێتەوە

رووداو– زەمان تودەی

جوست هیلتەرمان لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان پێشبینی دەکات کە سەرکردایەتی کورد لە بەرامبەر مافی بەکارهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی بندەستی خۆیدا رازی بێت بەوەی کەرکووک نەخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، هیلتەرمان لەوبارەوە بۆ رۆژنامەی (زەمان تودەی) تورکی گوتی "ئەگەری ئەوە هەیە رێککەوتنێک بکرێت و بەهۆیەوە حکومەتی کوردستان مافی ئەوەی هەبێت کێڵگە نەوتییەکانی خۆی بەکاربهێنێ، لەبەرامبەر ئەوەشدا عێراق کەرکوک نەخاتە سەر هەرێمی کوردستان". دەشڵێت "لەوانەیە کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆو دەسەڵات تێیدا بەپێی رێککەوتن دابەش بکرێت".

بەبڕوای هیلتەرمان چارەسەری زۆرێک لەکێشەکان بەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکەوە پەیوەستە، لەوانەش کێشەی PKK کە هیلتەرمان پێیوایە مادام تورکیا رێگرە لەوەی کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان کوردیش ئامادەنییە یارمەتی بدات و لەسەر سینییەک PKKی رادەست بکاتەوە، بەڵام وەک ئەو دەڵێت لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا خاڵی هاوبەشیش هەن و هەردوولا پێویستیان بەیەکدی هەیە "ئەگەر کەرکووکیش نەگەڕێتەوە سەر کوردستان، کوردستانی عێراق نەوتی خۆی هەر هەیەو تورکیا حەزدەکات ئەو نەوتە بەخاکی ئەودا رەوانەی بەندەری جیهان بکرێت".

هیلتەرمان پێیوایە پشتگیری سەرکردایەتی کورد لە PKK لەبەرئەوەیە کە بەکارتێکی فشاری دەزانن بۆ سەر تورکیا، بەڵام ئەگەر هەردوولا سەبارەت بە پرسی کەرکووک بەرێککەوتن گەیشتن ئەوا کێشەی PKKش چارەسەردەبێت و حکومەتی کوردستان رێگە لە کاروچالاکییەکانیان دەگرێت.

هیلتەرمان لەگەڵ ئەوەی بەدووری دەزانێ ماددەی 140 لەو وادەیەی بۆی درێژکراوەتەوە جێبەجێ بکرێ، چاوەڕوانیی ئەوەش لە ستیڤان دیمیستۆرای‌نوێنەری‌نەتەوەیەکگرتووەکان‌دەکات کە ئەلتەرناتیڤێک بۆ ماددەی 140 بدۆزێتەوە.


دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە 4 بخوێنەوە



ئەو هاووڵاتیانەی ناویان بۆ حەج دەرچووە دەتوانن ناوەکانیان لە ماڵپەڕی www.rudaw.net دا بخوێننەوە

# هەواڵ



## پەرلەمانی هۆڵەندا داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ئاشوورییەکان دەکات

ڕووداو- هۆڵەندا

◆ پەرلەمانی هۆڵەندا لە ڕاپۆرتێکدا کە پێشکەشی مەکسیم ڤێرهاگن وەزیری دەرەوەو بێرت کۆندریس وەزیری گەشەپێدان و هاوکاریی کردووە، داوا لە حکومەتی هۆڵەندی و یەکێتی ئەوروپا دەکات هاوکاری هێنانەئارای هەرێمێکی ئۆتۆنۆم بۆ ئاشوورییەکانی عێراق بکەن. ڕاپۆرتەکە پێشنیاز دەکات بۆ دامەزراندنی ئەو هەرێمە لەنێوان مەسیحییەکانی عێراقدا ریفراندۆم بکرێ و هاوکاری بکرێن بۆئەوەی سوپایەکی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن. هەروەها داوای گەرەنتی کردنی مافی ئێزدی و تورکمانانیش دەکات.

# تاڵەبانی بەڵێنی وەزارەتێکی بێ وەزیر دەداتە یەکگرتوو

**ڕووداو- تایبەت**

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە مام جەلال بەڵێنی پێداون، ئەگەر گۆڕانکاری لەحکومەتدا بکرێ، وەزارەتێکی بێ وەزیر بدرێتە یەکگرتوو.

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "لەکۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی و لیستی یەکگرتووی ئیسلامیدا لەگەڵ سەرۆک تاڵەبانی، مام جەلال پێی ڕاگەیاندین کە دەبوایە یەکگرتوو لەکابینەی پێشووتری عێراقدا وەزارەتێکی بدرێتێ، بۆیە ئەگەر گۆڕانکاری لەحکومەت کرا ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە یەکگرتوو وەزارەتێکی بێ وەزیری بدرێتێ، بەدڵنیاییەوە لەئەگەری گۆڕانی وەزارەتەکاندا دەبێت وەزارەتێک بدرێتەوە بەیەکگرتوو".

لەبارەی هەڵوێستی د.نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقیشەوە، د.محەمەد ئەحمەد، گوتی"لەگەڵ د.نوری مالکیش دانیشتین و ئەویش پێیگوتین ئەگەر بەرەی تەوافوق و عێراقییە نەگەڕێنەوە ئەوکاتە ئاساییە لەسەر ئەو بابەتە قسەبکەین".

# بوشPKKی خستە لیستی قاچاخچیانی مادە بێهۆشکەرەکانەوە

**ڕووداو-هەولێر**

هەینی ڕابردوو جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا، لیستی نوێی ئەو گرووپ و کەسانەی کە لەسەرانسەری جیهادا بازرگانی و قاچاخچێتی بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە دەکەن، ڕاگەیاند. ناوی PKK ش لەنێو لیستی ئەو گرووپانەدا هاتووە.

گوردن جاندرو، وتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەو بارەیەوە گوتی"ئێمە ئەو دەرفەتەمان هەیە کە بەر لەوەی PKK بەهۆی چالاکی تیرۆریستییەوە ئابلۆقە بدەین، لەبەر چالاکی لەبواری مادە بێهۆشکەرەکان ئابلۆقەی بدەین".

ئەحمەد دەنیز، وتەبێژیPKK لەوەڵامی ئەو لیستە ڕەشەی لەلایەن ئەمریکاوە ڕاگەیێندرا لەلێدوانێکی تایبەتدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " PKK بێجگە لەکوردستان بەملیۆنان مرۆڤی لەئەمریکاو ئەوروپا لەگەڵدایەو هەرکاتێک ئەمریکا توانی تاک بەتاکی مرۆڤەکانی کورد کۆنترۆڵ بکات ئەوکات دەتوانێتPKKش کۆنترۆڵ بکات".

دەنیز بێمنەتیی حیزبەکەی ڕاگەیاند و گوتی"هیچ خەمێکمان نییەو ئەو کارەی ئەمریکاش هیچ کاریگەرییەکی لەسەرمان نابێت، چونکە سەرچاوەی دارایی ئێمە خەڵکی کوردستانە".

" لیستی ڕەش"ی حکوومەتی ئەمریکا، بەپێی یاسای پەسەندکراوی ساڵی1999 دروستکراوەو ناوی ئەو گرووپ و کەسانەی کە لەبواری بازرگانیکردن بەمادە بێهۆشکەرەکانەوە کار دەکەن لەخۆ دەگرێت.



بەپێی ئەو یاسایە حکومەتی ئەمریکا دەتوانێت ئەو ڕێکخراوو کەسانە لەبواری

## بەهۆی گەندەڵی

# وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرو 7 کارمەندی دیکە سزادەدات



IRAQ KURDISTAN REGIon
COUNCIL OF MINSTERS
MINISTRY OF
EDUCATION

هەرێمی کوردستانی عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی خزمەتی

NO. /
DATE / /
ژمارە / ٧٢
بەروار / ٧ / ٥ / ٢٠٠٨

( نهێنی )
فەرمانی وەزاری

د. دلشاد عبدالرحمن محمد
وەزیری پەروەردە

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی فەرمانێکی"نهێنی" وەزارەت، کە ئیمزای دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەی لەسەرەو وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرو چەند بەرپرسێکی دیکەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەهۆی گەندەڵی، سزدراون.

بەپێی نووسراوی "نهێنی" ژمارە 72 لە 2008/5/27 کە ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری ژمارە 37ی ڕۆژی 2008/4/22 دەدات، لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر کە بە فەرمانی وەزارەت پێکهاتووە، عەزیز محەممەد عەدۆ بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێرو 7 کارمەندی دیکەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بەتێوەگلان لەچەند کارێکی نایاسایی سزادەدات .

بەپێی ئەو فەرمانە وەزارییە عەزیز عەدۆ لەپۆستەکەی لادەدرێت. هەروەها ڕێوشوێنی یاسایی دەگیرێتەبەر بۆئەوەی هەریەک لە (محەممەد ڕەحمان ئەحمەد) لێپرسراوی ژمێریاری و (محەممەد ئەحمەد عەلی) لێپرسراوی وردبینی بدرێنە دادگای لێکۆڵینەوە. هەروەها سزای (تەوبیخ) ئاراستەی (محەممەد عومەر شەریف) کراوە کە لێپرسراوی کارگێڕی و سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی نۆژەنکردنەوەی 35 قوتابخانەی سنووری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بووە.

لێکۆڵینەوە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بڕی 7 ملیۆن و 600 هەزار دینار بەنایاسایی خەرجکراوە بۆ 19 قوتابخانە کە بەگرێبەست بەکرێگیراون و دەبێت محەممەد عومەر شەریف ئەو پارەیە بگێڕێتەوە.

هەربەپێی نووسراوەکە سزای هۆشداریی ئاراستەی هەریەک لە (شوکری محەممەد تاهیر) لێپرسراوی ئەزموونەکان و سەرۆکی لیژنەی وەرگرتنی 35 قوتابخانە، ئەندازیار (شەماڵ ئەحمەد عەلی) ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردن و ئەندازیار (ئەحمەد جومعە) ئەندامی لیژنەی وەرگرتن و فەرمانبەر (ئازاد خالید پیرداود) ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردن کراوە.

## ڕوونکردنەوەیەک

ڕۆژی ( 21 / 5 / 2008 ) لە ڕۆژنامە و سایتی (ڕووداو )دا هەواڵێک بە ناوی من و ڕێکخراوەکەمانەوە یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە گوایە ئێمە داوا لەسەر بەڕێز ( عومەر فەتاح ) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەین . لەکاتێکدا ئێمە لە یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان هیچ لێداونێکمان بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەداوە. ئێمە وەک یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان هەرگیز پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەوچەشنە نییە تا ناڕەزایەتییەکانمان بگاتە دادگە بۆیە پیویستە بەڕێزان لە ( ڕووداو ) لە بارەی ئەو هەواڵەوە ڕوونکردنەوە بدەن.

عومەر کەریم محەممەد
لێپرسراوی گشتی
یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان
29 / 05 / 2008 سلێمانی

※هەواڵەکەی ڕووداو دەربارەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەری یەکێتی بووە وبەهەڵە ناوی لێپرسراوی یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان تێکەڵی هەواڵەکە بووە.

ڕووداو

# ژنەکا 25 ساڵی خۆ د سۆژیت

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**ڕووداو – ئامێدی**

ژ ئەگەرێ شەرەکێ دا دگەل ژن تیا خۆ، ژنەکا تەمەن 25 ساڵی ب ناڤێ (ڤ .ع) ل باژێرکێ شێلادزێ سەرب ناحیا دێرەلوکێ خۆسۆت.

ژێدەرەکێ هایدار ل نەخوشخانا گشتیا ئامێدیێ بو (ڕووداو) ڕۆنکر کو ئەڤ ڕوودانە، ل دەمژمێر 9 شەڤا 31-2008/6/1 ئەڤ ژنە گەهاندن نەخۆشخانا مە و پشتی پێڕابوونێن دەسپێکی بۆ هاتینە کرن، دیار بوو ڕێژا سۆتنا وێ 80%یە و ژبەر برینێت وێ یێن دژوار، هاتنە ڕەوانەکرن بۆ نەخۆشخانا دهۆکێ.

## نێچیرڤان بارزانی:

# ڕێگەیەکی دوورمان لەپێشە بۆ بەرگریکردن لە ژنان

**ڕووداو-VOA**

سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند تا ئێستا لە کوردستان هەندێجار بەپێی یاسا کۆنەکانی عێراق هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کراوەو، سەبارەت بە ڕێگرتن لە توندوتیژی دژی ژنانیش گوتی ڕێگەیەکی دوورمان بۆ هەوڵدان لەپێش ماوە.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا باسی ئازادی ڕادەبڕینی لەکوردستان کردو گوتی " ئێمە دەبێت دووکاری بنەڕەتی بکەین، ڕۆژنامەنووسان زیاتر ڕابهێنرێن لەسەر ئەوەی چۆن شت بنووسن و بەچ شێوازێک ڕەخنە بگرن، هەروەها دەبێت یاسایەکمان هەبێت، کە ڕۆژنامەنووسان چۆن ڕەفتار بکەن و بەچ شێوازێک ڕەفتار بکەن، ئەوە مانای ئەوەنییە ئێمە سنوورێکیان بۆ دابنێین".

هەروەها گوتیشی "بەداخەوە لەهەندێک حاڵەتدا لەکوردستان هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کراوە بەپێی ئەویاسایەی کەپێشتر لەعێراقدا هەبووە".

سەبارەت بەو دەستەواژەی بوونی تەمبەڵی لەکوردستان، کە لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) دا کردبووی، ڕوونیکردەوە کە مەبەستی کولتووری پشت بەخۆنەبەستن بووە و گوتی "مەبەستم ئەوە نەبووە باسی میللەتی کورد بکەم، من باسی کولتوورێک دەکەم کە ئەویش کولتووری پشت نەبەستنە بەخۆمان، ڕەنگە ئەوە بۆ وڵاتانی زۆر دەوڵەمەند دەست بدات، بەڵام بۆ ئێمەی کورد دەست نادات".

سەبارەت بەو دکتۆرا فەخرییەی لەلایەن زانکۆی واشنتن و جێڤرسنەوە پێی بەخشرا، کە ئایا لەلای ئەو چ مانایەک دەبەخشێت، سەرۆکی حکومەتی کوردستان گوتی "بۆ من وەکو شەخس هیچ مانایەکی نییە، ئەوە لەئەنجامی خەبات و ماندووبوون و خوێنی ئەو هەموو شەهید و خەڵکەیە، ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ من وەک شەخس لایەنێک لەدەرەوە دان بەو پێشکەوتنانەدا دەنێت کە لەکوردستان ڕوویداوە".

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دیاردەی ژنکوژیش گوتی، حکومەت هەوڵێکی زۆری داوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە، کە لە وڵاتانی وەک ئەمریکاش هەیە و گوتیشی " بەڵام بەدڵنیاییەوە ڕێگەیەکی زۆر دوورمان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لە ژنان بکەین و چیتر ڕێگە نەدەین لەژێر هەر پەردەیەک زوڵمیان لێبکرێ".

## ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان:

# پەرلەمان بۆی نییە دەنگ بەدرێژکردنەوەی ماوەی مادەی 140 بدات

**تایبەت بە ڕووداو**

د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند کاری پەرلەمانی کوردستان نییە ڕەزامەندی لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی مادەی 140 ی دەستوور بدات" چونکە ئەو مادەیە لەدەستووری عێراقدایە نەک لەیاسایەکی هەرێمی کوردستاندا".

لەبارەی دووبارە دەنگدانی پەرلەمانتاران بۆ ڕازیبوون لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی مادەکە، د.نوری تاڵەبانی دەڵێت" ئەگەر بهێنرێتەوە 100% دڵنیام پەرلەمانتارانی کوردستان دەنگی بۆ دەدەنەوە، بەبێ ئەوەی بزانن ئەو دەنگانە دەمارێکی یاسایی هەیە یان نا، بەڵام من خۆم دەنگی بۆ نادەم".

هەر لەوبارەیەوە، کوێستان محەممەد، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو کە"تا ئێستا هیچ پێشنیارێک نەکراوە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر درێژکردنەوەی مادەی 140 بدەین، ئەگەر هەر پێشنیارێک بێتە پێش ئێمە وەک فراکسیۆنی سەوز کۆدەبینەوەو 2لەسەر 3ی دەنگەکان دەبێتە دەنگی فراکسیۆن".گوتیشی ئێستا کە مادەکە جێبەجێ نەبووە"درێژکردنەوەی ماوەکەی باشترین چارەسەرە".

# دایکێک منداڵەکەی دەخنکێنێ

**ڕووداو- سۆران**

ڕۆژی 2008/5/29 ئافرەتێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی (ک. ر. م) کە دانیشتووی گوندی شێلکای سەر بە ناحیەی سیدەکانە، منداڵێکی تەمەن 4 مانگەی خۆی خنکاندو دواتر لەلایەن پۆلیسی سۆران دەستگیرکرا.

عەمید ئەسکەندەر بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران لەوبارەوە گوتی "دوای ئەوەی ئاگادارکراینەوە، دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردو لە ئەنجامدا دەرکەوت، جگەر خوێن جێگر سەلیم کە تەمەنی 4 مانگە خنکێندراوەو دایکی منداڵەکەش دانی بە خنکاندنی کۆرپەکەیدا نا".

بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران سەبارەت بە شێوازی خنکاندنی ئەو منداڵە گوتی "بەپێی قسەکانی (ک)، دوای ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بە دەمەقالێ هاتووە، تووشی هەڵچوونی دەروونی بووەو چووەتە ئەو ژوورەی منداڵەکەی لێیە، مەمکی خستووەتە دەمی منداڵەکەو خنکاندوویەتی".

# خێزانێکی پارتی لە تاسڵوجە مەڵبەندی یەکێتی تۆمەتبار دەکات

**ئازیز مەحموود**
**ڕووداو -سلێمانی**

خێزانێکی پارتی لەتاسلوجە مەڵبەندی 21ی یەکێتی بەوە تۆمەتبار دەکات کە بووەتە هۆی قەرەبوونەکردنەوەی زەوییەکەی و شارەوانی و مەڵبەندی یەکێتیش تۆمەتەکە ڕەتدەکاتەوە.

هاووڵاتی کەریم ساڵح، دانیشتووی گوندی دارتووی حاجی حارس، کە زەوییەکەی کەوتووەتە سنووری شارەوانی تاسلوجە وە، هەرچەندە بەڵێنی قەرەبووکردنەوی پێدراوە، بەڵام تا ئێستا قەرەبوو نەکراوەتەوە.ئەو هاووڵاتییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دوای دوو سێ جار سەردانمان بۆلای سەرۆکی شارەوانی تاسلوجە، تا بزانین بۆچی قەرەبوو ناکرێینەوە، سەرۆکی شارەوانی تاسڵوجە پێیگوتین مەڵبەندی 21 ی یەکێتی تەدەخولی کردووەو دەڵێت نابێت قەرەبوو بکرێنەوە چونکە پارتین".

بەڵام بەهرە حەمە سەعید، سەرۆکی شارەوانی تاسڵوجە ئەوەی ڕەتکردەوە کە وای گوتبێ و گوتی " ئەوە دوورە لەڕاستییەوە، ئێمە دەزگایەکی حکومین نەک حیزبی، من یاسا پەیڕەو دەکەم، هەرکەسێک بەیاسا داوای هەرچی لەئێمە بکات سەر بەهەر لایەنێک بێت جێبەجێی دەکەین".

هەر لەوبارەوە دلێر جەلال مەجید کارگێڕی بەشی پەیوەندییەکانی مەڵبەندی 21ی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە دەست ناخەینە ئیشوکاری هیچ شارەوانییەکەوەو، ئێستا ڕێککەوتنی ستراتیجیمان هەیە لەگەڵ پارتیدا چۆن دەبێت لەسەر زەوییەک ڕێککەوتنەکەمان تێکبدەین".

# کچێک لەسەر مۆبایل خۆی دەسووتێنێ

**ڕووداو-ڕانیە**

کچێکی تەمەن 14 ساڵان، دوای ئەوەی کەسوکاری لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل هەڕەشەی لێدەکەن، خۆی دەسووتێنێ و دواتر گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی 2008/5/15 کچێکی تەمەن 14 ساڵ بەنێوی (س.ح) کە دانیشتووی شارۆچکەی سەروچاوەی سەر بەقەزای ڕانیەیە، لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن کەسوکارەکەیەوە هەڕەشەی لێکرا، ئەویش لە ڕقان خۆی سووتاند و هەر هەمان ڕۆژ گیانی لەدەستدا.

سەرچاوەیەکی نزیک لەکەسوکاری ئەو کچە کە نەیویست ناوی بهێنرێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " خۆسووتاندنی ئەو کچە پەیوەندی بەکێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێو خێزانەکەیانەیان هەیەو، لەسەر بەکاربردنی مۆبایل فشاری زۆری خراوەتە سەر".

# 90 % ژ بەربوومێ جوتیارێن پارێزگەها دهوکێ هاتیە سۆتن

**ڕووداو- دهۆک**

ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاندنێ ل پارێزگەها دهوکێ دیار کر کو ژبەر هشکەسالیا ئەڤ سالە 90 % ژ بەرهەمێ جوتیاران ژ دەخل و جەهی جوتیاران ل سنوورێ پارێزگەها دهوکێ ناهێتە دروین و سۆتییە.

بەهجەت محەمەد یەحیا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاندنێ ل پارێزگەها دهوکێ بۆ ڕوژنامەیا (ڕووداو) دیار کر " ژ ڕوویبەرێ 452 هزار دونەمێن گەنمی ب تنێ دێ 40 هزار دونەم هێتە دروین و ژ ڕوییەرێ 146 هزار دونەمێن جەهی ب تنێ دێ 18 هزار هێتە دروین و ئەڤێ دی ژبەر کێمیا هاتنا باران دوەرزێ زڤستان و بهارێ دا یێ سوتی و جوتیار مفا ژێ وەرناگریت".

حکومەتا هەرێما کوردستانێ 6 ملیار و 800 ملیۆن دینار ژبۆی کێمکرنا زیانێن هشکەسالیێ ل پارێزگەها دهۆکێ تەرخانکرینە .

# بەرپرسێ پەیوەندیێن PKK : مە فڕۆکا سیخوری ئێخست

**ڕووداو- عەبدولا نهێلی**

ئەحمەد دەنیز بەرپرسێ پەیوەندیێن دەرڤەیێن PKK ئەو نوچە ڕەتکرن کو هندەک دەڤەرێن چیایێ گارە ژلایێ فروکێن ترکیا ڤە هاتبنە توپبارانکرن و گوت وان فرۆکەیەکا سیخوری ئێخستە خوارێ.

ئەحمەد دەنیز، د لێدوانەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت هەتا نوکە هیچ دەڤەرەک ل چیایێ گارە ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ نەهاتیە توبارانکرن و بتنێ فروکێن شەرکەر یێن ترکیا چەند چارەکان ل ئەسمانێ وان دەڤەران دۆر داینە، بەلێ هندەک دەڤەرێن سنورێ ناحیا سیدەکان و خواکورکێ ل 5/28 ژلایێ ترکیا ڤە هاتینە توپبارانکرن و ل چەند ڕوژێن بووری ل باکوورێ کوردستانێ 54 سەربازێن ترکی و 3 گەریلاییێن وان هاتینە کوشتن.

سەبارەت ئەو فرۆکا سیخوریکو ل 2008/5/21 کەفتە خار و ل هێزێن زێرەڤانیا هەرێما کوردستانێ ل دەڤەرا زاخۆ کەفتبووە خارێ، ئەحمەد دەنیز گۆت " ئەوێ فرۆکێ خۆ نزم دکر و ل جهێن PKK دگەریا ل چیایێ هیزلی دناڤ ئاخا باشوورێ کوردستانێ دا، هەڤالێن مە تەقە لێکرو ماوەیەکێ چوو پاشان کەفتە دناف ئاخا ترکیا دا".

ڕیپۆرتاژ



## خەسرۆ گۆران: هەر بەڵگەیەکیان لەسەرم هەیە با دەریبکەن

ڕووداو-موسڵ

◆ خەسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ ڕەتیکردەوە کە لەسەر کار لادرابێت و گوتی "هەر بەڵگەیەکی گەندەڵییان لەسەر من هەیە با دەریبکەن". خەسرۆ گۆران لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هەواڵانە پروپاگەندەیەکی داخ لەدڵانەن کە دەڵێن گوایە پارەی موسڵم داوەتە هەندێک قەزاو ناحیەی سەر بە هەرێمی کوردستان و لە پۆستەکەم لادراوم". لە بەیاننامەیەکیشدا گوتی هەموو ئەو دەزگایانەی ڕاگەیاندن دەداتە دادگا کە بەگەندەڵی و کوشتن تۆمەتباریان کردووە.

# ئایا پەرلەمان دەتوانێت حکومەت بانگ بکات؟



پەرلەمانتارانی کوردستان چەپڵە بۆ حکومەت لێدەدەن

(فۆتۆ: ڕووداو)



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**ڕووداو-هەولێر**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەڵێن پەرلەمان گەندەڵی زەقی حکومەتی لەبەردەستدایە، بەڵام بەهۆی تەوافوقی نێوان پارتی و یەکێتی ناتوانن باسی بکەن، لەبەرامبەریشدا بەرپرسێکی حکومەت دەڵێت "پەرلەمان بچووکترین گەندەڵی لەبەردەستدا نییە تاوەکو لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەتدا بکات".

ئەگەرچی پەرلەمان و کابینەی ئێستای حکومەت بە کاراترین پەرلەمان و کابینەی حکومەت دادەنرێن لەوەتە دروستبوونیانەوە لە ساڵی 1992، بەڵام پەرلەمان تائێستا نەیتوانیوە لێپرسینەوە لەگەڵ هیچ وەزیرێکی حکومەتدا بکات، لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان، پەرلەمان دەتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا بکات و لێپێچینەوەش لەبەرپرسێکی حکومەت بەهۆی ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پەیوەندیداری پەرلەمانەوە دەبێت کە زانیاری دروستی تێدابێت و پێشکێشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردبێت.

زانا روستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە، کە پەرلەمان تا ئێستا لێپرسینەوەی لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی حکومیدا نەکردووە و گوتیشی "ئەو وەزیرانەی بانگهێشتی پەرلەمان کراون بۆ گفتوگۆکردن بانگهێشت کراون نەک لێپرسینەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کابینەی پێنجەم کابینەیەکی تەوافوقییەو ناتوانرێت لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیردا بکرێ".

"با پەرلەمانتاران بچووکترین نموونە بێننەوە کە گەندەڵییەک هەبووە لەحکومەتدا و پەرلەمان بەدوایداچووە"

وەزیرێکی حکومەت

بەڵام سەعد خالید، کە ئەندامی حیزبی زەحمەتکێشانە و وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان، ڕەتیکردەوە تەوافوق ڕێگربێت لەبانگکردنی وەزیرو بەرپرسە حکومییەکان، بەڵکو پەنجەی کەمتەرخەمی بۆ پەرلەمانتاران درێژ دەکات و دەڵێت "ئەگەر لەوەزارەتێک گرفتێک یان گەندەڵییەک هەبێت دەبێت لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان بەدواداچونی بۆ بکات و گەندەڵییەکە بە وردی دیاری بکات، ئەوکات دەتوانێ وەزیری پەیوەندیدار بانگبکات و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوە".

سەعد خالید هەروەها گوتیشی "با پەرلەمانتاران بچووکترین نموونە بهێننەوەو بڵێن سەرپێچییەک یان گەندەڵییەک هەبووە لیژنەی پەیوەندیدار بەدوایداچووەو بەهۆی تەوافوقەوە نەتوانراوە وەزیر بانگ بکرێت"، ئەو وەزیرە زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێت "ئەگەر پەرلەمان کاری خۆی بکات دەتوانێ سەرۆکی حکومەتیش بانگ بکات و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات".

سەردار هەرکی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی پەرلەمانتاران نەیانتوانیوە گەندەڵییەکانی حکومەت دەستنیشان بکەن، لەهەمانکاتدا دەڵێت "گرفتی ئێمە لەوەدایە وەزیر بۆ میوانداری کردن و پرسیارلێکردنیش نایێت، خۆ ئێمە تائێستا نەمانوتووە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەین".

هەروەها ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، کە ناوهێنانی خۆی بەباش نەزانی پێیوایە ئەستەمە پەرلەمان بتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ حکومەت بکات "سیاسەتێک هەیە لەنێو پەرلەماندا ئەویش ڕاگرتنی ڕەوشەکەیەو هەوڵدانە بۆ دروستنەکردنی گرفت لەنێوان یەکێتی و پارتیدا، بۆیە تائێستا لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی حکومەتدا نەکراوە".

لەقسەی پەرلەمانتارانی کوردستان دەردەکەوێت ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی هۆکارێکە بۆ ئەوەی پەرلەمان نەتوانێ یەکێک لە ئەرکە ڕاستەقینەکانی خۆی بەجێ بهێنێ، کە ئەویش لێپرسینەوەیە لەحکومەت، هەرچەندە سەرۆکی حکومەت لەچەند کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاندووە کە زۆری پێخۆشە پەرلەمان ئەرکی خۆی لە چاودێری کردنی حکومەتدا بەجێبگەیێنێ.

سۆزان شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات کە پەرلەمانتاران چەندین گەندەڵی زەقیان لەبەردەستتدایە "بەڵام نامانەوێت ئەم تاقیکردنەوەیەی کوردستان شکستبێنێت و شەڕی ناوخۆر دووبارە ببێتەوە، چونکە ئێستا کاری ئێمە تەنیا لەسەر ئاستی کوردستاندا نییەو لەسەر ئاستی عێراقیشدا کارمان هەیە، ئەگەر حکومەت پێیوایە ئێمە گەندەڵیمان دەستنەکەوتووە، وانییە و زۆر لەو شتانەی ئەوان باسی دەکەن لەوانەیە دەست ئێمە کەوتبێت، بەڵام کە نەمان کردبێتە جێی قسە لەسەر کردن لەبەر ڕاگرتنی باردۆخەکە بووە، وا لێپێچینەوەشت لەگەڵ کرد ئەگەر وەزیرەکەش لادرا، بەڵام کە ڕەوشەکەت شێواند، کامە لەبەرژەوەندی هاووڵاتیانە، ئارامی ناوچەکە یان ئەو لێپێچینەوەیە؟".

سەبارەت بەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، ئایا ڕێگرە لەدروستبوونی ئەو لێپێچینەوەیە لەلایەن پەرلەمانەوە، سۆزان شەهاب دەڵێ "بەدڵنیاییەوە، گرژی دروست دەبێت لەنێوان هەموو حیزبەکاندا، حکومەت ئازادە چی دەڵێت، گەندەڵی زۆر زەق هەیە و زۆریش دیارە، ئەوەی دەڵێت پەرلەمانتاران نەیانتوانیوە گەندەڵییەک بدۆزنەوە ئەوە کەسێکە دیارە زۆر متمانەی بەخۆیەتی و گەندەڵی نەکردووەو مافی خۆشییەتی، ڕاپۆرتەکانی ئەو ڕێکخراوانەی چاودێری ڕەوشی هەرێمی کوردستان دەکەن باس لەوە دەکەن گەندەڵی هەیەو ئێمەش ئەوانە بەدرۆ ناخەینەوە".

ئەوەی ڕێگربووە لەوەی پەرلەمانتاران نەتوانن لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا بکەن، ڕێککەوتنە یان کەمتەرخەمی پەرلەمانە بۆ بەدواداچون و دۆزینەوەی گەندەڵییەکان؟، ئەگەر پەرلەمانتارانیش توانای بەدواداچونیان نییە بۆ دۆزینەوەی گەندەڵییەکان خۆ ڕۆژنامەکان لەماوەی ڕابردوودا چەندین گەندەڵیان خستووەتەڕوو.

سەردار هەرکی، دەڵێت" ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین بتوانین لێپێچینەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا بکەین، تەنانەت ئەگەر بێت و حکومەتەکەش هاوپەیمانی بێت،ئەگەر دیکۆمێنتێکی بەرچاومان دەست کەوت لەسەر هەر کەسێک لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەین".

لەبارەی ئەو گەندەڵیانەش کە لەماوەی ڕابردوودا لەڕۆژنامەکانەوە خراونەتەڕوو، سەردار هەرکی دەڵێت"ئەوەی تائێستا لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە بەڵگەنامەیەکی فەرمیم لێ نەخوێندووەتەوە، تاوەکو بتوانین لەڕێگایەوە بەدواداچوون بکەین".

ڕۆژی 2008/5/7 دوو ساڵ بە دروستبوونی کابینەی پێنجەمی حکومەتدا تێپەڕی، وێڕای ئەوەی زانا رووستایی دەڵێت"حکومەت کەمتر لە 50% ئەو بەرنامەی جێبەجێکردووە کە لەسەرتایی پێکهێنانی کابینەی پێنجدا پێشکێش کرد"، بەڵام پەرلەمان هیچ بەرنامەیەکی نییە لەوبارەوە لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەتدا بکات.

زانا روستایی دەڵێت"بەرنامەی کاری حکومەت لەپەرلەمان گفتوگۆی لێوەنەکراو، سەرۆکی حکومەت بەرپرسیاریەتێکی یاسایی خستە ئەستۆی خۆی و حکومەتەکەی ئەو بەرپرسیارییەتییەش بەرپرسیاریەتییەکی گرانبوو لەدوای دوو ئیدارەییەوەو کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ڕێکخستنی، بۆیە ئەگەر نەشیان توانیبێت 50% بەرنامەکانی جێبەجێبکەن شتێکی

"گەندەڵی زۆر زەقمان لەبەردەستدایە، بەڵام نامانەوێت بارودۆخەکە شکست بێنێت"

ئەندام پەرلەمانێک

ئاساییەو پێشموایە نەیانتوانیوە 50% بەرنامەکانیان جێبەجێبکەن".

سەعد خالید، ئەوە بۆ (ڕووداو) دەخاتەڕوو کە هیچ بەرنامەیەک نییە لەپەرلەماندا بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی حکومەت بانگ بکرێتە پەرلەمان، لەکاتێکدا دەڵێت" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەمیشە ڕێنمایی ئەوەی بەوەزیرەکان داوە، کە هەر کاتێک پەرلەمان ئاگاداری کردن بۆ پرسیار کردن و گفتوگۆکردن پێویستە ئامادەبن و خۆشی وتوویەتی هەرکاتێک پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بانگی بکات بۆ گفتوگۆو پرسیارکردن ئەو ئامادەیەو بەکارێکی سروشتی دەزانێت".



کامێرایەکی چاودێری لە شاری سلێمانی (فۆتۆ: ڕووداو)

### کۆمپانیایەکی ئەمنی بیانی کامێرای چاودێریکردن لە سلێمانی دادەنێت

# ناوشاری سلێمانی بە 72 کامێرا چاودێری دەکرێ

**ڕووداو . سلێمانی**

بەپێی گرێبەستێک، کۆمپانیایەکی ئەمنی بیانی کە تایبەتە بەدامەزراندن و ڕێکخستنی کامێرای چاودێریکردن لەڕێگەی سیستمی ڤیدیۆییەوە، 72 کامێرای چاودێریکردنی لەناوشاری سلێمانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی داناون.

بەپێی گرێبەستێکی 700هەزار دۆلاری لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتیی لەسلێمانی و کۆمپانیا ئەمنیەکە، چەند کامێرایەکی چاودێریکردن لەناو شوێنە سەرەکی و گشتییەکانی شاری سلێمانیدا داناوەو ئاسایشی سلێمانیش سەرپەرشتی و چاودێری دەکات.

بەپێی زانیارییەکان هەموو کامێراکان لەڕێگەی سیستەمێکی تایبەتەوە پەیوەستکراون و لەناو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانیدا ژوورێک و چەند کارمەندێکی بۆ تەرخانکراوە کە 24 کاتژمێر بەو کامێرانە چاودێری جوڵەی ناوشار دەکەن.

عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کامێراکان لەسەر خواستی ئەوان دانراون، بەمەبەستی چاودێریکردنی وردی شەقام و شوێنە سەرەکییەکان.

هەروەها گوتیشی "بەنیازین ژمارەیەکی زیاتر لەو کامێرایانە دابنێین، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوی جوڵەی شەقام و شوێنە سەرەکییەکان بکەین".

هەرچەندە ئاسایش دەڵێ مەبەستیان لەدانانی ئەو کامێرانە تەنیا چاودێریکردنی باری ئەمنی شارەکەیە، بەڵام هاووڵاتیان دوودڵن لەدانانی ئەو کامێرانە و ترسی ئەوەیان هەیە بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێندرێن.

کاوە مستەفا، کە مامۆستای خوێندنگەیەکی دواناوەندییە لەسلێمانی، دانانی کامێرای چاودێریکردنی بەباش زانی، بەڵام بەمەرجێک "ئەگەر بۆ مەبەستی شەخسی بەکار نەهێندرێن". هەروەها هیوای خواست کە ئازادی خەڵک بەهۆی ئەو کامیرایانە پێشێل نەکرێ و "خەڵکی نەخەنە ژێر چاودێریەوە".

وەستا حەسەن، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی ڕەتیکردەوە ئەوان مەبەستی تایبەتیان هەبێ لەدانانی ئەو کامێرانە و گوتی "تەنیا بۆ چاودێریکردنی جموجوڵی شەقام و شوێنە سەرەکییەکان دامانناون، بۆ ئەگەری ڕوودانی هەر حاڵەتێکی لەناکاو کە ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی".

بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی ئەوەشی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە چەند کەسێکیان بە"نهێنی" بۆ چاودێریکردن و پاراستنی کامێراکان داناوە.

بەپێی گرێبەستەکەی ئاسایش لەگەڵ کۆمپانیاکەدا، کۆمپانیاکە ئەرکی ڕاهێنانی کارمەندەکان و چاککردنەوەی کامێراکانی لەئەستۆدایە، لەبەرامبەر ئەمەشدا بڕە پارەیەک وەردەگرێت، کە بەڕێوەبەری ئاسایش نەیتوانی ئاشکرای بکات.

هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، کامێراکان لەڕێگەی ڕاگرێکی تایبەت و کارەبایەکی 24 کاتژمێرییەوە لەشوێنەکان دانراون، کە توانای سووڕانی هەیە بەپلەی 180 گۆشە و توانای زوومکردنیان تا ئاستێکی زۆرە.

AMNESTY INTERNATIONAL

**تاپێش لەسێدارەدان نەیانزانیوە لەسێدارە دەدرێن**

ڕووداو - ئاژانسەکان

◆ بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی 2007ی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، لەسێدارەدان لە سعودیەش ڕووی لەزیادبوون کردووەو بەشی زۆری لەسێدارەدراوەکانیش ئەو کرێکارە هەژارانە بوونە کە لە ئەفریقیاو ئاسیاوە بۆ کارکردن ڕوویان لەو وڵاتە کردووە. ڕاپۆرتەکە دەڵێت "ئەو کرێکارانە بەزمانێک دادگایی کراون کە زمانی خۆیان نەبووەو هیچ تێنەگەیشتوون، هەندێکیان ماوەیەکی کورت پێش لەسێدارەدانیان ئینجا زانیویانە کە لەسێدارە دەدرێن".

## جوست هیلتەرمان، لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان:

# ماوەیەکی دەوێ تا کورد تێدەگەن ناتوانن لە عێراقی ئەمڕۆدا زۆر لە ئامانجەکانیان بەدەستبێنن

**جوست هیلتەرمان، جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقای گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکانە، کە ڕێکخراوێکی ناحکومیی تایبەت بە ڕێگە گرتن و قەلاچۆکردنی کێشەو ململانێکانە، دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتییەکی زیاتری تورکیا دەدات لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، ئەگەر بگەنە ڕێککەوتنێک لەبارەی کەرکوک، ئەمەش لە قازانجی هەردوولادایە.**

**لەو دیمانەیەدا هیلتەرمان دەپرسێت "کوردەکانی عێراق دەیانەوێت کەرکوک وەربگرنەوە، دەشزانن کلۆسپی سەرەکی سەر ڕێگەیان تورکیایە، کەواتە بۆچی کوردەکان یارمەتی تورکیا بدەن ولەسەر سینیەک پەکەکە ڕادەستی تورکیا بکەن؟".**

**ئەو دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لەبەر سەرچاوە نەوتییەکەی و گرنگیی مێژووییەکەی کەرکوک وەربگرێت ودەخوازێت گەشە بە سەرچاوە نەوتییەکانی خۆی بدات لەوێ، بەڵام ڕێکنەکەوتنی کوردو حکومەتی ناوەندیی لەسەر مافی کوردان لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی خۆیان، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانەوەی کەرکوکدا. هیلتەرمان ڕوونیکردەوە "ئەگەری ئەوە هەیە ڕێککەوتنێک بکرێت و بەهۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەبێت خۆی کێڵگە نەوتییەکان بەکار بێنێت و پەرەیان پێبدات، لەبەرامبەر ئەوەشدا عێراق کەرکوک ناخاتە سەر هەرێمی کوردستان، لەوانەشە ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و دەسەڵاتیش تێیدا بەپێی ڕێککەوتن دابەش بکرێت".**

**بەپێی قسەو بۆچوونی هیلتەرمان وەک بەشێک لەو ڕێککەوتنە، ئیدارەی کوردی ڕێگە لە ئازادی کاروچالاکییەکانی پ ک ک دەگرێت. " جائەگەر تورکیا لێبووردنی دەرکرد بۆ بەرپرسانی پلە ناوەڕاست و خوارەوەی پ ک ک، ڕێگەشیدا ئاوارەکانی کەمپی مەخموور بەسەلامەتی بگەڕێنەوە تورکیا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چاودێری بەرپرسە باڵاکانی پ ک ک دەکا وچەکیان دەکات، بێگومان بەوشێوەیە چیتر چالاکی سیاسیان نامێنێت".**

**هیلتەرمان پێیوایە ئەوە دەتوانێت خزمەت بە هەموو لایەک بکات چونکە تورکیا دەتوانێت یارمەتی باکووری عێراق بدات کە لە هەرچوار لاوە داخراوە، بۆئەوەی گەشە بە سەرچاوە نەوتییەکانی خۆی بدات و نەوتەکەشی ڕەوانەی دەرەوە بکات،" تورکیا پێویست ناکات لە سەربەخۆیی کوردستان بترسێت، هەروەها کوردەکانیش پێویست ناکات لە بەهێزیی حکومەتی ناوەندیی عێراق بترسن لەبەرئەوەی ئەوان گرەنتییەکی نێودەوڵەتییان دەبێت ئەگەر ڕێککەوتنێکی بەوشێوەیە بێتەدی".**

**زەمان تودەی: ئایا تائێستاش باکووری عێراق سەقامگیرترین ناوچەیە؟**

**هیلتەرمان:** بەڵێ تا ئاستێکی زۆر سەقامگیرە. لەوەتەی ساڵی 2003 و تەنانەت بەر لەوەش لەساڵی 1991 ەوە کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەقامگیر بووە بۆ خەڵکەکەی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە تەقینەوە لەوێ ڕوونادات، بەڵکو ڕوودەدات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق بەراورد ناکرێت.

**زەمان تودەی: بارودۆخی کەرکوک چۆنە؟**

**هیلتەرمان:** بارودۆخی کەرکوک زۆر ئاڵۆزو دژوار بووە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو توندو تیژییەی لە بەغدا هەیە. ڕەوشەکە لەوانەیە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بێت، نەوتێکی زۆر لە خاکەکەیدا هەیە،کۆمەڵێکی تێکەڵ لە نەتەوەی جیاواز لەوێ دەژین، بێگومان لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە هەوڵدەدرێت بگەڕێندرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. پارتە کوردییەکان و زۆربەی نەتەوەکانی دیکەی کەرکوک تا ئێستا پەنایان بۆ توندوتیژی نەبردووە .زۆربەی توندوتیژییەکانی کەرکوک، لەلایەن قاعیدەی عێراق و هەندێک گرووپی دیکەی توندڕەو ئەنجامدەدرێن. ئێستا ئێمە چاوەڕوانی UN دەکەین کە دەسپێشخەرییەکی نوێ بکات تاشوێنی پرۆسەی ماددەی 140 ی دەستوور بگرێتەوە، کە پێویست بوو لە کۆتایی دیسەمبەری 2007 ریفراندۆم بکرێت، بەڵام نەکرا.

**زەمان تودەی: ریفراندۆمەکە تاکو 2008/6/30 دواخراوە، لەو بڕوایەدای دواتر جێبەجێبکرێت؟**

**هیلتەرمان:** زۆر دوورە ئەوە ڕوویدات و سەرکردە کوردەکانیش باش دەزانن کە ئەو مادەیە تا 2008/6/30 جێبەجێناکرێت. بۆیە دەسپێشخەری نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر گرنگە، چونکە پێویستە دەسپێشخەرییەکە هەموو لایەک ڕازیبکات، بە کوردەکانیشەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشەوە چوون لە چارەسەرکردنی ئەو ناوچانەی مشتومڕیان لەسەرە.

**زەمان تودەی: کۆمەڵێک بڕگەو داواکاری دەستووری جێبەجێنەکراون، بە سەرژمێرییەکەشەوە. ئایا هیچ هۆکارێک هەیە ئومێدی ئەوەمان پێبدات ئەو بڕگەو داواکاریانە جێبەجێدەکرێن؟ دوای هەموو ئەوانەش، ئایا کوردەکان بانگەشەی ئەوە ناکەن کەرکوک شارێکی ئەوانە؟**

**هیلتەرمان:** بەڵێ، کورد داوای کەرکوک دەکەن وبەهی خۆیانی دەزانن، لەڕابردووشدا هیوای ئەوەیان خواستووە کە بەپێی ماددەی 140ی دەستوور شاری کەرکوک بچێتە سەر هەرێمی کوردستان. بۆ کوردەکان دوو مەسەلە گرنگن: یەکەم، بارودۆخی کەرکوک دەوەستێتە سەر خواست وئارەزووی خەڵکەکەی، دووەم پابەندبوون بە چوارچێوەکانی دەستوور، بەڵام ماددەی 140ی دەستوور زۆر ڕوون نییە لەوەی کە دەبێت چی بکرێت. ئەو ماددەیە تەنیا دەڵێت پێویستە بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە بارودۆخەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ دۆخی پێش ئەنجامدانی بەعەرەبکردن لەساڵی 1967، کاتێک حیزبی بەعس هاتە سەر دەسەڵات. لە دەستووردا هیچ شتێک نییە بڵێت بەر لە ریفراندۆم نابێت گفتوگۆو دانوستان لەبارەی کەرکوکەوە بکرێت و ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان لەبەرچاوبگیرێت. بۆیە ئەوەی ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەوێت بیکات ئەوەیە کە بەدوای ئەو خاڵانەدا بگەڕێت کە هەموو لایەک پێی ڕازیبن، بەو جۆرەش بنەمایەک دێتە کایەوە بۆ گفتوگۆ و دانوستان. ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی زۆرینەی خواستەکانی هەموو لایەک بێنێتەدی، دیارە ئەمەش گونجاوو لەتوانادا نییە،چونکە لایەنەکان لە پێکدادانداان، بەڵام لەوانەیە ببێتە هۆی بەدیهێنانی کەمترین خواستی هەموو لایەنەکان.

**زەمان تودەی:واتە کوردەکان پێیانوایە کەرکوک هی ئەوانە، بەڵام ئەمریکا پشتگیرییەکی زۆریان ناکات بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2003، ئەوە ڕاستە؟**

**هیلتەرمان:** لەچەند دەیەی ڕابردوودا کورد بەهێز لە شاری کەرکوک دەرکراون، ئێستا دەرفەتی بەدەستهێنانەوەیان هەیە لەبەرئەوەی لە بەغدا دەسەڵاتیان هەیە. تا ئەوکاتەی دەزانن دەرفەتیان هەیە، کورد هەر فشار دەبەن. پەنجەرەی دەرفەتەکانیان یەکەمجار لە ساڵی 1991 ەوە کرایەوەو دواتریش لە 2003 پەنجەرەو دەروازەکە بە فراوانی کرایەوە، بەڵام دەرفەتەکان خەریکە بە ڕووی کورد دادەخرێن، چونکە ئەمریکاییەکان کە پشتگیری کوردیان دەکرد دەستیانکرد بەپێداچوونەوەی دەسەڵات دابەشکردن لە عێراقدا چونکە هەستیانکرد شتەکان لە کۆنترۆڵ دەردەچن. تاکە ڕێگەش بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیریی بارودۆخەکە لەکاتی یاخیبوون وتووندوتیژییەکان بریتی بوو لە پەیوەندیبەستن لەگەڵ عەرەبە سوننەکان، ئەوەبوو پاشان ئەنجوومەنی سەحوەیان دامەرزاند.

ئەوە مانای ئەوەبوو کە کوردەکان و پارتە ئیسلامییە شیعەکان هەنگاوێک گەڕانەوە دواوەو دەستیان بەدانوستاندن کرد. ئێستا ئێمە لەو قۆناخەداین. هەندێک کات پێویستە تاوەکو پارتە کوردییەکان و گەلی کورد هەست بەوە دەکەن کە ناتوانن لەعیراقی ئەمڕۆدا زۆربەی ئامانجەکانیان بەدەستبێنن. کەئەوەش هاتەدی، ئیدی دەتوانین بگەینە ڕێککەوتن.

**زەمان تودەی: لەکاتێکدا کاریگەریی کوردەکان لە عێراق زیاتر دەبێت، ئایا مەرامی زیاتریان نییە؟**

**هیلتەرمان:** جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی پارتێکی چەکداری کوردی بوو ئێستا سەرۆکی عێراقە. هیچ گومان لەوەدانییە کە کورد دەسەڵات و کاریگەریی خۆیان لە عێراق فراوانتر کردووە، بەڵام کورد هیچ ئارەزوویێکیان لە بەڕێوەبردنی عێراق نییە، بەڵکو ئارەزوویان لە سەربەخۆیی کوردستانە. ئەوەی ئەوان ئێستا کاری بۆ دەکەن ئەوەیە کە دەیانەوێ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان فراوانتر بکەن و خۆشیان بەهێزتربکەن. بێگومان، لە هەرێمەکەی ئەوان سەرچاوەی سروشتی، بەتایبەتی نەوت و گازو ئاو هەیە. ئەوە زۆر گرنگە بۆ کوردەکان چونکە ئەوان لە ساڵانی ڕابردوودا ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی وقەسابخانە بوونەتەوە لەسەر دەستی حکومەتی ناوەندیی عێراق، بۆیە نایانەوێت جارێکی دیکە ئەوە ڕووبداتەوە.

**زەمان تودەی: تورکیا چۆن سەیری ئەو دیدوبۆچوونەی کورد دەکاو کێشەونیگەرانییەکانی سەربەخۆبوونی کورد لە چیدایە؟**

**هیلتەرمان:** ئەوەی زۆر بۆ تورکیا گرنگە یەکگرتوویی سنوورەکانی عێراقە. ئەگەر عێراق لەبەر یەکهەڵبوەشێتەوە یان تورکیا نەیتوانی ڕێگە لە لێکهەڵوەشانەوەی عێراق بگرێت، ئەوکاتە لەوانەیە تورکیا حەزبکات کوردستانی عێراق سەقامگیر بێت کە وەکو دیوارو ڕێگرێک دەبێت لەنێوان تورکیا و ناوچە پڕ لە ئاژاوەکانی عێراق. لەو حاڵەتەدا، پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ

## خەریکە دەرفەتەکان لە دەست کورد دەچن

کوردستانی عێراق لە ڕووی ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەوە لە بەرژەوەندیی تورکیا دەبێت، هەردوولا، سەرکردایەتی تورکی و سەرکردایەتی کوردی بڕوایەکی بەهێزیان بە سکیولاریزم (علمانی) هەیە. هەردوولا دەزانن کە پێویستیان بە یەکتر هەیە، دیارە ئەگەر کەرکووکیش نەگەڕێتەوە سەر کوردستان، کوردستانی عێراق نەوتی خۆی هەر هەیە. تورکیا حەزدەکات ئەو نەوتە لەژێر زەوی دەربهێندرێت و ڕەوانەی بەندەری جیهان بکرێت.

**زەمان تودەی: لە ڕوانگەی کوردەوە سوودەکان چین؟**

**هیلتەرمان:** هەرێمی کوردستان لەهەرچوار لاوە خاکێکی داخراوە و تاهەتایە دەبێ پشت بە دراوسێکانی ببەستێت. تورکیا سەرەکیترین وڵات بووە بۆ ترانزێتی کەلوپەلەکان بۆ هەرێمی کوردستان. مەودایەک هەیە بۆ پەیوەندی باش، بەڵام تاکە شت کە دژی ئەو پەیوەندییە بێت شۆڤینیزمی هەردوو لایە، شۆڤینیزمی تورکی و شۆڤینیزمی کوردی، ئەوەش مایەی نیگەرانییە. ئەگەر ئێمە بتوانین بەردەوام بین لە هاندانی گەشەسەندنەکان لە کوردستانی عێراق وهاندانی گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو کوردستانی عێراق، ئەوا دەتوانین بەسەر ئەو فاکتەرە

## چاوەڕوانی دەستپێشخەرییەنوێیەکەی UN ین تاشوێنی ماددەی 140 بگرێتەوە

سایکۆلۆجییانەدازاڵبین.

**زەمان تودەی: بەڵام PKKش بوونی لە باکووری عێراقدا هەیە، پێتوایە شۆڤینیزم لەپشت توندوتیژییەکانی پەکەکەوەیە؟**

**هیلتەرمان:**تورکیا پرسێکی لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا هەیە، پێویستە ئەو مەسەلەیەش بخرێتە بەر قسەو گفتوگۆ. لەبەرئەوەی من شارەزای کاروباری تورکیا نیم، بۆیە ناچمە ناو ئەو باسەوە، بەڵام PKK نیشانەیەکە بۆ بوونی مەسەلەیەک لە تورکیا. تا ئەو ڕادەیەی کە PKK لە کوردستانی عێراق بوونی هەیە، بووەتە مەسەلەیەکیش بۆ عێراق. هەروەها بووە بە کێشەیەکیش بۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عیراق، تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام دەتوانرێ ئەوە چارەسەر بکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەک پشتگیری لە PKK دەکات، ئەوەش نەک لەبەرئەوەی حەز لە PKK دەکات بەڵکو لەبەرئەوەی بە کارتێکی فشاری دەزانێت. بۆ تورکیا، بوونی PKK لە باکووری عێراق پرسێکی زۆر گرنگە و تورکیا دەیەوێت ئەو مەسەلەیە بەهۆی دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات بۆئەوەی دژی PKK هەنگاو بنێت،هەروەها لەڕێگای سەربازییشەوە، هەرچەندە ئەوەیان زۆر کاریگەر نییە. ئێستا من زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم یەکەمین کۆبوونەوە لەسەر ئاستێکی باڵا لەنێوان حکومەتی تورکیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادایە.

**زەمان تودەی: دوابەدوای تۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی سەدام حوسێن، لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ساڵی 2003 نووسیبووت، هۆشداری ئەوەتدابوو کە مەترسییەکی گەورەی توندوتیژی لە کەرکوک لەنێوان کوردو تورک دروست دەبێت. پێتوایە چۆن توانرا ئەو کارەساتە دووربخرێتەوە؟**

**هیلتەرمان:** یەک شت کە بووە هۆی دوورخستنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کراوە، بڕیارەکەی 1 ی ئاداری 2003 ی پەرلەمانی تورکیا بوو کە مافی ترانزێتی بە هێزەکانی ئەمریکا نەدا. چونکە ئەوە دەرفەتی بە هێزەکانی تورکیا دەدا هاوشان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا بچێتە باکووری عێراق، بەو شێوەیەش ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بەرەنگاری پارتە کوردییەکان و میلیشیاکانیان دەبوونەوە. من نازانم ئەوە چۆن چارەسەر دەکرا. لەوانەیە ئەوە ببوایە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی تەواو جیاواز لەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لەکەرکووک. ئێستا پرسەکە ئەوەیە چۆن کێشەکانی داهاتوو چارەسەر بکرێن و لە ماوەیەکی دوورمەودادا کێشەو ململانێکان دوور بخرێنەوە. چونکە تا ئەو کاتەی پێکدادان لە کەرکووک ببینین لەنێوان نەک دوو، بەڵکو سێ نەتەوەی کوردو عەرەب و تورک، هێشتا مەودایەکی گەورە بۆ کێشە ململانێی هەیە.

**زەمان تودەی: ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ سەرنج یا نیگەرانییەکی هەیە سەبارەت بە بارودۆخی تورکمانەکان کە ڕووبەڕووی مامەڵەیەکی نادادپەروەرانە بوونەتەوە؟**

**هیلتەرمان:**نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەوێت چارەسەرێک بدۆزێتەوە بۆ بارودۆخی کەرکووک کە ناکۆکی وکێشەی لەسەرە و دەیەوێ کورد و عەرەب و تورکمانەکان بپارێزێت، بەوشێوەیە دەتوانن بەئاشتی پێکەوە بژین. بەر لەساڵی 2003 حکومەتی عێراق تەنانەت تورکمانەکانیشی لەکەرکووک دەردەکرد، دەستی بەسەر ماڵ و موڵکەکانیاندا دادەگرت و لەکاتی سەرژمێری گشتیدا بە عەرەب تۆماری دەکردن. بۆیە تورکمانەکان شایەنی پارێزگاری لێکردنن لەشاری کەرکووک.

✻ ئەمیر ئیسماعیل لە Today's Zamanی ڕۆژی 2008/5/26 ەوە کردوویەتییە کوردی.



### جوست ئار هیلتەرمان

- جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان (International Crisis Group (ICG ە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا،کە ڕێکخراوێکی ناحکومی تایبەتمەندە بۆ ڕێگەگرتن لە ململانێکان و بنکەی سەرەکیشی لە برۆکسلە.
- لە ساڵی 1994زەمان تودەی: 2002 بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بەشی چەکداری سەر بە ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە واشنتن بووە. پێش ئەوەش، ڕاوێژکاری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەلەتیشەوە کە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان لە عێراق، ئێران، ئیسرائیل، فەلەستین و لوبنان ئەنجامدەدا.
- دکتۆرای لەکۆمەڵناسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا و سانتاکۆز وەرگرتووە.
- نووسەری کتێبی (پەیوەندییەکی ژەهراوی:ئەمریکا، عێراق و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە)ە کە ساڵی ڕابردوو چاپکرا.

# کوردانی فەیلی متمانە بە حکومەتی عێراق ناکەن

**ڤیڤیان تان**
**کەمپی جەهروم -ئێران**

نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر بە هەزاران کوردی فەیلی بەبیانووی عێراقی نەبوون، لەعێراق دەرکران، دوای چەند سەدەیەک مانەوە لەئێران، پێدەچێ ئێستا چانسێکیان بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق و بەدەستهێنانەوەی وەڵاتینامەی" ڕەگەزنامە" عێراقیی بۆ هەڵکەوتبێتەوە، بەڵام هێشتاش هەموویان نەگەیەشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە باشتر وایە بگەڕێنەوە.

جاسم فەیلی کە نوێنەری کوردە فەیلییەکانی کەمپی جەهرومی ئوستانی فارسە دەڵێت" ئێمە وەک سەهۆڵ خراینە بەردەم خۆر تا بتوێینەوە، هەموو کەسێک دەزانێت ئێمە زوڵم وستەممان لێکراوە، کەچی دنیا هیچ بایەخ بە کێشەو ئازاری ئێمە نادات".

کوردە فەیلییەکان دەڵێن ئەوان بەڕەسەن خەڵکی زنجیرە چیای زاگرۆسن لەئێران، کەدەکەوێتە ڕۆژئاوای کوردستان،بۆچەندین سەدە لە هەردوو بەشی کوردستانی ئێران وکوردستانی عێراق، نزیک ناوچە سنوورییەکانی خوزستان ورۆژاوای عێراق ژیاون . بەپێچەوانەی کوردە سوننیەکانی کوردستانی عێراق، کوردە فەیلییەکان شیعەن . خزم وکەسوکاری چەندین نەوە پێش ئێستای کوردە فەیلییەکان بەرەو عێراق کۆچیانکردووە ولەوێ ژیانێکی سەرکەوتوویان پێکەوەناوە.

بەڵام لەحەفتاکاندا لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی سەدام حوسێن دا، بەئێرانی تۆمەتبارکران وناسنامەی عێراقییان لێسەنرایەوەو لە وڵات دەرکران، ئەم شاڵاوی دەرکردنە لەهەشتاکانیش لەکاتی شەڕی عێراق-ئێران بەردەوامبوو، بەمجۆرە فەیلییەکان بوونە بێ ناسنامە ودەوڵەت وله مافەکانیان بێ بەشکران.چەند هەزار کوردێکی فەیلی لە ئێران لەسنووری نێوان ئیلام وئەهوازدا دەژین، هەروەها هەندێکیان کەوتوونەتە کەمپی جەهروم کەکەمپی دەستغەیبیشی پێدەڵێن.

نزیکەی 750 کوردی فەیلی لەئیلام توانیویانە پاش هەوڵدانێکی سەخت ودرێژ وەڵاتینامەی ئێرانی وەدەستبێنن. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن ژمارەی کوردە فەیلییەکان لە ئێران بەرەو کەمبوون دەڕوات، چونکە زۆریان گەڕانەوە بۆ عێراق، ئێستا ژمارەیان لەئێران بە نزیکەی 7000 مەزەندە دەکرێت.

بەڕێوەبەری کەمپی جەهروم غولامرەزا قەسبەریان لەبارەی کێشەو گرفتەکانیانەوە دەڵێ " وەختێک کوردە فەیلییەکان دەگەڕێنەوە عێراق خەڵک پێیاندەڵێ ئێوە ئێرانین، لێرەش پێماندەڵێن ئێوە عێراقین وپێویستە بگەڕێنەوە، لەعێراق کۆمەڵێک کێشە هەیە وەک نەبوونی ئاسایش ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەوەی فەیلییەکان ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوە دەژین بۆیە هیچ پیوەندییەکیان لەگەڵ ئەوێ نەماوەو لەوێ کاریان دەستناکەوێ وخانووشیان نییە کەبچنەوە ناوی".

لەساڵی 2005 دەستووری عێراق بڕیایدا ناسنامەو ماف وکەلوپەلی ئەوانە بگێردرێتەوە کەلەسەردەمی سەدام حوسێن لێیان سەنرابوو، پێدەچێ ئەمە چارەسەرێکی قانوونی بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردانی فەیلی، بەڵام هەمووشیان گەشبین نین . جاسم فەیلی دەڵێ" ئێمە لەدەست ڕژێمی سەدام حوسێن ڕزگارمان بوو کە ئێمەی فڕێدەدایە ناو مەلەوانگەی گازی ئەسید، بەڵام ناکرێت ڕابردوو لە ئێستا دابب‌ڕین، هیچ متمانەیەک لەنێوان ئێمەو حکومەتی عێراقدا نییە، جا نوێ بێت یان کۆن، بەهۆی کێشەی سیاسی وتایفەگەری وئاسایشەوە ناتوانین بگەڕێینەوە" . ئەو دەڵێ هەندێ لەهاوڕێکانی تەنیا بۆ بەدەستهێنانەوەی ناسنامە گەڕاونەتەوە، بەڵام کارتی ناسنامەکانمان ڕەنگی جیاوازە لە ناسنامەی ئاسایی عێراقی ئەمەش جیاکارییە، لەهەندێ پارێزگەی وەک واست ومیسان وکەربلا پرۆسەی وەرگرتنی ناسنامە زۆر سەخت ودرێژخایەنە .

بەبێ بوونی ناسنامەی نیشتمانی، کوردی فەیلی لە زۆرمافی بنەڕەتی بێبەش دەبن وەک خوێندن وتەندروستی وکاردەستکەوتن، ئەمە جگەلەوەی ناتوانن بە ئازادیش هاتوچۆبکەن.

بەپێی داخوازی کوردەفەیلییەکانی کەمپی جەهروم، نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی سێیەم تاکە چارەسەری کێشەکانیانە، جاسم فەیلی دەڵێت" ئێمە بۆ ئەوە داوای نیشتەجێبوون لەوڵاتی سێیەم ناکەین چونکە ئێمە خەڵکی وڵاتێکی هەژارین، ئاشکرایە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە لەنەوتدا،بەڵام ئێمە بە دوای ئاسایش وسەقامگیری منداڵەکانماندا دەگەڕێین، تا ئێستا چەندین باڵوێزخانە هاتوونەتە ئێرەو بەڵێنی هاوکاریکردنیان پێداوین،کەچی ئەوە بیست وهەشت ساڵە ئێمە هەر لێرەین".

لە UNHCR. ORG ەوە

# کوردستانی



## کەمانگەر بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو

رووداو-تەهران

◆ هەفتەی رابردوو دادگەیەکی ئێرانی بەتۆمەتی ئەندامبوون لە "گرووپێکی تیرۆریستی" و ئەنجامدانی تاوانی گەورە بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەر مامۆستای کورد، فەرزاد کەمانگەر دا سەپاند. بنەماڵەی کەمانگەر داوای پێداچوونەوەیان بە بڕیارەکەدا کردووە و ئێستا کەیسەکە لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەدایە.

گوڵتەن کشەنەک، نوێنەری شاری ئامەد لە پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی DTP:

# تورکیا ئێمە وەکو نوێنەری گەلی کورد قبوڵ ناکات

هێمن میرانی

رووداو – ئامەد

گوڵتەن کشەنەک، بوونی 20 ئەندامی کورد لەسەر لیستی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTPلەنێوپەرلەمانی تورکیا بە "دەستکەوتێکی مێژوویی" ناودەبات و لەهەمانکاتیشدا دڵخۆش نییە بەو 20 کورسییە، چونکە بەگوتەی خۆی " هەر کاتێک پرۆژەیەک لە خواستەکانی کورد پێشکێشی پەرلەمان دەکەین، لەناوەوەو دەرەوەی پەرلەمان رای گشتی لەدژمان هاندەدرێ ".

گوڵتەن، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانی گەورەی تورکیا (پەرلەمان) لەسەر لیستی DTP و نوێنەری شاری ئامەد، ئەگەرچی زۆر بەبایەخەوە باسی فراکسیۆنە کوردییەکەیان دەکات لەنێو پەرلەمانی تورکیا دا، بەڵام ئاماژەی بەوەدا "بەداخەوە هێشتا بواری ئەوە نادرێ پێنگاڤی نوێ بۆ خزمەتی چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد بهاوێژین و، هێشتا پەرلەمانی تورکیا ئێمە وەکو نوێنەری گەلی کورد قبوڵ ناکات و گفتوگۆی چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ ئێمە ناکات".

لە هەڵبژاردنەکانی 2007/7/22 دا پارتی داد گەشەپێدان AKPی رەجەب تەیب ئەردۆغان دووبارە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیای بەدەست هێنایەوە، زیاتر لە 54%ی دەنگدەرانی ناوچە کوردییەکان دەنگیان بە پاڵێوراوانی AKP دا، ئەوەش مشتومڕ و قسەی زۆری لێکەوتەوە.

گوڵتەن، لەو بارەیەوە دەڵێت "AKP وەکو ستراتیج چارەسەری دۆزی کوردی لەبەرنامەی ناوەندی رانەگەیاندبوو، تەنیا کاندیدە کوردەکانی ئەو پارتە کاتێک دەچوونە ناو خەڵک کۆمەڵێک قسەی بریقەدار و بەڵێنی گەورەیان بەخەڵکی کورد دەدا، هیچ لەو بەڵێنانەشیان جێبەجێنەکردن".

ئەو نوێنەرەی شاری ئامەد زیاتر لەسەر ئەو باسە قسەی کرد و گوتی "لەئاخافتن و کارنامەی فەرمی AKP دا باسی چارەسەری دۆزی کورد نەکراوە، بەڵام ئەندامە کوردەکانیAKP لەناوچە کوردییەکان ئەوکاتەی گفتوگۆیان لە گەڵ خەڵک دەکرد، بە خەڵکەکەیان دەگوت ئەگەر دەنگ بە پاڵێوراوانی AKP بدەن، پێنگاڤی نوێ بەرەو چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد دێننە ئاراوە، تەنانەت لەکاتی پروپاگەندەکانی هەڵبژاردن بەزمانی کوردی لەگەڵ خەڵک قسەیان دەکرد، لەکاتێکدا قەدەخە بوو نوێنەرانی DTP بەکوردی پروپاگەندە بکەن، بۆیە خەڵک دەنگی بەنوێنەرەکانی دا". بەپێی یاسای تورکیا نابێ لەکاتی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەو کۆبوونەوە جەماوەرییەکان جگە لە زمانی تورکی بە هیچ زمانێکی دیکە قسە بکرێت.

وەک لەقسەکانی گوڵتەن دەردەکەوێ، دوای هەڵبژاردنەکان، AKP بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن رەفتاری کرد، بەرامبەر بەگەلی کورد "دوای هەڵبژاردنەکان زیاتر لە 50 شارەداری سەر بە DTP خرانە زیندان و خرانە بەر لێکۆڵینەوە".

سەبارەت بەپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمدواییەی تورکیا بەتایبەتیش دوای ئەوەی سوپا دەستووری لەپەرلەمانی تازەی تورکیا وەرگرت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان، گوڵتەن کشەنەک، گلەیی لەحکومەتی ئەردۆگان کرد، کە رێزی لەدەنگی خەڵک نەگرت و شەرعیەتی بە ئۆپەراسیۆن دا .کە تەنیا فراکسیۆنی DTP دەنگی لە دژی هێرشەکانی دەرەوەی سنووردا.

لە دیدی گوڵتەن ئامانجی ئەو ئۆپەراسیۆنانە تەنیا PKK نییە، بەڵکو تێکدانی ئەو دەستکەوتانەیە کە لەباشوری کوردستان بەدیهاتوون و بەربەست دروستکردنە لە بەردەم گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان لەچوارچێوەی مادەی 140 ی دەستووری عێراق دا .

گوڵتەن دەڵێت "هەر دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، رەجەب تەیب ئەردۆغان، لەدژی ئەندامانی DTP لە پارلەمان دەستی بەقسەکردن کرد، هێشتا مانگێک بەسەر دامەزراندنی حکومەت تێنەپەڕیبوو، بڕیارێکی لەپەرلەمان بەڕێ کرد کە سوپا ئۆپەراسیۆن لەخاکی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات".

تورکیا ساڵانێکی زۆرە هەوڵدەدات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، لەساڵی 1999 بەفەرمی یەکێتی ئەوروپا تورکیای وەکو پاڵێوراو قبوڵکرد و لەئۆکتۆبەری 2005 یش گفتوگۆ فەرمییەکانی ئەندامێتی لەنێوان هەردوو لا دەستی پێکرد.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، تورکیا لەئایندەیەکی نزیکدا نابێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، تەنانەت ئەو پرۆسەیە زیاتر لە 25 ساڵی دیکە دەخایێنێ.

بەتایبەتی کەموکوڕییەکانی تورکیا و هەڵکشانی رەوتی راستڕەوەکان لەیەکێتی ئەوروپا کە بەتووندی دژایەتی وەرگرتنی تورکیا دەکەن، ئەگەرەکانی وەرگرتنی لەیەکێتی دوور دەخەنەوە.

تورکیا بۆ ئەندامبوون لەو یەکێتییە سوورە لەسەر جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئەندامێتی، بەڵام گوڵتەن پێیوایە ئێستا لەتورکیا دژایەتی وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا زۆر بووە، چونکە پێیانوایە جێبەجێکردنی ئەو پێوەرانە یەکپارچەیی تورکیا لەقدەکات و دەبێتە هۆی دابەشبوونی تورکیا.

گوڵتەن گوتی" لە دوو ساڵی رابردوو هیچ پێنگاڤێکی نوێی بەرەو ئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپا لەتورکیا بەدی نەکراون، ئێستا جێبەجێکردنی پێوەرەکانی بەئەندامبوون لەیەکێتی ئەوروپا خەریکە لەبەرنامەی کاری تورکیا دەچێتە دەرەوە، چونکە زۆر سیاسەتمەدار و پارت و ناوەندی سیاسی و سەربازی لەتورکیا پێیانوایە ئەگەر ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکرێن، تورکیا پارچە پارچە دەبێت، بۆیە لەدژی ئەو پێڤاژۆیە دەردەکەون و دژایەتی دەکەن".



گوڵتەن کشەنەک

(فۆتۆ: رووداو)

عومەر ئیلخانیزادە:

# سەرتاپای قسەکانی حاجی ئەحمەدی ناڕاستن



عەبدولڕەحمان عەلی

ebdulrahman@rudaw.net

رووداو – هەولێر

سەرۆکی کۆمەڵە-رەوتی چاکسازی لەلێدوانێکی تایبەتدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە "ئێمە ئەو قسانەی سەرۆکی پژاک بەدوور لە سیاسەتی ئەو پارتە دەزانین و وەک دوژمنێکی کۆماری ئیسلامی ئێران مامەڵە لەگەڵ پژاک دەکەین".

عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی سەرۆکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک، لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە ژمارە 5ی (رووداو)دا بڵاوکرایەوە،کۆمەڵەی وەک حیزبێکی دەستکردی ساواک ناوبرد کە ئەو دەزگایە کاتی خۆی بۆ دژایەتیکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دروستی کردبێ .باڵەکانی کۆمەڵە لە ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکانیاندا وەڵامی حاجی ئەحمەدیان دایەوەو، هەڤپەیڤینەکە گفتۆگۆیەکی زۆری نایەوە. دەبیرخانەی کۆمەڵە- رەوتی چاکسازی و ریفۆرم بەدەرکردنی بەیاننامەیەک ئەو لێدوانانەی حاجی ئەحمەدی بە چەواشەکاری و دوژمنکارانە لە قەڵەمدان و لەو بەیاننامەیەدا کە دانەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە، گوتراوە" ئەوە یەکەمجار نییە کە سەرانی پژاک سەبارەت بەکۆمەڵە و حیزبەکانی دیکەی کوردستان چەواشەکاری دەکەن، بەڵام هیچیان لەدرۆ و بوختان وەک حاجی ئەحمەدی لێهاتوو نەبوون".

لەبەشی کۆتایی ئەو بەیاننامەیەدا کۆمەڵە گوتوویەتی" پێمانخۆشە بزانین رێکخراوی پژاک چ هەڵوێستێک لەسەر ئەو قسانەی سەرۆکە کارتۆنییەکەیان لەمەڕ کۆمەڵەو باقی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەردەگرن، تا تەکلیفی خۆمان بەتەواوەتی بزانین کە ئایا ئەوە سیاسەتی رەسمی ئەو حیزبەیە یان نا؟".

عومەر ئیلخانیزادە کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و لەنێوەڕاستی مانگی9ی 2007 وە لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان جیابووەتەوەو ئێستا سەرۆکایەتی رەوتی ریفۆرمی کۆمەڵە دەکات، پژاک بەدەستە خوشکی PKK دادەنێت و پێیوایە کە ئەو هەڵوێستەی حاجی ئەحمەدی هەڵوێستی پژاک نییە. ئیلخانیزادە هەروەها گوتی کە سەرتاپای قسەکانی حاجی ئەحمەدی سەبارەت بە رابردووی کۆمەڵە نادروست و دوژمنکارانەن چونکە "کۆمەڵە بەرهەمی خەباتی خەڵکانی زوڵملێکراوی رۆژهەڵاتی کوردستانە". ناوبراو هەروەها گوتی ئێمە وەک دوژمنی کۆماری ئیسلامی سەیری پژاک دەکەین.



عومەر ئیلخانی زادە

حاجی ئەحمەدی لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێ بنچینەی بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵە هی دەزگای هەواڵگری ئێرانی سەردەمی شا، ناسراو بە" ساواک" بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی حیزبی دیموکرات.

هەر لەو پەیوەندییەدا عەبدوللا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ئەوەی گوتی من هیچ زانیارییەکەم لەوبارەیەوە نییە بە (رووداو)ی راگەیاند کە" بڕوام بەو قسەیە نییە دەستی ساواک لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا هەبووبێت". لەبەشێکی دیکەی وتووێژەکەدا سەرۆکی پژاک گوتوویەتی کە سەت لەسەت ساواک دەستی لەدامەزراندنی کۆمەڵەدا هەبووەو و دەڵێت کە سەلاحی موهتەدی لەسەردەمی شا دا هات بۆ ئەوروپا و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران گفتوگۆی حیزبەکانی رۆژهەڵات لەگەڵ بەست ئەوانە هەمووی بەڵگەن و ئامادەیە بەڵگەکانیشی لەوبارەوە بخاتەڕوو و دەڵێ ئەو بەڵگانەی ساواک کەکاتی خۆی بڵاوکراونەتەوە و ناوی سەلاحەدین موهەتەدیشیان تێدایەو "ئەوانە هەمووی مەدرەکن و لە سازمانی ساواک گیران و بڵاوکرانەوەو باسی سەلاحی موهتەدی تێدایە و بەخەتی خۆی نووسیویەتی و ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات".

ئیلخانی زادە سەبارەت بە موهتەدی دەڵێت سەلاحی موهتەدی راستە براکەی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بووە، بەڵام نە لەدامەزراندنی کۆمەڵەدا دەستی هەبووە و نە هیچ کاتێکیش وەک کۆمەڵە سیاسەتی کردووە، بۆیە دەبێت حیسابی سەلاحی موهتەدی لە کۆمەڵە جیا بکرێتەوە.

بەهەمان شێوە عەبدوللای حەسەن زادەش لەوبارەیەوە پێیوایە" راستە سەلاحی موهتەدی لەنزیکەکانی کۆمەڵە بووە، بەڵام لەدروستبوونەکەیدا رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە و قەتیش ئەندامی رێبەرایەتی کۆمەڵە نەبووە".

حاجی ئەحمەدی هەروەها لەبەشێکی دیکەی هەڤپەینەکەدا دەڵێ، لەکاتی کۆماری ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەرکار، سەلاحی موهتەدی خاڵی هەشتەمی بۆ داخوازییەکانی حیزبەکانی کوردستان زیادکرد کە بریتی بوو لە دەرکردنی قیادەی موەقەتەی پارتی و کوردە ئاوارەکانی سەر بە پارتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەش عەبدولڕەحمان قاسملوی دڵگران کردبوو.لەوبارەوە پێوەندیمان بە سەلاحی موهتەدییەوە کرد، بەڵام موهتەدی گوتی" من ئامادە نیم بێمە ناو ئەو هەڵاوبەزمەوە، چی دەڵێن با بڵێن گەردنیان ئازاد بێت".

هاوکات سەرچاوەیەک کە ماڵپەڕی رینیسانس بە "بڕواپێکراو" ناویبردووە پێی راگەیاندووە کە پاش ئەو قسانەی حاجی ئەحمەدی کوردیناسیۆنی ئەو پارتە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پێکهێناوەو بەتووندی رەخنەیان لە قسەکانی حاجی ئەحمەدی گوتووە کە لە هەڤپەیڤینەکەی رووداودا کردوونی. سەرچاوەکە هەروەها پێشبینی ئەوەیکردووە کە پاش ئەو کۆبوونەوەیە پۆستی سەرۆکایەتی لەحاجی ئەحمەدی وەربگیردرێتەوە، یان مافی لێدوان و وتووێژی سنووردار بکرێت. بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی ئاشکرای پژاک زانیاریەکانی ئەو ماڵپەڕەی پشت راست نەکردنەوە.

# "ئەردۆغان بە سواری هات و بەپیادە گەڕاوە"



رووداو – ئامەد

سەرۆکی شارەوانی ئامەد (دیاربەکر) سەبارەت بە سەردانەکەی ئەردۆغان و ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئەوی کردن رایگەیاند " ئەردۆغان خۆی دەخەڵەتێنی یان دەوروبەرەکەی دەیخەڵەتێنن،یاخود خۆی بە ئەنقەست خیانەت دەکات".

بایدەمیر هەروەها گوتی "بەڕێز سەرۆک وەزیر ئەم دەرفەتەشی لەدەست دا و ئامپولیAKP بەر شوورەکانی قەڵای دیاربەکر کەوت و تێکشکا".

عوسمان بایدەمیر، سەرۆکی شارەوانی ئامەد بەتووندی وڵامی ئەو رەخنانەی دایەوە کە ئەردۆغان لە ئامەد ئاراستەی کردن. بایدەمیر گوتی "لەوکاتەوەیAKP هاتووەتە سەر دەسەڵات جیاکاری لەنێوان هەرێمەکاندا زیاتربووە، حکومەتی ئەردۆغان پرۆژەیGAP وەک ئامرازێک بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاردێنێ". بایدەمیر سەبارەت بەو قسانەی ئەردوغان کە لەکاتی سەردانەکەی بۆ خەڵکی دیاربەکری کردبوو گوتی"بەوپەڕی خەمگینییەوە دەڵێم کە ئەردۆغان بەو قسانەی بێجگە لە گندۆر شتێکی دیکە پێشکێشی گەلی هەرێمەکە ناکات و نیازیشی نییە بیکات".

ئەردۆغان لەسەردانەکەیدا بۆ باکووری کوردستان باسی لەو بودجەیە کرد کە بۆ هەرێمی ئەنەدۆڵی باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵات تەرخان کراوە، بەڵام خەڵکی ئامەد پێشوازییەکی ئەوتۆی لە رەجەب تەیب ئەردۆغان نەکرد، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەرپرسی لقی AKP لە ئامەد رایگەیاند کە کێشەی کورد لە رۆژەڤی ئەردۆغاندا نییە .ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەردۆغان لە سەردانی ساڵی 2006دا بۆ ئامەد گوتی "کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە" .بەڵام دواتر پاشگەزبوونەوەی خۆی لەو لێدوانانە راگەیاند و کێشەکەی بە کێشەیەکی ئابووری لە قەڵەم دا و گوتی چارەسەر ئەوەیە هەموو کەس خۆی بە هاووڵاتی تورکیا بداتە ناسین.هەروەها رێدانی حیزبەکەی بە هێرشی تورکیا لە بەهاری ئەمساڵ بۆ سەر باشووری کوردستان، جەماوەری حیزبەکەی لە باکووری کوردستان بەتەواوی کەم کردەوە.

عوسمان بایدەمیر لەبواری ئابوورییەوە گوتی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا پرۆژەیGAP کە لە1976 وە ئامادە کراوە گەرم دەکەنەوەو دەرخواردی خەڵکی هەرێمەکەی دەدەن. بایدەمیر گوتی" شەش ساڵە ئێمە چاوەڕوانین، بەڵام بەداخەوە ئێمە هەڵەمان کرد و هەڵخەڵەتاین" .بەڵام دڵنیایی خۆی لەوە نیشاندا کە " ئەم گەلە جارێکی دی هەڵناخەڵەتێت". ئەوەشی خستەڕوو کە دایکانی ئامەد زیاتری هەر شوێنێکی تر ئەو دەستانە دەناسن کە چارەسەری قبوڵ ناکەن و لاشەی کوڕەکانیان لەسەربازگە و چیاکانەوە بۆ دەنێرنەوە.

عوسمان بایدەمیر ئەو قسەیەی ئەردۆغانی بەبیرهێنایەوە کە لە نەورۆزی 2006 لەکاتی خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکەی باکووردا داوای لە دایکانی ئامەد کرد منداڵەکانیان ببەنە ژوورەوە چونکە تانکەکان منداڵەکانیشیان پاندەکەنەوە. هەروەها کردەوەکانی لێدانی ژنان و دەستشکاندنی لاوانی کوردی لە نەورۆزی ئەمساڵدا بەبیر ئەردۆغان هێنایەوە. جگە لەوەی لە ساڵی 2006وە تا ئێستا حکومەتی ئەردۆغان بڕیاری داخستنی 13 رۆژنامەی لە هەرێمەکەدا دەرکردووە. بایدەمیر ئەوەشی بەبیر هێنایەوە کە زیاتر لەنیوەی دانیشتوانی هەرێمەکە لەژێرەوەی هێڵی هەژاریدا دەژین.

ئەردۆغان لەسەردانەکەیدا بۆ دیاربەکر، رەخنەی لە شارەداری گرت و ئاماژەی بەوەدا ئەگەر لە داهاتوودا شارەوانییەکە بکەوێتە دەست ئەوان باری شارەکە زۆر باش دەکەن و پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن.عوسمان بایدەمر لە رۆژی 2008/5/27 دا لە فیستیڤاڵی رۆشنبیری و هونەری ئەحمەدی خانیداوەڵامی رەخنەکانی ئەردۆۆغانی دایەوە و گوتی "کورد خۆیان بە پارە نافرۆشن"، گوتیشی با ئەردۆغان بێت بەراوردێکی نێوان ئەو شارەوانیانەی کە بە دەست DTP ەوەن لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە بە دەست AKPەوەن بزانن کامیان زیاتر خزمەتیان کردووە .52 شارەوانی باکووری کوردستان بە دەست DTP ەوەن، کەهەمیشە لەژێر فشاری دەوڵەتدان، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ خەڵکدا هەیە، بەشێوەیەکی گشتیی کورد لە رووی گەلێری و شارەدارییەوە بە دەسەڵاتداری زۆر لە شارەکانی باکووری کوردستان دادەنرێن.

عوسمان بایدەمیر هەروەها بەوشێوەیە سەردانەکەی ئەردۆغانی بۆ ئامەد هەڵسەنگاند"ئەردۆغان سوار هات و پەیا چوو، بەسواری هات و بەپیادە رۆیشتەوە".

## تاراوگە



### چالاکڤانێکی کورد لەلەندەن دەنێژرێ

ڕووداو-لەندەن

◆ ڕۆژی 2008/5/18 چالاکڤانی ڕۆژاوای کوردستان فەرهاد زین عەلوش لە لەندەن بەهۆی لێدانی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. فەرهاد (35ساڵ) خەڵکی باژێڕی عیفرینی ڕۆژاوای کوردستان و یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڕۆژاوای کوردستان کە بنکەکەی لە لەندەنە، ڕۆژی 5/24 لە ڕێورەسمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی ڤۆریست هیل لە لەندەن بەخاک سپێردرا.

37 زمان لە شاری ئۆپسالا دەخوێندرێن

# سوێد بەهەشتی زمانی دایکە

**کاوە ئەمین**
**ڕووداو – سوێد**

زۆر کەس لەو بڕوایەدان، لەدوای کوردستان، سوێد یەکەمین وێستگەی گەشەکردن و پێشکەوتنی زمانی کوردییە، ئەگەر ئەمڕۆش ئەمە وا نەبێت ئەوە بێگومان ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە. بەپلەی یەکەمیش شێوەزاری کرمانجی سەروو لەو بایەخپێدانەی سوێد سوودمەند بووە، بەهۆی ئەو قەدەخەکاریە توندەی لە تورکیا و باکووری کوردستان لەسەر زمانی کوردی هەبووە.

لە ڕۆژانی 8 – 2008/5/9، کۆنفرانسی مامۆستایانی کورد لەسوێد، بەبەشداریی 90 مامۆستا لەشارە جۆراوجۆرەکانی سوێد، لەشاری ڤێستروس بەسترا. حەیدەر دلژەن، کە چەندین ساڵە مامۆستای زمانی کوردییە و بەشێوەزاری کرمانجی باکوور وانە دەڵێتەوە، ئێستا لەشاری ڤێستروس دەژی، گوتی ئەمساڵ یادی سی ساڵەی دەستپێکردنی خوێندنی زمانی دایکە لەسوێد و " زمانی کوردیش یەکێکبووە لەو زمانانەی کە هەر لەسەرەتاوە لەسوێد وەکو زمانی دایک ڕێزی لێگیراوە". بەڵام مامۆستا محەممەد کە لەشاری مالموێ وانەی کوردی دەڵێتەوە، دەڵێ دەستکردن بەخوێندنی زمانی دایک لەشارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1968 " بەڵام وەک بەشێکی سەربەخۆ کە سەر بە هیچ قوتابخانەیەک نەبێت و بودجەی تایبەتی بۆ دیاریکرابێت و بەشێوەیەکی ڕەسمی ناسراوبێت لە سالی 1976وە دەستی پێکردووە".

شاری ئۆپسالایش، ماوەیەکی زۆرە گرنگییەکی زۆری بەخوێندنی زمانی دایکی نەتەوە نیشتەجێیەکانی دەدات. تەنانەت چەندین ساڵە لەزانستگەی ئۆپسالا بەشێوەیەکی ئەکادیمی زمانی کوردی دەخوێندرێت. ئەگنێتا ئێهن بەڕێوەبەری قوتابخانەی زمان (سپرۆک سکولان) مێژووی خوێندنی زمانی دایکی لەئۆپسالا گەڕاندەوە بۆ نزیکەی سی ساڵ لەمەوپێش "ئەمڕۆ لەئۆپسالا بە 37 زمان وانە دەوترێتەوە، گرووپی عەرەبی گەورەترین گرووپە کە نزیکەی 600 قوتابیان هەیە، هەروەها زمانی کوردیش یەکێکە لەگرووپە گەورەکان کە نزیکەی 500 قوتابی کورد بەهەردوو دیالێکتی کرمانجی خواروو و سەروو دەخوێنن".

کۆمۆنی ئۆپسالا بۆ ئەمساڵ 16ملیۆن کرۆنی سوێدی بۆ خوێندنی زمانی دایک تەرخانکردووە و نزیکەی 70 مامۆستا، بەزمانی جۆراو جۆر وانەکان دەڵێنەوە. ئاگنێتا دەڵێت" زمانی دایک بەشێکە لەپرۆگرامی پەروەردەیی سوێد، بەڵام خوێندن بەزمانی دایک ئیجباری نییە".واتە دایک و باوکی ئەو قوتابییە ناسوێدیانەی لە قوتابخانەیەک دەخوێنن ئازادن داوای وانەی بە زمانی دایک بۆ منداڵەکانیان بکەن یان نا.

دەربارەی زمانی کوردی و ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوی ئەوان و مامۆستاکان دەبنەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەی زمان (سپرۆکسکۆلان) لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی" تەنیا کێشەی ئەوەمان هەیە کە بەداخەوە هەندێک لەدایک و باوکە کوردەکان، یان بەتەواوەتی نەخوێندەوارن یانیش کەمیان خوێندووە، ڕەنگە ئەوەش بەربەستێک بێت لەبەردەم ئەو خێزانانەدا کە نەتوانن پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ قوتابخانەکاندا گرێبدەن".

زۆرجار مامۆستا سوێدی و هەندێک لەداو دەستگا سوێدییەکان گازندەی ئەوە دەکەن کە مامۆستایانی زمانی دایک نمرەی زۆر دەدەنە قوتابییەکان. هەرچەندە لەڕاپرسییەکی تازەدا، دەرکەوتووە کە ئەو دیاردەیە مامۆستا سوێدییەکانیش دەگرێتەوە . ماریانا کە خۆی هەم جێگری بەڕێوەبەرە و هەمیش وانەی زمانی ڕووسی دەڵێتەوە لەو بارەوە وتی"ڕاستە، ئەو گلەیی و گازندانە هەیە، بەڵام لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا، تارادەیەک ئەو دیاردەیە کەمتر بووەتەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە پێیوایە خوێندنی ئەو 37 زمانە لەسوێد نەک هەر هەڕەشە لەسوێد ناکات بەڵکو دەڵێت"بەیەکگەیشتنی کولتوورەکان و گۆڕینەوەی بیروباوەڕی جۆراوجۆر، خزمەت بەکۆمەڵگەی سوێدی دەکات". ماریانی ئەڤازۆڤای جێگریشی پێیوایە"ئێستا سوێد وەکو وڵاتێکی فرە کولتووری لێهاتووە".

بەڕێوەبەر و جێگرەکەی پێیانوایە کە لەم دوو ساڵەی دواییدا، مامۆستا سوێدییەکانیش، تێگەیشتنیان بۆ زمانی دایک و گرنگی ئەو زمانانە بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەدەرەوە هاتوون، زیاتر بووە.

قۆناخی پێش سەرەتایی، کە قۆناخی باخچەی ساوایانە یەکێکە لەقۆناخە گرنگەکان بۆ منداڵانی سوید، دەوڵەتی سوێد ساڵانە بەملیۆنان کرۆن لەم قۆناخە گرنگەی منداڵان خەرج دەکات، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان کار دەکەن، منداڵانی بیانی جگە لەوەی کە لەو باخچانەدا دەحەوێنەوە، هاوکات شانسی ئەوەشیان هەیە کە بەزمانی دایکی خۆیان پەروەردە بکرێن.

زمانی دایک، لەباخچەی ساوایان، بۆ یەکەمجار لەساڵی 1979 دا لەشاری ئۆپسالا خوێندراوە، لەم دامەزراوە دەوڵەتییەدا 47 مامۆستا کار دەکەن. ئەو زمانە بیانیانەی کە لەو قۆناخەدا پێی دەخوێندرێت، 27 زمانە. ژمارەی ئەو منداڵانەش کە پەنابەرن و زمانی دایک فێر دەبن، 1494 منداڵن. کە 115 یان منداڵی کوردن کە بەشێوەزاری کورمانجی خواروو (سۆرانی) دەخوێنن، 3 مامۆستا سەرپەرشتیان دەکەن، هەرچی بەشی شێوەزاری کرمانجیی سەرووشە، 75 منداڵن کە وانەی کوردی دەخوێنن و ئەوانیش 3مامۆستا سەرپەرشتیان دەکەن.



مەهاباد محەممەد، کەمامۆستای قۆناخی باخچەی ساوایانە لەشاری ئۆپسالا لەبارەی کارەکەیان بۆ (ڕووداو) گوتی"ئێمە یارمەتی منداڵەکان دەدەین تا زمانەکەیان گەشە بکات، ئەوەش لەڕێگای خوێندنەوەی چیرۆک بەزمانی کوردی، گۆرانی منداڵانەی کوردی، یاریکردن، ژمارەکان، ڕەنگەکان، ناساندنی کولتوور و بۆنە نەتەوەییەکان".

هەروەها مامۆستا حەیدەر دلژەن دەڵێت "لەساڵی 1977 بەدواوە، پەروەردەی زمانی دایک، لەشاری ڤیستروس دەخوێندرێت، لەم شارەدا چەند گرووپێکی گەورە هەن کە ئێستا گرووپی کوردی لە هەموویان گەورەترە، نزیکەی 570 قوتابیمان هەیە، کە 140 قوتابی بەشێوەزاری کرمانجی باکوور دەخوێنن و ئەوانی دیکەش بەشێوەزاری کرمانجی خواروو. ئێمە 10 مامۆستاین کە وانەی زمانی کوردی دەڵێینەوە ( 6 مامۆستا وانەی کورمانجی خواروو و 3 مامۆستاش شێوەزاری کرمانجی سەروو دەڵێنەوە)، مامۆستایەکیش ماتماتێک دەڵێتەوە".

هەرچی شاری یۆتۆبۆرییە کە شارێکی گەورەیە و دەکەوێتە باشووری سوێد، ژمارەیەکی زۆر کورد لەو شارەدا دەژین و ژمارەی مامۆستا و قوتابیانی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ لەزۆربوونودایە. مامۆستا تابان فەتاح، کە نیشتەجێی شارەکەیە دەڵێت " 16 مامۆستای کوردمان هەیە، هەروەها لەتەمەنی 3 ساڵیەوە قوتابیمان هەیە هەتا دەگاتە ئامادەیی و زیاتر لەهەزار قوتابی کورد وانەی کوردی دەخوێنن، کە 70 قوتابی لەقۆناخی ئامادەییدان".

مامۆستا تابان پەسنی ئەو قوتابیانە دەدات کە لەسوێد لەدایکبوون و دەڵێت"زۆربەی ئەوانەی لەسوێد لەدایکبوون، کوردییەکەیان زۆر باشە و هەموشیان لەلای ئێمە فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون، ئەوانەی قۆناخی ناوەندی و ئامادەیی دەخوێنن تەنیا زمان ناخوێنن، بەڵکو مێژوو و جوگرفیایی کوردستانیش دەخوێنن".

ئەو مامۆستا کوردە زیاتر پەسنی هەستی کوردستانیبوونی قوتابییە کوردەکان دەدا دەڵێ "تەنانەت هەندێک لەقوتابییەکان لەگەڵ ئەوەی لەسوێدیش لەدایکبوون خۆیان بەخەڵکی کوردستان دەزانن".

مامۆستا تابان دروشمێکی پاسۆک دووپاتدەکاتەوەو دەڵێت"ئێمە پێش ئەوەی مامۆستا بین، دەبێت کورد بین، منداڵەکانمان وا پەروەردە بکەین کە هەمیشە خۆیان بەکورد بزانن و دڵسۆزی کوردستان بن". ئاخر پاسۆکیش لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە "پێش ئەوەی هەر شتێک بین دەبێ کورد بین".

شارێکی دیکە کە زمانی کوردی تێدا دەخوێندرێت شاری لوندە. شارەوانی ئەو شارە 22 ملیۆن کرۆنی تەرخانکردووە بۆ زمانی دایک، لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە زمانی کوردی لەو شارەدا خوێندراوە،ئێستا نزیکەی 200 قوتابی کورد لەو شارەدا وانەی کوردی دەخوێنن و 3 مامۆستاش وانە دەڵێنەوە، دووانیان بەکرمانجی خواروو و ئەوی دیکەشیان بەکرمانجی سەروو.

مامۆستا ئیبراهیم کاکەحەمە، کە نیشتەجێی شاری لوندە بە پەرۆشەوە باسی لەفێربوونی زمانی کوردی کردو گوتی "دەبێت کورد زمانەکەی لەوشەی بێگانە بپارێزێت و لەخۆڕا وشەی داتاشراوی ناقۆڵا نەهێنرێتە نێو زمانەکەوە".

ئەو مامۆستا کوردە شانازی بەقوتابیەکانیەوە دەکات کە لەکۆلیژە بەرزەکانی سوید وەرگیراون، هەرچەندە لەلایەن مامۆستایانی سوید ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە کە نمرەی زۆر دەداتە قوتابییەکانی، مامۆستا ئیبراهیم گوتی "مامۆستا سوێدییەکان وا دەزانن کە ئێمە بۆ هاندانی قوتابییەکان نمرەی زۆرتریان بۆ دادەنێین لەوانەی کوردیدا، لەکاتێکدا زۆر لەقوتابییەکان لەوانەکانی دیکەیشدا نمرەی باشیان هێناوە".

وڵاتی سوید لە 290 شارەداری پێکهاتووە، لە هەر شارەدارییەک ئەگەر پێنج منداڵ داوا بکەن بەزمانی دایک بخوێنن، ئەوا ئەو شارەدارییە هەموو پێداویستییەکانی خوێندنیان دابین دەکات و دەتوانن هەفتەی کاتژمێرێک وانەی زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، تەنانەت لەهەندێک لەشارەدارییەکان ئەگەر یەک قوتابیش هەبێت، دایک و باوک داوا بکەن، ئەوا شارەدارییەکە مامۆستا بۆ منداڵەکەیان دابین دەکات و مافی ئەوەی هەیە کاتژمێرەکەی خۆی بخوێنێت.

مامۆستا مونیرە عەلی، کە 15 ساڵ لەکوردستان وانەی کیمیای گوتووەتەوە، لەساڵی 1999 تاوەکو مانگی سێی ئەمساڵ لەشارۆچکەی پارتیلای نزیک شاری یۆتۆبۆری وانەی کوردی گوتووەتەوە، ئەو مامۆستا کوردە کە 65 قوتابی هەبووە گوتی "هەر قوتابییەک بۆی هەیە یەک کاتژمێر وانەی کوردی بخوێنێت، دیارە هەندێک لەقوتابییەکان کە لە پێنج یان زیاتر بن وەکو گرووپێک، بەیەکەوە هەشتا خولەک دەرسیان پێدەڵێم، بەڵام قوتابیشم هەیە بەتەنیا خۆیەتی و نزیکەی کاتژمێرێک حەفتانە دەرسی پێدەڵێم".

### زمانی کوردی یەکێکە لەگرووپە گەورەکان لە ئۆپسالا، نزیکەی 500 قوتابی کورد هەفتانە وانەی کوردی دەخوێنن

ئەگنێتا ئێهن

یەکێک لەگرفتە سەرەکییەکانی مامۆستایانی زمانی کوردی نەبوونی کتێبی زمانە، لەگەڵ ئەوەی چەندین کتێبی خوێندن لەسوێد چاپکراون، بەڵام زۆریان پڕن لەهەڵەی زمانەوانی و ڕێنووس، جگە لەوەش کتێبە کوردییەکان لەگەڵ ئەو پێداگۆگییەی کە لەسیستەمی خوێندنی سوێددا بەکاردەهێنرێت یەکناگرێتەوە.

زمانی دایک بەتایبەتیش لەقۆناخی ئامادەییدا هەمان ستاتووی دەرس و زمانەکانی دیکەی وەکو ئینگلزیی، ئەڵمانی و فەرەنسی هەیە، ئەگەرچی بۆ ئەوەی قوتابییەک بتوانێت لەئامادەیی قبووڵ ببێت، پێویستە لەوانەکانی ماتماتیک، سوێدی و ئینگلیزیدا دەرچووبێت.

مامۆستا حەیدەر دلژەن لەسەر گرنگی زمانی دایک بەتایبەتیش لەقۆناخەکانی ئامادەییدا دەڵێت"قوتابیان جگە لەوەی زمانی دایکیان دەخوێنن، هەمانکات نمرەش وەردەگرن کە بۆ چوونە زانستگە پێویستیان پێی دەبێت، ئەمەش پێوەندی بەسیستەمی خوێندنەوە هەیە، بۆ نموونە هەر قوتابییەک دەبێت 2500 خاڵ (پۆینت)ی هەبێت تا بتوانێت بچێتە زانستگە. واتە منداڵی کورد دەتوانن 250 پۆینتی زمانی کوردی بخوێنن و ئەگەر زیرەک بن نمرەی باشی تێدا وەربگرن، چونکە ئەو خاڵانەی کە لەزمانی دایک دەخوێندرێن وەکو هەر ماددەیەکی دیکەی خوێندن حساب دەکرێن و هەمان نرخ و قیمەتی هەیە کە بۆ وانەکانی فیزیا، کیمیا، ماتماتیک، ئینگلیزی و سوێدی و هتد هەیانە".



پۆلێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی لە سوێد (فۆتۆ:ڕووداو)

# گەنجێن کورد ناڤێ مللەتێ خوە ناشرین کریە

**سلێمانێ ئالیخان– جوان میرۆ**
**ڕووداو – ئەڵمانیا**

ژ بەر ڕەفتارێن هندەک هەڤشارێن خوە، ئەڤە ماوەیەکێ درێژە روونشتڤانێن تاخێ هۆخهایدە یێ باژێرێ دویزبۆرگێ ئەڵمانی د ڕەوشەکا نالەباردا دژین و ژ سەرێ سالێ وەرە، ترۆمبێلێن پۆلیسان ژ وی تاخی دوورنەکەتینە. تەلەڤزیۆنا فەرمی یا هەرێما نوردراین ڤێستفالن ژی چەندین ڕاپۆرت ل سەر ئاکنجیێن وی تاخی و کێشەیێن وان دروستکرینە. هەروەسا ڕۆژنامە و بەلاڤۆکێن ئەڵمانیش هەیام هەیام پەیامان ل سەر خەلکێ ڤی تاخی د وەشینن.

(ڕووداو) چۆ وی تاخی، کو ڕێژەیەکا مەزنا روونشتڤانێن وی کوردن و ژ باشوورێ کوردستانێ هاتینە.

بەری پازدە سالان کوردێن باشوورێ کوردستانێ قەستا تاخێ هۆخهایدە یێ باژێرێ دویزبۆرگێ ئەڵمانی کر و هێدی هێدی ژمارەیا وان ل زێدەبوونێ دا و، ئەڤرۆکە ژمارەیا وان گەهشتییە سەدان مالباتان. پتریا ئەندامێن ڤان خێزانان دبێکارن و ل سەر هاریکارییێن دائیرەیا سوسیالێ دژین و، پتریا زارۆکێن وان و ب تایبەت ژی کچان خواندنا خوە ب ڕێڤە هێلاینە. لەوما گەلەک ژ وان تووشی ئاریشە و پرۆبلەمان بووینە و هندەک ژ وان بۆ ماوەیێ چەندین سالان ل سەر دزی، شەرکرن و فرۆتنا حەشیشی هاتینە زیندانیکرن.

د شەڤا سەرێ سالێدا گەنجێن کوردێن ڤی تاخی ب دەهان جهێن بازرگانی و جهێن تایبەت و ترۆمبێل شەلاندبوون. ل دۆر ڤان کریاران هندەک ژ وان کەسێن مە دیتین و نەخواستن ئەم ناڤێن وان بینین، گازندە ژ دایک و بابێن گەنجان دکرن و گۆتن "دایک و بابێن هندەک گەنجان ب کۆمکرنا پارەی، کرینا زێڕی و ئاڤاکرنا خانیان ل کوردستانێ دمژوولن و های ژ زارۆکێن خوە نینە و ب پیڤانێن کوردستانێ ڕەفتارێ دگەل وان دکەن، دئەنجامدا زارۆک ژ هەموو تشتەکی بێبار دبن و نەچار دبن پەنایێ دبەنە بەر ڕێکێن شاش بۆ ب دەستخستنا پارە و تێرکرنا حەز و ویستێن خوە".

ئیحسان زێوەیی ئێکە ژ وان کەسێن کو ژ مێژە ل ڤی تاخی دژیت. ئەو دەربارەی ژیانا کوردێن ڤی تاخی دبێژیت "ئەم ل هەڤ ناکەین، مە گەلەک جاران هەولدا ئەم ئەنجوومەن و کۆمەلەیەکێ بۆ خۆ دروستکەین، لێ هەموو بزاڤێن مە سەرنەگرتن، ل دەستپێکێ ژبەر بوونا شەڕێ حیزبان ل کوردستانێ و ڕەنگدانەڤا وێ ل سەر مە کو هەر یەک ژ مە لایەنگرێ پارتییەکا سیاسییە، نۆکە ژی مە باوەری ب هەڤ دوو نەمایە". ڤێ چەندێ وەکرییە کو جودا ل مللەتێن د بێ پاربن ژ کۆمەلەیەکێ بۆ شین و شادیان لێ کۆم ببن و بکەنە بنگەهێ پاراستنا کولتوورێ کوردی ل جەم نفشێ نوی. وەک ئیحسان دبێژی "مخابن ژبەر نەیەکبوونا مە گەلەک گەنجێن مە تووشی ئاریشەیان بوونە و ناڤێ کوردان ژی ب خرابی بەلاڤبوویە".

### شەرمێ ژ کوردبوونا خوە دکەت

سال بۆ سالێ ناڤودەنگێ ڤی تاخی ب خرابی بەلاڤدبوو، لێ وەک مە گوە لێبووی، دائیرەیێن سوسیال، کار و بیانیان ل ڤی باژێری ژ گەلەک جهێن دی باشتر بووینە ژبۆ کوردان، لەوما بەردەوام مالباتێن کورد قەستا وێ دکەن. دایکا ناسیاری یەکە ژ وان کەسێن کو سالەکە هاتییە ڤی تاخی. ژبەرکو کارێ هەڤژینێ وێ لڤی تاخەیە و ئەو بخۆژی ژ بەرکو ئەڵمانی باش نزانی نە دکاری تێکەلی جیرانێن خۆ یێن ئەڵمان ببی " لەوما مە بڕیاردا ئەم بهێینە ڤێرە".

هەرچەندە ئەو یا پەشێمان نییە کو هاتیە ڤی تاخەی " لێ ئەز هندەک جاران شەرمێ ژ خوە دکەم کو کوردم، ژ بەر ڕەفتارێن نەشرین یێن هندەک کەسێن کوردێن ئاکنجییێن ڤی تاخی کو ناڤێ مە ڕەش کرییە و گەهشتییە وی رادەی کو ل گەلەک جهان کورد ناهێنە وەرگرتن، تەنانەت بۆ پالەتیێ ژی، لەوما ئەز دترسم نەکو د پاشەڕۆژێ دا زارۆکێن مە ژی تووشی ئاریشەیان ببن".

گەلەک گەنجێن کورد ل وی تاخی دژین و پۆلیس و روونشتڤانێن ئەڵمان گازندا ژ ڕەفتار و کارێن وان دکەن. جیڤارا ڕەشید یەکە ژ وان گەنجان کو د وێ باوەرێدایە کو هندەک کەسان ئەڤ تشتە مەزن کرییە و دبێژیت " ڕاستە هندەک گەنجێن کوردان دزی و شەڕ کرینەو بازرگانی ب مادەیێن بێهۆشکەر کرییە، لێ ئەڤە تشتەکێ گشتیی نییە و هندەک گەنجێن عەرەب و تورک ژی کو ل ڤی تاخی دژین بەشدارن د گەل وان گەنجێن کوردێن خراب". جیڤارا دەسەلاتا شاری تۆمەتبار دکە و دبێژی " دەسەلاتا باژێری خەمساری کرییە د ڤی واریدا و هیچ جهێن تایبەت بۆ گەنجان نەڤەکرینە کو دەما خوە تێدا دەربازبکەن".

### هۆخهایدەکا بێ بۆکس

ژبۆ چارەسەرکرنا کێشەیێن گەنجێن سەرداچوویی و دووبارە ئامادەکرنا وان دا بشێن خوە ژ خرابیێ دوور بکەن و، ڕۆلەکێ پۆزەتیڤ ب شێوەیەکێ سروشتی دناڤ کۆمەڵگەهێ دا بگێڕن، پۆلیس و باژێرڤانیا دویزبۆرگێ، پرۆژەیەکێ چاکسازی ب ناڤێ "هۆخهایدەکا بێ بۆکس" بەرهەڤکرییە. ئەلفرێد روخ ژپۆلیسێن باژێریە و سەرپەرشتیا ڤی پرۆژەی دکەت.

وی بەحسا ڤی پرۆژەی بۆ (ڕووداو) کر و گۆت"پتریا ئەڵمانان یەک بۆچوون هەبوو و دگۆتن دڤێت ئەم بزانین چ ژ ڤان گەنجان کێمە و وان چ دڤێت؟ بێگومان پێویستییا وان ب سەنتەرەکێ گەنجان هەیە، گۆرەپانەکا وەرزشی، کار، خواندن و پاشەڕۆژەکا گەش. لەوما مە ژی ئەڤ پرۆژەیە دانا". هەلبەت ئەڤە دەمەکی کورتە ئەڤ پرۆژەیە هاتییە بەرهەڤکرن، لێ ڕوخ ب دلخوەشیڤە بەحسا وان گەنجان کر یێن کو دڤی پرۆژەی دا بەشدارن و گۆت"90% وان گەنجێن کو ئەڤ پرۆژەیە وان ڤەدگریت، کوردێن عێراقینە. ئەون یێن خرابی کرین و هاتینە سزادان، ئەم ل ڤێرە وان فێری گرافیتیس،هونەرێ شێوەکاری و نەخشێن سەر دیواران دکەین و ب راستی ئەز ژ وان هەموویان یێ ڕازیمە و پێ مەندەهۆشم و دڤێت مرۆڤ وان هانبدەت".

(ع.ن) گەنجەکێ کوردێ بیست سالییە. ئەڤە سێزدە سالە ب مالباتڤە ل دویزبۆرگ دژیت. وی بەری نها گەلەک ئاریشە کرینە و گەلەک جاران هاتییە سزادان. نۆکە بەشداریێ دپرۆژەیێ چاکسازی دا دکەت و دبێژیت "من گەلەک کارێن شاش کرن و من کێشە بۆ خوە و مالا خوە ژی چێکرن، لێ ئەز نۆکە گەلەکێ پەشێمان بوویم و ناخوازم جارەکا دی ڤەگرمەڤە وان کاران، ئەڤ پرۆژە دێ مرۆڤی کەتە کەسەکێ زیرەک".





پۆلیسێن ئەلمان ل تاخێ هۆخهایدە (فۆتۆ:ڕووداو)

### چاڤێ خەلکی ل کوردستانێ یە

هندەک کەسان ژی گازندە ژ پارتی دیموکراتی کوردستان دکرن کو لیژنەیەکا ناوچێ ل باژێری هەیە، لێ هیچ بزاڤەکێ ناکەت بۆ هاریکاریکرنا ڤان گەنجان.ل سەر ڤێ مەسەلەیێ شێخ حەکیم ئەندامێ لیژنا پارتی گۆت "ئەم نەشێین ب زۆری تشتەکی ل سەر خەلکی بسەپینین ل ڤی وەلاتی و مە ئیمکاناتێن مەزن ژی نینن، لێ دیسان ژی هەر جارا داخوازەک ژ مە کربیت مە هەولا دای بجهبینین، بۆ نموونە بەری دەمەکی کۆمەکا گەنجان خوە گەهاندنە مە ژبۆ کو گرۆپەکا تەپا پێی بۆ وان دروست بکەین، مە داخوازا وان بجە ئینا و نۆکە ژی ئەمێ بزاڤێ دکەین کۆمەلەیەکێ دامەزرینین". بەلێ دهەمان وەختیشدا گۆت" لێ دڤێت چاڤێ مە ل کوردستانێ نەبیت کو تشتەک بۆ مە ژ وێرێ بێت، چونکی چاڤێ کوردستانێ ل مەیە".

# کۆمپانیای قوباد هەڕەشەی دەرکردن لەچەند ماڵە شەهید و ئەنفالکراوێک دەکات

## "ئەگەر بەوجۆرە بێ قەرەبوو لەم شوێنە دەرمانکەن، خۆم لەپێش چاویان دەکوژم"

**سۆران عومەر**
**رووداو – سلێمانی**

جوان جەبار، هەڵسایە سەر پێ کتێبەکەی باوکی بهێنێ، بۆ ئەوەی زیاتر باوکی بناسێنێ، بڵێ جەبار جەباری چ نووسەر و شۆڕشگێڕێک بووەو ئێستاش یەکێک لە خانووە کەلاوەکانی پاشماوەی بەعس لەشاری سلێمانی بەخێزانەکەی ڕەوا نابینرێ و شۆفڵەکانی کۆمپانیای قوباد هەڕەشەی رووخاندنی خانووەکەیان لێدەکەن.

دروشمەکانی سەردەمی بەعس هێشتا لەسەر دیواری خانووە کەلاوەکەی ماڵی خێزانەکەی شەهید جەبار جەباری مابوون. جەبار جەباری، پێشمەرگەیەکی یەکێتی بووەو، لەساڵی 1985 لەلایەن بەعسەوە لەسێدارە دراوە، ئەو خێزانە دوای ئاوارەبوونیان لەکەرکووک لەدوای راپەڕین هیچ شوێنێکیان شک نەبرد تێیدا هەیوان ببن، جگە لەو خانووە وێرانەی سەردەمی بەعس نەبێ، کە کەوتووەتە بەرامبەر ئوتێلی ئەبو سەنا لەسلێمانی.

جوان، کە دەرچووی زانکۆیە، لەدوای ساڵی 1991 لەگەڵ دایکە نەخۆشەکەی و 15 خێزانی دیکە کە زۆربەیان خاوەن شەهید و ئەنفالن، لەو 8 خانووەدا دەژین، کە لەسەردەمی بەعس خانووی سەربازی بوونە و لەساڵی 2004ەوە لەسەر کۆمپانیای قوباد تاپۆ کراون.

ئێستا ئەو 15 خێزانە دڵشکاو و بێ لانەو هەژارانە گوزەرانیان زیاتر لێ تێکچووەو ئاوی خواردنەوەشیان لێ بڕاوەو شوێنی هاتووچۆکردنیان روخێندراوەو داوای چۆڵکردنی ئەو ناوچەیان لێدەکرێت، زۆربەی ئەو خێزانانە دەڵێن ئەگەر بەبێ قەرەبوو لەم کەلاوانە دەربکرێن ئەوا خۆیان تووشی کارەسات دەکەن، ئەمە جگە لەوەی لەدادگا کۆمپانیای قوباد داوای یاسایی لەسەر تۆمار کردوون.

دارا محەممەد پێنجوێنی، پارێزەری ئەو 8 ماڵە ئاوارەیە کە بەبێ قەرەبوو دەردەکرێن بۆ (رووداو) گوتی "ئەو خانووانەی کە ئێستا ئەو ماڵە ئاوارانەی تێدایە راستە دەڵێن بەپێی بڕیاری مام جەلال هەر ئاوارەیەک بڕواتەوە، مافی هەیە ئەو شوێنەی خۆی بفرۆشێت کە تێیدا بووە، بەڵام ئەمە نەکراوەتە بڕیار و مادەیەکی یاسایی تا لەدادگا پشتگیریان بکات، هەمیشە دەقی یاسایی لەسەرووی قسە و بڕیاری سیاسییەوەیە، ئەم زەویانەش لەساڵی 2003 یان 2004 ەوە حکومەت لەسەر کۆمپانیای قوباد تاپۆی کردوون".

ئەو خێزانە هەژار و شۆڕشگێڕانە داوای قەرەبوو یاخود بەکرێگرتنی خانوو لەو کۆمپانیایە دەکەن.

هەر لەو بارەیەوە سەرچاوەیەک لەکۆمپانیای قوباد بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە مەسەلەکەمان لەدادگا بردووەتەوە و پێویستە ئەو ماڵانە زەوییەکە چۆڵ بکەن"، بەڵام ئەو سەرچاوەیە ئامادە نەبوو لەسەر قەرەبووی ئەو 8 خێزانە هیچ لێدوانێک بدات.

ئێستا ئەو خێزانانە داوا لەحکومەت دەکەن وەک لایەنێکی مرۆیی کێشەکەیان چارەسەر بکات و قەرەبوویان بکاتەوە، چونکە خاوەنی شەهیدو خەبات و ئەنفالن و هەموویان کەمدەرامەتن.

لەهەمانکاتدا ئەو خێزانانە هەڕەشەی قەوماندنی "کارەساتی گەورە" دەکەن، ئەگەر بەو جۆرە دەربکرێن، گەنجیان هەیە دەڵێ " ئەگەر بەوجۆرە بێ قەربوو لەم شوێنە دەرمانکەن، خۆم لەپێش چاویان دەکوژم". ئافرەت هەبوو دەیگوت "ئەگەر دەرمانکەن خۆم دەسوتێنم، لەبەر ئەوەی ناتوانم کرێ بدەم و ئەو هەموو منداڵە بەخێو بکەم".

کۆمپانیای قوباد ئێستا لەناوچەکەدا دەستی بەکارەکانی کردووەو، حەفارەو شۆفڵەکانی کۆمپانیاکە چوار دەوری خانووەکانیان گرتووەو هەڵکەندووە بۆ ئەوەی خانووەکان برووخێنن و خەڵکەکە ناچاری رۆیشتن بکەن و شوێنەکەیان بکەنە بینایەی بڵند.



کۆمپانیای قوباد بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدات ئەو ماڵە شەهیدانە ناچاری رۆیشتن بکات (فۆتۆ:رووداو)

جوان جەبار، کە بەرهەمە کۆکراوەکانی باوکە شەهیدەکەی بەدەستەوە گرتبوو تاکو زیاتر باوکی بناسین و بزانین ئەو کچی کێیە ئێستا وا خراوەتە ژێر گوشاری چۆڵکردنی ئەو کەلاوە سەربازیانەی سەردەمی بەعس، بزانین ئەوان کێن کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو جۆرە لەکچ و خێزانەکەی دەپرسێتەوە، لەبری ئەوەی ژیانیان دابین بکات پێیان رەوا نابینێ لەبەرامبەر شوێنی خانوویەکی مەشقی سەربازەکانی بەعسدا کە 17 ساڵە تێیدا دەژین خانوییەکیان بداتێ و دڵنەواییان بکات، جوان پێکەنی و وتی "چیمان لەحکومەتی هەرێم دەوێ جگە لەخانویەک بۆ من و دایکم کەباوکمان شەهید و نووسەرێکی ناسراوە".

ماڵی فەریدە ئەحمەد ساڵح، 68 ساڵ، یەکێکی دیکەیە لەو خانووانەی ئێستا مەترسی رووخانی لێدەکرێ و حەوشی ماڵەکەیان تێکدراوەو رێگای چوون بۆ ماڵەکەیان کراوەتە چاڵێکی زۆر قوڵی گەورەی مەترسیدار.

مێردی فەریدە کە ناوی محەممەد خەسرەو بوو، بەهۆی ئەوەی دوو لەکوڕەکانی پێشمەرگە بوونە، لەساڵی 1986 لەلایەن دەزگای هەواڵگری بەعسەوە لەدوز خورماتوو لەسێدارە درا. فەریدە وتی "جگەلەوەی مێردەکەم لەسێدارە دراوە 2 کوڕیشم بەناوی ساڵح و فازل، پێشمەرگە بوون دوای لەسێدارەدانی باوکیان شەهید بوون".

فەریدە ئاهی زیاتری هەڵکێشاو گوتی " کچەکەشم کەئێستا لامە مێردەکەی ئەنفالە و هەر لەم خانووەدا پێکەوە دەژین لەگەڵ کوڕێکی دیکەمدا کەئەویش ژنی هێناوەو کرێکاری دەکات".

نەزیرە محەممەد خەسرەو کچی فەریدەیەو لەساڵی 1983 شووی کردووە، بەڵام لەساڵی 1988 لەگوندی مەحمود پەریزا نوری مێردەکەی گیراوە و ئەنفال کراوەو، ئێستا لای دایکی لەیەکێک لەو کۆنە خانووانەدا دەژیت، نەزیرە گوتی "ئەمەشمان پێ ڕەوا نابینن و رۆژانە ئەم کۆمپانیایە سوکایەتیمان پێدەکات و هەر جارەی بەشێک لەدەوروبەری ئەم خانووە تێکدەدەن بۆ ئەوەی ناچارمان بکەن چۆڵی بکەین". فەریدە وەک هەڕەشە کردنێک بۆ چۆڵنەکردنی خانووەکە گوتی "ئەگەر بەبێ قەرەبوو لەم خانووە دەرم بکەن، ناچارم چیم هەیە لەوێدا ئاگری پێوەنێم و سەری خۆمان بۆ وڵاتێکی دیکە هەڵگرین بەپێ بکەوینە رێ ".

وەک لەقسەی ئەو خێزانانەدا دەردەکەوێ کە بەرپرسانی شارەکە پێشتر بەڵێنیان پێداون خانووەکانیان لەسەر تاپۆ بکەن، بەڵام بەڵێنەکەیان بەجێنەگەیاندووە.

رەمزیە حەمیدیش لەیەکێک لەو خانووانەدا دەژی گوتی "حاکم قادر لەهەڵبژاردنەکاندا هاتە لامان وتی دەنگم بۆ بدەن هەمووتان لەسەر تاپۆ دەکەم، هەروەها د.بەرهەمیش سەردانی کردین و گوتی خانووی دیکەتان بۆ دابین دەکەم و ژیانتان بەجۆرێک لێدەکەم ئەمەتان بیربچێتەوە، بەڵام کەس هیچی بۆ نەکردین و ئەوەتا دەیانەوێت بەبێ هیچ قەرەبوویەک دوای 17 ساڵ دەرمانکەن".

بەپێی قسەی ئەو خێزانانە، کێشەی ئەو خانووانە تاوەکو ئێستا لەدادگا یەکلایی نەبووەتەوە،بەڵام کۆمپانیاکە دەستی بەکار کردن کردووە. هەروەک پارێزەرەکەی ئەو 8 خانووە گوتی "ئێستا دادگا بڕیاریداوە ئەو ماڵانە دەرچن، بەڵام ئێمە بڕیارەکەمان ئیستیئناف کردووەتەوەو ئەگەر هەر بەو جۆرە بوو ئەوە جارێکیتر تەمیزی دەکەینەوە".

شوکریە ئیسماعیل ئافرەتێکی مێرد ئەنفال بوو، خاوەنی 4 منداڵی باوک ئەنفالکراوەو 10 پورزای ئەنفالە و ئێستا لەبێ لانەیی و لەکەم دەرامەتیدا لەگەڵ براکەیدا لەژوورێکی ئەو خانووانەدا دەژی.

عەبدوڵلا عەلی محەممەد پێشمەرگەیەکی خانەنشینی کەمئەندامەو 12 کەسن لەخێزانێکدا، کچێکی بەناوی شیلان خوێندکاری زانکۆیەو لەو خانووە دەژین، شیلان وتی "دادگا پێماندەڵێ ئێوە ئەو زەوییانەتان داگیر کردووە، بەڵام پێش ئەوەی کۆمپانیاکە چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی دادگا بکات دەستی بەئیشکردن کرد، ئایا بەچ مادەیەکی یاسایی ئێمە دەرەکەن؟".

باوکی شیلانیش گوتی "مەگەر جەنازەکەم لەم خانووە دەرکەن ئەگینا چۆڵی ناکەم".

# زانایانی جیهان داوای دروستکردنەوەی روانگەی کوڕەک دەکەن

**رووداو – هەولێر**

شارەزایەکی کوردی بواری فەلەکناسی رایدەگەیێنێت ئەگەر حکومەتی کوردستان روانگەی گەردوونی چیای کوڕەک نۆژەنبکاتەوە، روانگەکە دەتوانێت لەماوەی 2-3 ساڵ پارەی نۆژەنکردنەوەکەی بەدەستبخاتەوەو، وابکات کوردستان بەشداریی دۆزینەوە زانستییەکانی جیهان بکات.

روانگەی گەردوونی چیای کوڕەک لەکوردستان هاوشانی روانگەی یۆنان و فەرەنسا بە سێ روانگە هەرە گرنگەکەی جیهان دادەنرێ، بەڵام تایبەتمەندییەکانی روانگەی گەردوونی چیای کوڕەک لەو هەردوو روانگەیەش گرنگترن.

روانگەی کوڕەک لەلایەن کۆمپانیای زایزمەن گرووپی ئەڵمانی ماوەی 4 ساڵ کاری تێدا کراوەو لەساڵی 1986 تەواو بووە، بەپێی زانیارییەکانی ئیسماعیل موسا ئەوکات 300 هەزار دۆلاری تێچووە. کە بریتبووە لە تەلیسکۆبێک بە تیرەی 3.5 مەتر و یەکێکی دیکە بەتیرەی 1.25 مەتر و تەلێسکۆبێکی رادیۆیی، هەرچەندە تەلیسکۆبەکان ماون، بەڵام لەکار کەوتوون و پێویستیان بەچاککردنەوەیە.

چیای کوڕەک دەڕوانێتە سەر قەزای سۆران و رواندز و بەرزترین شاخی ناوچەکەیە، لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق لەلایەن فڕۆکەکانی ئێران و، لەجەنگی دەرکردنی سەدامیش لەکوێت لەلایەن فڕۆکەکانی ئەمریکا لێدرا و بەفڕۆکە لەو تەلیسکۆبە رادیۆیەکەی درا. جگە لەوەی کە لەساڵی 1987 دوای فڕۆکەکانی ئێران لە روانگەکەیان دا، حکومەتی عێراق دوو ترێلەی کەلوپەلی روانگەکەی گواستەوە، بەڵام لەرێگەی هاتنە خوارەوە لەچیا یەکێکیان وەرگەڕا و کەلوپەل و ئامێرەکان پەرش و بڵاو بوون. لەدوای راپەڕینیش لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەندێک لەکەلوپەلەکانی بەتاڵان بردران و تێکدران.



د.ئیسماعیل موسا لەگەڵ عەبدولعەزیم سەبتی و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و چەند شارەزایەکی دیکە لە سەردانیان بۆ روانگەی کوڕەک لە 2004/3/16

تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو روانگەیە، وایکردووە بە یەکەم روانگەی گەردوونی دابنرێ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.ئیسماعیل موسا، کە لەبەشی فیزیای کۆلێژی پەروەردە زانستییەکانی زانکۆی سەلاحەددین وانە دەڵێتەوە باسی لەتایبەتمەندییەکانی ئەو روانگەیە کرد و گوتی "دوو کیلۆ مەتر لەئاستی رووی دەریاوە بەرزە، شەوی تاریکە، تیشکی رووناکی زۆر کەمە، دوورە لەباڵەخانە هەوربڕەکان، دوورە لەپیسبوونی هەوایی و شڵەژانی هەوایی، هەروەها 200 شەوی لە 365 شەوی ساڵێکی پاکە و هەور نییە". ئەو تایبەتمەندییانەش لەهیچ بەرزاییەکی دیکەی جیهان نین.

ئەو روانگەیە هێندە گرنگە، بووەتە جێی سەرنجی زانایانی فەلەکناسی، هەر وەک د.ئیسماعیل ئاماژەی پێدا کە تا ئێستا چەند جارێک لەلایەن زانایانی ئەمریکی، چین، هیندی، ئینگلیزی و کەنەدییەوە نامەی پێگەیشتووە و پرسیاریان دەربارەی چارەنووسی ئەو روانگەیە کردووە.

لەماوەی 5-2008/4/10 کۆنگرەی یەکێتی فەلەکناسانی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا کە نوێنەری 41 وڵات تێیدا بەشدار بوون،لە قاهیرە بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا زانایانی جیهان زۆر بەدرێژی لەسەر مەسەلەی روانگەی گەردوونیی چیای کوڕەک وەستان و گفتوگۆیان لەسەر چۆنیەتی بەگەڕخستنەوەی کرد.

کوردستان کە لە زۆر بواردا، ماف و دەرفەتی ئەوەی نییە ناوی خۆی بخاتە نێو نێوەندە نێودەوڵەتییەکان، دەتوانێ بەهۆی روانگەی کوڕەکەوە بەفراوانترین شێوە ناوی خۆی بخاتە ناو دۆزینەوە فەلەکییەکانی جیهان و ببێتە رووگە و شوێنی هاتنی گەورەترین فەلەکناسانی جیهان.

د.ئیسماعیل لەروانگەی زانستییەوە، جەخت لەسەر گرنگی روانگەی کوڕەک دەکاتەوەو دەڵێت "بەهەفتەیەک بەهۆی روانگەی کوڕەکەوە دەتوانرێ لێکۆڵینەوەیەک ئامادەبکرێ، کەچی لەجیهاندا بە 6 مانگ تا ساڵێک دەتوانرێ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی فەلەکیی بنووسرێ، دروستکرنەوەی ئەو روانگەیە سودێکی زۆر بە زانکۆکانی کوردستان و جیهان دەگەیێنێ". هەروەها ناوبراو پێشنیاز دەکات هەمان ئەو کۆمپانیای روانگەکەی دروستکردووە، روانگەکە نۆژەن بکاتەوە "چونکە ئەگەر کۆمپانیایەکی دیکە نۆژەن بکاتەوە، هەموو کەلوپەلەکانی لادەدات و سەر لەنوێ بۆمان دروستدەکاتەوە".

د.ئیسماعیل موسا گوتی نۆژەنکردنەوەو بەگەڕخستنەوەی روانگەکە پارەیەکی زۆری دەوێ "بەڵام ئەگەر روانگەکە نۆژەنبکرێتەوە، ئەوا لە ماوەی 2-3 ساڵ دەتوانێ پارەکەی خۆی پڕ بکاتەوە، بەهۆی بەکرێدانی بۆ زانکۆکانی جیهان".

هەروەها گوتیشی زانکۆکانی جیهان کە دێن بۆ کوردستان لەوانەیە ئامێرەکانیان وەک یارمەتیدانی روانگەکە، بۆ کوردستان بەجێبێڵن.

ئەو فەلەکناسە لەساڵی 2000 ەوە داوای نۆژەنکردنەوەی روانگەکە دەکات،د. ئیسماعیل بۆ یەکەمجار لەساڵی 2000 لەرێگەی د.سەعدی بەرزنجییەوەن کە ئەو کات سەرۆکی زانکۆ بوو توانی پرۆژەی بە گەڕخستنەوەی روانگەکە بگەیێنێتە سەرۆکی حکومەت، ناوبراو لەبارەی ئەو نامەوە دەڵێت "کاک نێچیرڤان گوتی ئەوە یەکەم راپۆرتی زانستییە لە زانکۆوە بەدەستم بگات و زۆریشی پێ گرنگ بوو".

د.ئیسماعیل موسا دەڵێ ئەوان ئێستاش لە کۆمەڵەی فەلەکناسانی کوردستان، بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ ئەو مەبەستە و خۆیشی لەگەڵ د.ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا و شاندێکی کۆری چوونەتە سەرچیای کوڕەک و پەسنی هەوڵەکانی وەزیر و سەرۆکایەتی زانکۆشی دا لەوبارەوە"بەڵام بەداخەوە تائێستا هەر هەوڵن و تا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە، وەزارەت دەڵێ ئێمە ناتوانین هەموو شت بکەین لەبەرئەوەی پەیوەندی بەخاوەن بڕیاری سیاسی و خاوەنی بڕیاری زانستی و مادی هەیە".

## دەقی راگەیێندراوی کۆنگرەی قاهیرە لەبارەی روانگەی فەلەکناسیی کوڕەک

"بەشدارانی یەکەمین کۆبوونەوەی یەکێتی فەلەکناسانی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا کە نوێنەرایەتی 41 وڵات دەکەن،گفتوگۆیان لەسەر رادەی زیانەکانی روانگەی فەلەکیی کوڕەک لە کوردستانی عێراق کرد و، ئەو روانگەیە جێی هیواو گرنگییەکی زۆرە بۆ پێشخستنی زانستە فەلەکناسییەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و عێراقیش. کە لە تەلێسکۆبێک بە تیرەی 3.5 مەتر و یەکێکی دیکە بە تیرەی 1.25 مەتر و تەلێسکۆبێکی رادیۆیی لەرەداری میلیمەتری پێکدێت، ئەمەی خوارەوە پێشنیازی بەشداربووانە لەوبارەیەوە:

1- نێردەیەک لە کۆمەڵێک زانا پێکبهێندرێت بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی روانگەکە و مەزندەکردنی بڕی ئەو پارەیەی بۆ نۆژەنکردنەوەی پێویستە تا بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی و ئامادەبێت بۆ کارپێکردن. نێردەکە بۆیان هەیە ئەڵتەرناتیڤی بەردەست بۆ روانگەکە پێشنیاز بکەن. ئەکادیمیای نیشتمانیی زانست لە عێراق دەتوانێ ئەم جۆرە نێردەیە لەنێوەندە زانستییە نێودەوڵەتییەکان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین پێکبێنێت،تا هەڵسەنگاندنەکە ئەنجامبدەن و لەلایەن یەکێتی فەلەکناسانی نێودەوڵەتیی و هەموو رێکخراوە هەرێمی و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدراەکان پشتگیریی بکرێن.

2-کار بۆ کاراکردنی ئەرکی ئەو نێردەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەکە و جیهان بکرێت بۆ ئەوەی روانگەکە نۆژەن بکرێتەوە.

3-بەشدارانی کۆبوونەوەی یەکێتی فەلەکناسانی نێودەوڵەتی لە قاهیرە تکا لە ئەکادیمیای نیشتمانیی زانست لەعێراق دەکات کە چاودێریی روانگەکە بکا و پشتیوانی ئەو هەوڵانە بکەن کە بۆ نۆژەنکردنەوەو بەکارخستنەوەی دەدرێن".

### دوای 4 ساڵ کارکردن

# تەنیا 30%ی کارەکانی نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی تەواو بووە



ئازیزمەحمود
azizshane@yahoo.com

**ڕووداو – سلێمانی**

نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی شاری سلێمانی، دوای 4 ساڵ کارکردن تەنیا 30%ی کارەکانی تەواو بووەو کارکردن تێیدا ڕاگیراوە و سەرپەشتیاری پرۆژەکەش هۆکارەکەی بۆ کێشەی حەواڵەکردنی پارەی کۆمپانیاکە بۆ کوردستان گەڕاندەوە.

نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی کەوتوەتە باکووری شاری سلێمانی و بودجەی 57 ملیۆن و 56 هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو لەمانگی نۆڤەمبەری 2004وە دراوەتە کۆمپانیای uienc کۆری.

بەپێی گرێبەستی کۆمپانیاکە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبوایە لە 2008/8/1 بەتەواوکراوی و بەسەرجەم پێداویستییە پزیشکییەکانیەوە تەواو بکرایە، بەڵام تائێستا جگە لەتەواوکردنی 30% بینای پرۆژەکە هیچ پێداویستییەکی پزیشکی بۆ نەهێنراوە.

لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا، بەبیانوی جیاواز جیاواز کارکردن لەو پرۆژەیەدا بۆ چەندجارێک ڕاگیرا، ساڵی ڕابردووش سەرجەم کرێکارەکانی کە زیاتر لە 300 کرێکاری بیانین خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا بەهۆی نەدانی پارەی مانگانەیان.

پرۆژەکە سەرەتا لەسەر بودجەی بڕیاری 986 بڕی 40 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرا، دواتر پرۆژەکە درایەوە حکومەت و بودجەکەشی بۆ 57 ملیۆن دۆلار بەرزکرایەوە ئەویش بەبیانووی دابەزینی نرخی دۆلار و بەرزبوونەوەی نرخ.

ئێستا نزیکەی 3 مانگ بەسەر کاتی تەواوکردنی پرۆژەکەدا تێپەڕیوە، بە وتەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە کۆمپانیای جێبەجێکار ڕۆژانە بڕی 2500 دۆلاری ئەمەریکی غەرامە دەکرێت. هەروەها هۆکاری وەستانی پرۆژەکەشی گەڕاندەوە بۆ هەبوونی کێشەی حەواڵەکردنی پارەی کۆمپانیاکە لەکۆریاوە بۆ کوردستان.

هێمن خالید سەرۆکی بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەی نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی وتی " ئێستا پرۆژەکە جگە لە کێشەی دارایی هیچ کێشەیەکی دیکەی نییە، ئەگەر ئەوەش چارەسەربکرێت و بەدوو شەفت کاربکەین لەو بڕوایەدام لەمانگەکانی سەرەتای 2009 تەواو ببێت، هەرچەندە پرۆژەکە لە زەرەردایە، بەڵام بەردەوامین لەجێبەجێکردنی". گوتیشی"خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێت کێشەی حەواڵەی پارەم هەیە، بۆیە کارەکان ناڕوات، ئیتر نازانم وایە یان نا".

بەپێی گرێبەستەکە پرۆژەکە بریتییە لەنەخۆشخانەیەکی 400 قەرەوێڵەیی و تەواوی هۆڵەکانی نەشتەرگەری و بەتایبەتیش نەشتەرگەرییە دەگمەن و قورسەکان، وەک نەشتەرگەری دڵ و چاو.

هەروەها لەسەر کۆمپانیای جێبەجێکارە کە تەواوی پێداویستییە پزیشکی و ئامێرە پزیشکییەکانی دابین بکات.

هێمن خالید وتی"پرۆژەکە ئەگەر تەواو بکرێت بەپێی گرێبەستەکە، ئەوا یەکێک لەگەورەترین نەخۆشخانەکانی ناوچەکە دەبێت کە لەوڵاتانی دراوسێشدا شتی وا نییە".

دواکەوتنی ئەم پرۆژەیە لەکاتێکدایە کە نەخۆشخانەکانی ناوشاری سلێمانی کەمی شوێنی نەخۆش و گرفتی هۆڵەکانی نەشتەرگەریان هەیە .لەبارەی ئەگەری بەجێهێشتنی پرۆژەکەو تەواو نەکردنی لەلایەن کۆمپانیاکەوە، سه رپه رشتیا ری بۆردی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، وتی"کۆمپانیاکە تائێستا پەیوەستە بەکارەکانییەوە، بڕواناکەم بەجێی بێڵێت چونکە گرێبەستی هەیە، ئەگەر کۆمپانیاکەش کارەکە بەجێبێڵێت بڕواناکەم بە کۆمپانیای دیکە جێبەجێبکرێت، چونکە کارەکانی ئاڵۆزەو ئەم کۆمپانیایە تێیدا شارەزایە".

بەپێی قسەی دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی دەبوایە ئەو پرۆژەیە لەمانگی 11ی ساڵی ڕابردوو تەواو بکرایە، بۆیە ئەو پێیوایە دواکەوتنی پرۆژەکە زیانێکی زۆری بەخەڵکی ناوچەکەو ناوچەکانی دیکەی کوردستان و عێراقیش گەیاندووە "چونکە ئێمە هیوایەکی زۆرمان بەو پرۆژەیە هەبوو بۆچارەسەرکردنی نەخۆشەکانمان".

ناوبراو گوتیشی "یەک لەسەر سێی نەخۆشەکانی شارەکانی دیکەی عێراق ڕوو لەسلێمانی دەکەن وبەمەش پاڵەپەستۆیەکی زۆری تەندروستییان لەسەرەو شوێنی چارەسەرکردنیشیان نییە".

سەبارەت بە لێپێچینەوە بەرامبەر کۆمپانیاکە بەهۆی دواکەوتنی پرۆژەکە، بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی گوتی "ئێمە ناتوانین ئیجرائات بکەین، ئەوە کاری حکومەتە".

پێدەچێ کۆمپانیاکە دەست بەکارەکانی بکاتەوە، دکتۆر شێرکۆ گوتی "کۆمپانیاکە لەگەڵ کاک عومەر فەتاح کۆبوونەتەوە و ئەویش بەڵێنی هاوکاری پێداون لەسەر ئەوەی کە لە زەرەردان".

شاری سلێمانی تاکە شاری کوردستانە کە بێبەشە لە هەبوونی نەخۆشخانەیەکی گەورە، لەسەردەمی بەعسدا نەخۆشخانەیەکی گەورە و ستراتیژی لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق دروستکرا بە نێوی نەخۆشخانەی سەدام، تەنها لە شاری سلێمانی نەبێت.

بەپێی لێدوانی دکتۆر شێرکۆ ئەو پرۆژەیە تاکە پرۆژەی ستراتیژی دەبێت لەناوچەکەدابۆنەخۆشخانە"چونکە سەرجەم نەخۆشخانەکانی دیکە لەبنەڕەتدا بۆ نەخۆشخانە دروستنەکراون، بۆیە بەردەوام کێشەی شوێنیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش".

بەرپرسانی تەندروستی و خەڵکی شارەکەش هیوایەکی زۆریان بەنەخۆشخانەی 400قەرەوێڵەی هەڵواسیوە بۆکەمکردنەوەی کێشە تەندروستییەکان لە شارەکەیان.



پرۆژەی تەواونەکراوی نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی سلێمانی (فۆتۆ: ڕووداو)

# 20 بنکەی تەندروستی دادەخرێن 40 ی دیکەش مەترسی داخستنیان هەیە

**تایبەت بەڕووداو**

بەهۆی نەبوونی کارمەندی تەندروستییەوە، 20 بنکەی تەندروستی داخراون و 40 بنکەی دیکەش لەژێر مەترسی داخستندان، وەزیری تەندروستیش هۆکارەکە بۆ خراپی ڕەوشی ئابووری کارمەندانی گوندەکان و کەمی فەرمانبەران دەگەڕێنێتەوە .

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" 20 بنکەی تەندروستی کە لەگوندەکانی کوردستانن بەهۆی‌نەبوونی‌کارمەندی‌تەندروستییەوە داخراون و نزیکەی 40 بنکەی دیکەش لەبەر نەبوونی کارمەندی تەندروستی مەترسی داخستنیان لەسەرە".

د .زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان،ئەو زانیاریانەی پشت ڕاستکردنەوەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە " زۆربەی ئەو بنکە تەندروستیانە لەسنووری گوندەکاندان و زۆربەی گوندەکانیش تەنیا هاوینان ئاوەدانن و زستانان چۆڵدەکرێن، زۆر ئەستەمە بۆ ئێمەش هاوینان نەخۆشخانەکان بکەینەوەو زستانان دایبخەین".

ناوبراو نموونەی گوندێکی هێنایەوە کە 20 کارمەندی تەندروستی هەبووە و ئێستا ئەو کارمەندانە گواستراونەتەوە ناو شار "ئەو 20 کارمەندە هاتن و گازندەیان کردو وتیان بەهۆی هەندێک هۆکاری سیاسییەوە گواستراوینەتەوە، بەدواداچوونم بۆ کرد وتیان ڕاستە ئەمانە لەم گوندەن، بەڵام گوندەکە هیچ کەسی تێدا نەماوە، 20 کارمەندیش لەوێ بوون و مووچەیان وەردەگرت".

وەزارەتی تەندروستی کردنەوەی بنکەی تەندروستی بۆ هەموو گوندەکانی کوردستان بەسیاسەتێکی هەڵە ناو دەبات .وەزیری تەندروستی،لەو بارەوە دەڵێت" گوندەکانی کوردستان پەرش وبڵاون، لەو پەڕی بناری قەندیل گوندمان هەیە لەدوورترین ناوچەی گەرمیانیش گوند هەیە، گوندی واهەیە دوو سێ ماڵە، ئەستەمە بتوانرێت خزمەتگوزاری بگەیێندرێتە هەموو ئەو گوندانە، هەڵەیە بیر لەوە بکەیتەوە لەکوێ دوو ماڵ هەبوو بنکەیەکی تەندروستی بۆ بکەیەوە،ئەوە لەتوانای هیچ دەوڵەتێکی دونیادا نییە، من ئەوروپام بینیووەو لەهیچ دەوڵەتێکی ئەوروپاشدا شتی وانییە".

ئێستا وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەکە کە بەچەند گوندێک یەک نەخۆشخانەیان هەبێت و نەخۆشخانەکەش لەو گوندەدا بێت کە ژمارەی دانیشتوانی زیاترەو لەناوەندی چەند گوندێکی دیکەدایە .

سەبارەت بەو پرۆژەیە د .زریان عوسمان، گوتی "دەبێت پلانێک هەبێت بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو بنکانە، تاوەکو هەموو کەس بتوانێت بەئاسانترین شێوە لێی سودمەند بێت".

بەپێی وتەی وەزیری تەندروستی بەهۆی فشاری بەرپرسان چەندین بنکەی تەندروستی لەهەندێک گوندا دروستکراون کەپێویست نەبووەو هەندێک گوندیش پێویستیان بەبنکەی تەندروستییە و نیانە.

وەزیری تەندروستی ئەمە بە"بێ پلانی" ناو دەبات و دەڵێت" بەداخەوە هەندێک شت بێ پلان کراوەو پێشتریش و ئێستاش ناچاربووین لەسەر ئارەزووی هەندێک لەسیاسییەکان هەندێک شت بکەین لەبەر خاتری ئەم و ئەو، بنکەی تەندروستی کراوە نەمانتوانیوە بڵێین نایکەین، لەگوندێکی بچووک بنکەیەکی تەندروستی کراوەو گوندێکی گەورەش لەتەنیشتییەوەیە هیچی بۆ نەکراوە".

وەزیری تەندروستی وێڕای پشڕاستکردنەوەی هەواڵی داخستنی ئەو 20 بنکە تەندروستییە، لەبارەی داخستنیانەوە گوتی "ڕاستە ئەو 20 بنکە داخراون، بەڵام هەندێک لەو گوندانە زستانان کەسی لێ نیە، بۆ هەندێک شوێنیش ڕاستە کارمەندمان کەمە".

جگە لەبنکە تەندروستییەکانی گوندەکان نەخۆشخانە گەورەکانی ناوشاریش گرفتی کارمەندی تەندروستییان هەیە، لەکاتێکدا چەندین فەرمانگەی تەندروستی لەناوشارەکاندا ژمارەیەکی زۆر کارمەندیان هەیە، بەڵام دەوام ناکەن.

وەزیری تەندروستی دەڵێت"نەک کەمی کارمەند، خراپی دابەشکردنی کارمەندیش هەیە، زۆربەی لەناو شارەکان کۆبوونەتەوەو کارمەند نایەوێت لەنەخۆشخانە کاربکات، چونکە کاری زۆر دەوێت، دەچێتە بنکە تەندروستییەکانی ناوشار لەبەرئەوەی کەمترین کاری هەیە، زۆریان هەیە لەمانگێکدا پانزە ڕۆژ دەوام دەکات، یان هەفتەیەک دەوام دەکات و هەفتەیەک ناکات و ئامادەش نین بچنە دەرەوەی شارو فەرمانگەکانیش فشاریان نەخستووەتە سەریان کە بچنە دەرەوەی شار".

د. زریان زۆر نیگەرانە لەم دیاردەو دەڵێت" سەردەمی سەدام بووایە بەزۆر دەیان ناردن، ئەگەرنەچوونایە سزا دەدران".

هۆکارێکی سەرەکی کەوا دەکات کارمەندانی تەندروستی ئامادەیی ئەوەیان تێدا نەبێت بچنە گوندەکان، دەرماڵەی کارمەندانی ناوشار زیارترە لەگوندەکان.

وەزیری تەندروستیش ئەم سیستەمە بە"سیستەمێکی نارێک" ناو دەبات و دەڵێت" زۆر نارێک و هەڵەیە، سەندیکای کارمەندان پار ساڵ خۆیان داوایان کرد، کارمەندێک لەنەخۆشخانەیەکی ناو شار کار بکات 100 هەزاری دەدەنێ، ئەگەر لەفەرمانگە تەندروستییەکانی ناو شار بێت 75 هەزاری دەدەنێ، بەڵام ئەگەر لەدەرەوەی شار بێت 50 هەزار وەربگرێ".

د. زریان عوسمان ئەمەش بەگرفتێکی گەورە ناو دەبات و دەڵێت"کارمەند ئامادە نییە بچێتە ئەو شوێنە دوورانەو دەڵێت مووچەکەم بەشی ڕێگاکەم ناکات،بەڵام سیستەمی مووچە دەگۆڕێت کۆمەڵێک دەرماڵە نوێی وەک ترسناکی و خێزانداری و شوێنە دوورەکانی تێدایە".

جگەلەداخستنی‌بنکەتەندروستییەکان چەندین بنکەی دیکەی تەندروستی هەن یەک تاکە کارمەندیان هەیەو ئەو کارمەندەش ئامادەی دەوامکردن نییە و ئەو بنکە تەندروستیانەش مەترسی داخستنیان هەیە.

د. شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیش ئەوە بۆ (ڕووداو) دەخاتەڕوو کە" تەنها لەسنوری فەرمانگەی سلێمانی 18 بنکەی تەندروستی هەیە کە تەنها کارمەندێکیان هەیەو کارمەندەکانیش بەردەوام ماندەگرن و دەڵێن دەوام ناکەین".

وەزیری تەندروستی بەهیوایە ئەو گرفتانە چارەسەر ببن و دەڵێ "بۆ ئەمساڵ لەگەڵ بودجەکەدا 5500 پلەمان بۆ هاتووە بۆ دامەزراندن، دەتوانین 5500 کەس دابمەزرێنین بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو شوێنانەی پێ پڕ بکەینەوە کە پێداویستیان هەیە".

# یۆرانیۆم هەڕەشە لەموسڵ دەکات

**زەینەب موسڵاوی**
**ڕووداو . موسڵ**

ڕێژەی تووشبوون بەنەخۆشی شێرپەنجە لەشاری موسڵ بەرەو هەڵکشان دەچێ و، سەرچاوە تەندروستییەکانیش ئاشکرایان کرد کە تووشبوون بەنەخۆشی شێرپەنجە لەشاری موسڵ بەرێژەی70% زیادی کردووە و هۆکارەکەشی بۆ پیسبوونی ژینگەی شارەکە دەگەڕێننەوە بەهۆی بڵاوبوونەوەی مادەی کیمیایی یۆرانیۆم.

بەپێی مەزندەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لەساڵی 2005 زیاتر لە 6 ملیۆن و 700 هەزار کەس لەجیهان بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە گیانیان لەدەستداوە و، ڕێکخراوەکە پێشبینیش دەکات لەنێوان 2005-2015 زیاتر لە84 ملیۆن کەس لەجیهان بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە گیان لەدەستبدەن.

دکتۆر نزار ئەحمەد، پزیشک و ڕاوێژکار لەبواری نەخۆشیەکانی هەناو لەموسڵ، هۆکاری تووشبوونی هاووڵاتییانی موسڵی بەو نەخۆشییە بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی " هۆکاری سەرەکی فراوانبوونی تووشبوون بە شێرپەنجە لە موسڵ پیسبوونی ژینگەی شارەکەیە".

ئەو دکتۆرە گوتیشی "دەرک بەوە کراوە لەسەرەتای ساڵی 1994 وە ڕێژەی تووشبووانی شێرپەنجە لەعێراق لەزیادبووندایە، دیارە ئەوەش زیاتر پەیوەندی بەو جەنگانەی ڕابردووەوە هەیە، کە ژینگەی عێراقیان بەشێوەیەکی گشتی پیسکردووە".

هەروەها ناوبراو ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە بەنیازن لە 3 مانگی داهاتوو ڕووپێوێکی سەرتاسەری لەشاری موسڵ ئەنجامبدەن، بۆ زانینی ئاماری تووشبووان بەنەخۆشی شێرپەنجە. ئەو پسپۆرە سەرسوڕمانی خۆیشی لەدەرکەوتنی هەندێک جۆری شێرپەنجەی نوێ نیشانداو گوتی "جێگای سەرسوڕمانە هەندێک جۆری شێرپەنجەی نوێ پەیدابووە پێشتر زانیاریمان لەسەریان نەبووە".

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە لەساڵی 1995 ژمارەی تووشبوانی شێرپەنجە لەموسڵ 800 کەس بوو، لەساڵی 2005 ئەو ژمارەیە گەیشتە 1600 کەس، بەڵام ئێستا ژمارەکە بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە بەجۆرێک لە هەر 100 هەزار کەس 40 کەس لەماوەی ساڵێکدا تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن.

دکتۆر عامر بەزاز، مامۆستای نەخۆشیە تەشەنەکراوەکان و چاودێری تەندروستی لەکۆلیژی پزیشکی زانکۆی موسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی نەخۆشی شێرپەنجە لەموسڵ بەرێژەیەکی چاوەڕواننەکراو زیادیکردووە.

سەبارەت بەهۆکاری زیادبوونی ئەو نەخۆشییە، ئەو زانسکارە گوتی"ناتوانین هۆکارەکان بەشێوەیەکی ڕاست و زانستی دەستنیشان بکەین، بەڵام لەڕووی زانستیەوە پیسبوونی ژینگە، بڵاوبوونەوەی تیشک، جگەرەکێشان، زبڵ و خۆراک و ئاوی خراپ کاریگەریان هەیە لەسەر ئەو زیاد بوونە".

هەروەها محەممەد ئەلوەتار، توێژەری تایبەت لەبواری پیسبوونی ژینگە، زیادبوونی ڕێژەی تووشبووانی بەنەخۆشی شێرپەنجە گەڕاندەوە بۆ ساڵی 1991 و ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی هەندێک تەقەمەنی کە لەیۆرانیۆم دروستکرابوون لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لەکاتی بۆردوومانکردنی هەندێک ناوچەی شاری موسڵ.

ناوبراو ئاماژەی بەترسناکی ئەو مادە کیمیاییە کرد و گوتی "یۆرانیۆم ماددەیەکی زۆر ترسناکە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ، ماوەی 4-5 بلیۆن ساڵ دەمێنێتەوەو زیانێکی زۆریش بەمرۆڤ دەگەیێنێت".

بەپێی قسەی ئەلوەتار لەجەنگی 2003ی ئەمریکا و عێراقدا، دووبارە ئەو چەک و تەقەمەنیانە لەلایەن‌ئەمریکاوە بەکارهێنرانەوەو کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی گازی ژەهراوی و تیشکی یۆرانیۆم لەنێو گەڕەکەکانی ئەو شارە " ژینگەی زیاتر لە 100 شوێنی شاری موسڵ پیسبووە".

ساڵی 2004 پارێزگای موسڵ ڕێگەی بەبازرگانانی شارەکە دا کڕین و فرۆشتن بەئۆتۆمبێلە سەربازییەکان بکەن، لەئەنجامدا خەڵکێکی‌زۆردەستیکرد‌بەپارچەپارچەکردنی ئۆتۆمبێل و چەک و تەقەمەنی سەربازی، ئەمەش وایکرد ئەو کەرستانە لەگەڵ خۆیاندا ماددەکە لەشوێنە سەربازییەکانەوە بگوازنەوە سەرجەم شارەکەو دەوروبەریشی.

ئەو توێژەرە ئاماژەی بەوەشدا کە ناوچەکانی بادۆش، ئەسکی موسڵ، حەمام عەلیل، شەرگات، گەیارە زۆرترین ڕێژەی تیشکی یۆرانیۆمیان تێدا بڵاوبووەتەوە "چونکە ئەو ناوچانە ڕووبەڕووی زۆرترین بۆردومانی هێزەکانی ئەمریکا بوونەتەوە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ناوبراو پێشنیازی کرد گۆڕستانێکی تایبەت بەشێوەیەکی کاتی لەڕۆژئاوای موسڵ بەدووری 200 کیلۆمەتر لەشار دروستبکرێت بۆ شاردنەوەی پاشماوەکانی ئەو کەرستە ئاسنە سەربازییە لەکارکەوتووەکانی سوپای عێراق، هەروەها هەڵمەتێکی ڕۆشنبیری و هۆشیاری لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لەمەترسی بازرگانیکردن بەو کەرستانە دەست پێ بکرێت.

بەگوێرەی ئامارەکان ناوچەی ڕۆژئاوای موسڵ زیاتر لە 3700 ئامانجی سەربازی تێدا بووەو بۆردومانکراون کە لەساڵی 1991 زیاتر لە 1400 تانکی حکومەت تێکشکاون و دواتر چاککراونەتەوەو لەجەنگی 2003 دا بەکارهێنراونەتەوە.

پسپۆرانی سەربازی ئاماژە بەوە دەکەن لەهەردوو جەنگی 1991 و2003 دا تەنها لەموسڵ زیاتر لە 50 تەن لە چەکی یۆرانیۆم بەکارهێنراوەو لەساڵی 2003 وە تاکو ئێستا بەهۆی تەقینەوەکان و تەقەمەنییەکان زیاتر لە 80 تەن لەو ماددەیە لەنێو شاری موسڵدا بڵاو بووەتەوە.

## مەلایەکی کورد پێیوایە ئەو ئازادیە ئاینیەی لە کەنەدا هەیە لەکوردستان نییە

# مەلا سیبغەتوڵڵا: سەتەلایت فیتنەی ئاخیر زەمانە و پانتۆڵ لەبەرکردنیش حەرامە

مەلا سیبغەتوڵڵا مەلا محەممەد شەفیع، هەڵگری ماستەرە لە دیراساتی ئیسلامی و تەواوی قورئانیشی لەبەرە، لە ساڵی 1978 بۆ خوێندن چووەتە عەرەبستانی سعودی و نۆ ساڵ لەوێ ژیاوەو پاشان لە ڕێگەی تورکیاوە چووەتە کەنەداو وەڵاتینامەی کەنەدی هەیەو چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە کوردستان، بەڵام وەک خۆی دەڵێ بەنیاز نییە بەیەکجاری بگەڕێتەوە چونکە وەک ئەو دەڵێ "ئەو ئازادییە ئاینییەی لەکەنەدا هەیە لە کوردستان نییە"، ساڵی 2002 دوو کوڕی لە کەنەداوە پەیوەندییان بە هێزەکانی ئەنسارولئیسلامەوە کرد ولە هێرشەکانی 2003دا بۆسەر ئەنسار کوڕێکی کوژرا و یەکێکیشیان تا ئێستا بێ سەروشوێنە، بۆ هەڵدانەوەی هەندێ لاپەڕەی ژیانی ئەو مەلایە کوردە و زانینی بۆچوونە سەرنجڕاکێشەکانی، (ڕووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ کرد:

ڕووداو–هەولێر

**ڕووداو: تۆ وەک کەسێکی ئایینداری موسڵمان چۆن خۆت لەگەڵ ژیانی ڕۆژئاوا گونجاند؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** مرۆڤ کە چووە وڵاتێک ئەوەی حەرام نەبێت دەتوانێت بەکاری بێنێت، وڵاتانی ڕۆژئاوا ئازادییەکی تەواو دەدەنە مرۆڤی موسڵمان،وانییە وەک ئەوەی خەڵکی ئێرە بیری لێدەکەنەوە.

**ڕووداو: ڕات چییە بەرامبەر ئەوانەی پێیانوایە ئەوروپا و ڕۆژئاوا یانی بەدڕەوشتی وبێدینی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** دەوڵەتێکی وەکو کەنەدا ئازادییەکی تەواو دەداتە هەموو کەس، کەسێکی گاپەرست ئازادە لە پەرستنی خۆی، فەلەیەک ئازادە بچێتە کڵێسا، موسڵمان ئازادە بچێتە مزگەوت، یاسایەکی واهەیە نابێت جیاوازی ئاینی گرفت دروست بکات، ئەوە نییە کەس بەکەس بڵێت دینەکەت خراپەو دەچیتە جەهەننەم. بەهۆی ئەو یاسایە وەک دەڵێن گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە.دەچووینە قوتابخانە دەمانخوێند خەڵک هەبوو زۆر بەدین بوو خەڵکیش هەبوو زۆر بێدین وخوانەناس، کەس پەیوەندی بەکەسەوە نەبوو هەموو پێکەوە دادەنیشتین و قسەی خۆشمان دەکرد. بەڵام مزگەوت بۆی نییە دەنگی بانگەکەی بچێتە دەرەوە، بەهەمان شێوە کڵێسەش نابێت دەنگی بگاتە دەرەوە. لەوێ ئایین بۆ ناو مزگەوت و کڵێسا و پەرستگەیە.لەوێ تەنیا یەک گرفتمان هەبوو ئەویش پەروەردەکردنی منداڵ بوو. منداڵ کاریگەری دەروبەرو ژینگەی لەسەرە، ئەستەمە بتوانی لەوێ منداڵی خۆت باش پەروەردە بکەی، ئەویشمان لەڕێی قوتابخانەی ئیسلامی چارەسەر کردبوو.

**ڕووداو: ئەگەر سیستمێکی عەلمانی هاوشێوەی کەنەدا لە کوردستان دروست ببێ پێی ڕازی دەبی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** من بەعەلمانیەت ڕازی نیم، چونکە من موسڵمانم، قورئانیش دەفەرموێت "ومن لم یحکم بما انزل الله فاولئک هم الکافرون"، من ناتوانم ئەو ئایەتانە هەموو فڕێبدەم و بڵێم من عیلمانیم، بەڵام کە بەعەلمانیەتیش ڕازی نیم، شەڕیشی لەگەڵ ناکەم .بەڵام بەلانی کەمەوە لە دڵی خۆمدا پێی ڕازینیم، چونکە من موسڵمانم ئەگەر بە دڵ بە عەلمانیەت ڕازی بم پێی کافر دەبم.

**ڕووداو: بەڕای تۆ ئەو سیستەمەی ئێستا لەکوردستان هەیە سیستمێکی عەلمانییە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** تێکەڵاوە، نە عەلمانییە و نە ئیسلامییە، هەردوو لای تێدایە.

**ڕووداو: ئەو ئازادییە ئایینیەی لەکەنەدا هەیە، لەکوردستان هەیە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەداخەوە ئەو ئازادییە دینی و دونیاییەی لەوێ هەمبوو لێرە نیمە، لەکەنەدا بە ئازادی وانەی دینیم دەگوتەوە، لەڕێگا ئەگەر پۆلیس ڕایبگرتبامایە دەیگووت: هیچت نەخواردووەتەوە، دەمگوت: شەربەتم خواردووەتەوە، دەیگوت: بەو شەوە بۆ کوێ دەچی؟ دەمگوت: دەچم وانە دەڵێمەوە، بە ئینگلیزی دەیگوت welcome واتە بەخێر بێی، لەوێ نەدەترسام شەو بچمە مزگەوت، بەڵام ئێستا ئەگەر لە کوردستان کاتژمێر 2ی شەو بچمە مزگەوت بڵێم شەو نوێژ دەکەم دەڵێن دەچی حیزب دادەمەزرێنی. کەچی لەکەنەدا ڕەمەزانان کاتژمێر 2 ی شەو دەچوومە مزگەوت وکەسیش لێنەدەپرسیم بۆ کوێ دەچی.

**ڕووداو: منداڵەکانی تۆ لەکەنەدا زیرەکبوون وخوێندنی باشیان تەواوکرد، یەکێکیان لە کەنەداوە پەیوەندی بەئەنسارولئیسلام کردو چووە ناویان کوژرا،چی وای لێکرد ئەو بڕیارە بدات؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەو ئازادییە زۆرەی کەنەدا ئەو خراپییەشی لێدروست دەبێ، کە دەبینی کەسێک هەیە لە ڕوانگەی دینییەوە یان لە ڕوانگەی بێدینییەوە زۆر ئازادە،دەبینی بێ دینی توندڕەو و دینداری توندڕەو دروستدەبێ، دینی ئێمە دینێکی نێوەندییە (خیر الامور اوسطها) نابێت ئیفرات و تەفریتی تێدابێت، ئەگەر لەسنوورێک تێپەڕی خراپە. سەعیدی کوڕم کێشەی نەبوو، لەسەر پەروەردەی من بوو، بەڵام بەهۆی هاوڕێکانی کە نەشمزانی ئەوانە هاوڕێین، بەلاڕێیاندا برد و تووشی ئەوە بوو.

**ڕووداو: هاوڕێکانی خەڵکی کوێ بوون؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** عەرەبی عێراق بوون .

**ڕووداو: واتە کەکوڕەکەت هاتەوە کوردستان و پەیوەندی بە ئەنسارەوە کرد ئاگادار نەبووی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئاگاداربووم و گومانم لێی هەبوو دەترسام پەیوەندی هەبێت، بەڵام نەمزانی ئەوان ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ دەکەن، کە هاتەوە کوردستان تەلەفۆنم بۆ خاڵی کرد و پێمگوت بگە سەعید ڕەنگە پەیوەندی بە وان بکات، کە هاتەوە زۆر نەمایەوەو ڕۆیشت و ئەوان بردیان.

**ڕووداو: پەیوەندی لەگەڵ چ گرووپێک هەبوو؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** لەسەرەتادا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی هەبوو، ئەوکابرایەی ئەوی برد لەگەڵ کۆمەڵ بوو، کاتێک ڕۆیشتە ئەوێ ئەخلاقی کۆمەڵی بەدڵ نەبوو، وتی ئەوانە دینی تەواویان نییەو دواتر چووە ناو ئەنسار.

**ڕووداو:ئاگاداری پەیوەندی کوڕەکەت بووی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:**نەخێر، ئەوەندە نەبێت وتیان لای کۆمەڵی ئیسلامییە، کە من چووم بیهێنمەوە چووبووە لای ئەنسار، ئیدی وەک دەڵێن دەست وپێم شکا.

**ڕووداو: چوویتە لای ئەنسار؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڵێ چووم کوڕەکەم بێنمەوە، شەو تابەیانی هەوڵم لەگەڵدا، نەمتوانی قەناعەتی پێبکەم.

**ڕووداو: لەکوێ بوو؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** لەبیارە بوو.

**ڕووداو: ئەنسارولئیسلامت چۆن بینی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئامۆژگاریم کردن و پێمگوتن شێوازی ئێوە شێوازێکی هەڵەیە، دەعوەی ئێوە دەعویەکە خەڵک نەفرەتتان لێدەکات، ئێوەدەچن گۆڕی خەڵکی دەردێنن، ئەوە نموونەیەکە لەهەڵەکانتان. خۆیان بەمنیان وت کاتێک لەگەڵ کەسێک بەشەڕ دێین و لێی دەدەین ئەگەر ساڵح بێت دەیبەینە بەهەشت و ئەگەر فاسق بێت دەیبەینە جەهەننەم، وتم بۆ لەشیری ئێوە نووسراوە ئەوە کافرە تالێیدەن و بیکوژن؟ ئەوە بەکێ دەکرێت؟ بەپێغەمبەر نەکراوە تا بەئێوە بکرێ.

**ڕووداو: لەوێ لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی ئەنسار قسەت کرد؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:**بەڕاستی نەمزانی ئەو کەسە کێ بوو کە لەوێ قسەم لەگەڵ کرد، لەگەڵ کوڕی خۆم قسەم کردو کۆمەڵێک گەنج بوون قسەم لەگەڵ کردن، هەیان بوو قسەی منیان پێ ناخۆش بوو، دانیشتنەکەیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن.

**ڕووداو: کاتێک ئەم قسانەت کرد لەوە نەترسای فتوایەکت لە دژ بدەن؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** زۆر نەمامەوە، تەنیا یەک شەو بوو، نەگەیشتە ئەوەی لێژنەم بۆ پێکبێنن، دواتر من فیدایی چوو بووم، ئەگەر کاتی هات مرۆڤ نابێت بترسێت بابمکوژن، تەنانەت سبەینێش خواحافیزیم لێنەکردن و ئەوان لەخەودا بوون کە ڕۆیشتم.

**ڕووداو: لەوێ کوڕەکەت چ بەرپرسیارێتییەکی هەبوو؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** کوڕەکەمیان هەڵخەڵەتاندبوو، پۆستی نەدەویست، کەسێکی حافزولقورئان بوو، چووبوو لەوێ خۆی فێری تفەنگ تەقاندن بکات و حەزی لێبوو بچێ لەوێ دانیشێ.

**ڕووداو: لەکەنەدا چی خوێندبوو؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** کوڕەکەم نۆ بڕوانامەی لە بواری کۆمپیوتەر بەدەستهێنابوو، شارەزاییەکی باشی لەکۆمپیوتەرونێتۆرکینگ هەبوو. زانکۆی یۆرک ی لە تۆرۆنتۆ تەواو کردبوو.

**ڕووداو: لەبەر کوڕەکەت کەنەدات بەجێهێشت یان خۆت بڕیاری گەڕانەوەتدا؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** نەخێر بۆ خۆم گەڕامەوە، کە خێزانی یەکەمم مرد ژنی دووەمم لێرە هێنا و،حەزم نەکرد خێزانەکەم فێری عادات و تەقالیدی ئەوێ ببێ بۆیە گەڕامەوە. بۆ مەسەلەی کوڕەکەم، کەنەدا تەنیا یەکجار بەدوایدا ناردم، یەک موقابەلەیان لەگەڵ کردم کە زانیان ئەو شتە فکرەی من نەبووە، گوتیان هیچت لەسەر نییە.

**ڕووداو: کوڕەکەی دیکەت (مەسعود) لەکوێیە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەویش لەگەڵ سەعید بوو، نازانم لەکوێیە، بزرە.

**ڕووداو: لەسەر کوڕەکانت لێرە کێشەت بۆ دروست نەبووە و ئاسایش بانگی نەکردووی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئاسایش لەدوای منی ناردو ئەو قسانەم پێگوتن کە بۆ ئێوەم کرد.

**ڕووداو: چی وای لەکوڕەکەت کرد لەو ژیانە خۆشەی کەنەدا بچێتە ئەو شاخ وداخانەو دوای ئەنسار بکەوێت؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەوە پەیوەندی بەعەقیدەوە هەیە. من لەوێش گفتوگۆم لەگەڵ کردو وتم ئێستا جیهادی فەرز ولعەین نەماوە، تۆ ئێستا لەسەرتە خۆت بپارێزی.

**ڕووداو: ئایا ئێستا جیهاد لەکوردستان هەیە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** جیهاد مانایەکی زۆر گەورەی هەیە، جۆرە جیهادێک هەیە پێی دەوترێت جیهادی نەفس کە بەربەرکانێی شەیتان و شەڕبکات، جیهادی نەفس واجبە لەسەر هەموو کەسێک، جیهادێک هەیە کابرا خۆی حەزی لەوەیە موسڵمانێکی زۆر بەدین بێت و لەشی خۆی بەهێز ڕابگرێت، بەڵام جیهاد بەمانا کوشتنەکەی نا،چونکە تۆ کێ دەکوژی؟ من بچم کوردێک بکوژم؟ دوژمن ئەگەر کافریش بن باڵا دەستن بەسەر ئیسلامدا، شێخ ئیبن حەجەرو ئەوان دەڵێن حەوتسەد ساڵ پێش ئێستا جیهاد هەڵوەشاوەتەوە، لەبەرئەوەی کافر دەسەڵاتدارتربووە ئیدی ناتوانی جیهادی هجومی بکەیت، جیهادی بەرگریش هەیە تۆ کابرایەکی لەماڵی خۆتدای کە هێرش دەکرێتە سەرت دەبێت بەرگری لە خۆت بکەی، تەنیا ئەوەندە جیهادەمان هەیە.

**ڕووداو: هەندێک ئیسلامی کوردستان ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ حیزبە عەلمانییەکاندا بە جیهاد دەزانن، بۆچونی تۆ لەوبارەوە چۆنە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** جیهاد بەمانای شەڕ پێموایە هەڵەیە، عەلمانییەکان لە ئیسلامییەکان بەهێزترن، ئەگەر جیهادی شەڕبکەن زیان بەکوردستان و ئیسلامیش دەگەیێنن، بەڵام جیهاد بەمانای لێکتگەیشتن لەبوارەکانی بەرگریکردن لەحیجاب وبالاپۆشی و نەهێشتنی دروستبوونی سەرکۆتی وبێ ئەخلاقی ئەو جۆرە جیهادە شەرعییەو شتێکی باشە.

**ڕووداو: بۆچوونت لەسەر سیستەمی دەسەڵات لەکوردستاندا چییە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڕاستی من وەکو زانایەکی ئیسلام پەرێشانم و عاجزم کەسەیر دەکەم کوردستان 20 ساڵ پێش ئێستا چۆن بووەو ئێستا چۆنە. ئەو هەموو کەناڵانە پەیدابوونە، ڕۆژئاوا چ دەکا لە ڕەقس و هەڵپەڕین و بێ ئەخلاقی دەبینم هاتووەتە ئێرە، ئێمە ئەگەر دینیش نەبێت داب و نەریتی کوردەوارییمان هەیە کە بەدین و بەئەخلاق بووە، من لەگەڵ ئەوەنیم ئەگەر ژنێک هەڵەیەکی کرد بکوژرێت، ئەو بابەتە پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە،ئەگەر حکومەت نەیکوژێ وتۆ بیکوژێ ئەوە شتێکی

### من لەگەڵ ئەوەنیم ژنێک هەڵەیەکی کرد بکوژرێت پێویستە پیاو هەر لەسەرەتاوە ڕێگە نەدات کچەکەی ئازاد بێت

هەڵەیە، پێویستە پیاو هەر لەسەرەتاوە کچی خۆی لەهەڵە بپارێزێت و ڕێگەی نەدات ئازاد بێت.

**ڕووداو: هیچ کاتێک گەیشتوویەتیە ئەو باوەڕەی بگەڕێیەوە کەنەدا؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** زۆرجار دەگەمە ئەو باوەڕەی بگەڕێمەوە کەنەدا، چونکە ئەوەی من دەمەوێ لێرە نییە. بۆ نموونە من دەمەوێ ئازادیم بدەنێ، لە مزگەوتێک 50 قوتابیم هەبێ وانەی قورئانیان پێ بڵێم، ئەوە نییە. چوومە قوتابخانەیەکی فەقێیان وانەیان پێ بڵێم، فەقێیەکان نەوێران دەرسم لەلا بخوێنن، مەسائیلی ئەنسارولئیسلامیان پێگوتبوون، گوتبوویان ئەو کابرایە ئەگەر دەرسی لەلا بخوێنن، ناوتان بەد دەبێ. لێرە زۆر هەوڵمداوە، بەڵام ڕێگەم پێنەدراوە، بەڵام لە کەنەدا پێویستیم بەڕێگە پێدان نییە، لەوێ لە 3 مزگەوت وانەم دەگوتەوە، حەزم دەکرد لێرە تەلەڤزیۆنێک دابنێم، کە وانە بەخەڵک بڵێم. من حەز لە سیاسەت ناکەم، حەز ناکەم ببمە وەزیری ئەوقاف یان بەرپرس، بەڵکو حەز دەکەم خزمەتی قورئان بکەم، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێت ((خیرکم من تعلم القران وعلمه).

**ڕووداو: چەند کەناڵێکی حیزبە ئیسلامییەکان هەن بۆ لەڕێگەی ئەوانەوە هەوڵت نەداوە بەرنامەکەت جێبەجێ بکەی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** نەوێراوم، لەبەر حیزبەکانی دیکە ترسام. لەبەر ئەوەی چاودێریشم لەسەرە زیاتر منیان تۆمەتبار دەکرد بەئیسلامی، دواتریش ئەوەی من دەمەوێ لەو تەلەڤزیۆنانەدا نییە.

**ڕووداو: هەوڵت نەداوە لەڕێگەی تر ئەو پرۆژەیەی خۆت جێبەجێ بکەی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ویستمان لەگەڵ جەلیل خەیات ئەو پرۆژەیە بکەم، بەڵام بەداخەوە ئەو مرد، لەگەڵ کوڕەکانیشی هەوڵم نەدا

**ڕووداو: جەلیل خەیات چی گووت؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** من هەر نەمدیت، ویستم قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام کەچوومەوە کەنەداو هاتمەوە ئەو ئەمری خودای کردبوو

**ڕووداو:چۆنە تا ئێستا پەیوەندیت بە یەکێتی زانایانەوە نەکردووە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** وەکو شەخسی چوومەتە لای زۆربەیان، بەڵام بەرەسمی نەچوویمە لایان، بەڕای خۆم ئەوان ڕۆڵی خۆیان تەواو نابینن، ئەو عیلمەی هەیانە بەتەواوی پێیان جێبەجێ ناکرێ، بۆیە منیش دانیشتنم پێ باشترە.

**ڕووداو: هەندێک دەڵێن یەکێتی زانایان ڕێکخراوێکی حیزبییە، بۆ نموونە لەهەولێر و سلێمانی هەیەو تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە، ڕای تۆ چییە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** من تێکەڵی سیاسەت نابم، ئەگەر تێکەڵیشی بووم، دەچم ڕاست و ڕاست دەبمە کادیرێکی حیزبی، نامەوێ دین لەڕێگەی دنیاوە بخۆم.

**ڕووداو: پێتوایە یەکێتی زانایان سیاسەت دەکەن؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەگەر بۆ خودای بکەن خێریان دەگاتێ، ئەگەر هەر تەنیا مەبەستیشیان بۆ ناوبانگ دەرکردن بێ و هەندێک مەلا نانی پێ بخۆن،ئەو نانە حەرامە.

**ڕووداو: بۆچی تاوەکو ئێستا وەکو مامۆستایەکی ئاینی لەوەزارەتی ئەوقاف دانەمەزراوی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** نامەوێ لەڕێگەی دینەوە دونیا بخۆم .

**ڕووداو:دەڵێن تەلەڤزیۆن لە ماڵەکەتدا نییە، ڕاستە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڵێ ڕاستە، تەلەڤزیۆنم هەبوو، بەڵام بەهۆی تەلەڤزیۆنەوە بەرنامەی قورئانم زۆر لێتێکچوو،چونکە بەرنامەی سەرنجڕاکێشەری تێدابوو، وای لێکردبووم شەو نوێژم نەمابوو.لە ڕووی شەرعییەوە تەلەڤزیۆن شتی وای تێدایە حەرامی فعلییە، شتی وای تێدایە مەکروهی کولییە، شتی واشی تێدایە جائیزە، ناتوانی بڵێی سەد دەر سەد ئەوەی لەناو تەلەڤزیۆندا هەیە حەرامی کولییە، بەڵام ئەگەر ئەو جائیزەی کە تەماشات دەکرد نەتتوانی لە حەرام خۆت بپارێزی ئەو جائیزەشت بۆ حەرام دەبێ. بۆ نموونە من تەماشای قورئان دەکەم کە جائیزە، ئەگەر بێت و قورئان تەواو بوو خۆم پێنەگیرا و دەستم تێوەردا و چووم شتێکم تەماشا کرد بۆم حەرام بوو، نابێت تەماشای قورئانیش بکەم.

**ڕووداو: بەڵام سەتەلایت بە کۆنترۆڵە و لەدەستی خۆتدایە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڕاستی سەتەلایت دەردی ئومەتی ئەو زەمانەیە، نیشانەیە بۆ ئەو فتنەیەی کە پێغەمبەر باسی کردووەو دەڵێت فیتنەک دێت لە ئاخیری زەمان، پیاوی ساڵح و فاسد دەگرێتەوە، فیتنەیە بەو مانایای یان دەتباتە ناو جەهەننەم یان دەتباتە بەهەشت، جا ئەو فیتنەیە بە چ جۆرێک خۆی لێ بپارێزی. بۆ نموونە تۆ بچی تەماشای بەرنامەی ئاژەڵان بکەی خۆ هەتا هەتایە بەرنامەی ئاژەڵان نابێ، کە لاتبرد سەیری شتێکی حەرامت کرد، ئەو کاتە حەڵاڵەکەشت لێ حەرام دەبێ. ئەگەر بتوانی سەد دەرسەد تووشی گوناه نەبی ئەوە جائیزە.

**ڕووداو: لە ڕووی شەرعییەوە سەتەلایت حەرامە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەگەر حەرامیش نەبێت مەکروهە، چونکە موعەڕەزی بۆ فەساد، دە بڕۆ بە تەنیا لەبەر سەتەلایت دانیشە کە هەموو کەناڵێکی تێدا بێ، با شەیتان لێت نەگەڕێ گوناه بکەی. ئەگەر لێت گەڕا و چ گوناهت پێ نەکردن ئەوکات جائیزە.

**ڕووداو: واتە حەرام نییە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** حەرام نییە لەبەر خۆی، بەڵام حەرام دەبێ چونکە سەیری شتی حەرامی پێدەکەی، ئەگەر حەرامی پێنەکەی حەرام نییە. بە من بێ سەتەلایت لە ماڵی هیچ موسڵمانێک نەبێ. بۆیە من تەلەڤزیۆنم نییەو تەماشاشی ناکەم.



مەلا سیبغەتوڵڵا محەممەد شەفیع دێڵزی (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو: بەڵام ئەوەی لە تەلەڤزیۆن و سەتەلایت هەیە لە واقیعیش هەیە لەسەر جادە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:**من خۆم لەو واقیعە دەپارێزم، بەڵام نامەوێ ئەو واقیعە بێتە ناو ماڵی من. بۆ نموونە ئەگەر هەر ژنێک تۆ تەماشات کردو بۆت بە گوناە بنووسرێ ئەوە هەرگیز ناچییە بەهەشت، بەڵام ئەگەر ژنێکم کەوتە پێش چاو وچاوی خۆم لێگیرکرد و پێم جوان بوو، ئەوجا هەوڵمدا جارێکیتر تەماشای

### ئەگەر دکتۆری ژن نەبوو جائیزە بچێتە لای دکتۆری پیاو و کەشفی عەورەتیشی بکات

بکەمەوە ئەوە نەزەرە و دروست نییە.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر لە دائیرە وفەرمانگەیەک بووی ژنێک کارەکانی بۆ جێبەجێ کردی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەپێی حاجەت دەگۆڕێ، هەوڵدەدەم تەماشای پێش خۆم بکەم و تەماشای ژنەکە نەکەم، ئەگەر ناچاربووم تەماشای بکەم، ئەوە پاشان داوای لێخۆشبوون و ئیستیغفار دەکەم و دوو ڕکعات سوونەت دەکەم وتەوبە دەکەم.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر لەگەڵ ژنێک لەشوێنێک کەوتییە گفتوگۆ، بۆ نموونە ژنێک لەجیاتی ئێمە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردبای؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** لەوانەیە نەمکردبا، ئەگەر خەڵوەت بووایە .هەر نەمدەکرد، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵەکە کەسێک بووایە دەمکرد چونکە ئەوەش وەکو بابەتی تەعلیم وایە، دروستە تەماشای ژنان بکەی.

**ڕووداو: هەندێک کەس داوا دەکەن خوێندن لە کوردستان تێکەڵاو نەبێ تۆ ڕات چییە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڕاستی خوێندنی تێکەڵاو هۆکارە بۆ فیتنەی تێکەڵاو، بەڵام ئەگەر من ببمە مامۆستای کچان پێم ئاساییە دەرسیان پێ بڵێم، بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست تەرکیز لەسەر کچێک بکەم وپێم جوان بێت وپێی سەرسام بم ئەوە گوناهبار دەبم.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر ژنێک نەخۆش بێ بچێتە لای دکتۆرێکی پیاو؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەوە جائیزە، عوزر دروستە، ئەگەر دکتۆری ژنی هەبوو حەرامە بچێتە لای پیاو، بەڵام ئەگەر دکتۆری ژن نەبوو، پیاو جائیزە کەشفی عەورەتیشی بکات.

**ڕووداو: بەمدواییە کۆمەڵە مەلایەک بەیاننامەکیان دەکرد داوایان کرد چیتر ڕێگە نەدرێت هێرش بکرێتە سەر ئیسلام ئایا تۆ لەگەڵیدای ؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** من لەگەڵیان نەبوویمە، بەڵام پشتگیرییان دەکەم، چونکە هێرش کردنە سەر ئیسلام هێرشکردنە سەر موقەدەساتی ئێمەیە، ئەگەر مەلا ئەو شتەی نەکرد شایانی عەزابی خواش دەبێ.

**ڕووداو: ئەو مەلایانە داوا دەکەن دادگای شەرعی دابنرێ، تۆ لەگەڵ ئەوەشی؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڵێ من لەگەڵ ئەوەدام . کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە و من بۆ خۆم ڕێگە نادەم هیچ کەسێک بچێ هێرش بکاتە سەر پیرۆزییەکانی ئیسلام. خوای گەورە سزای گشتی دەنێرێ ئەگەر کەس نەیێتە وەڵام، بۆیە من لەگەڵ دامەزراندنی دادگای شەرعیدام، چونکە شەریعەت تەنیا مەسەلەی نوێژ و ڕۆژی نییە، حوکمیشی تێدایە، ئەگەر کەسێک تەعەدا لە حدودی ئیسلام بکات وتەعەدا لەحوکمی ئیسلام بکات، دەبێ دادگایی بکرێ .

**ڕووداو: جیاواز لە زۆر مامۆستایانی ئاینی تۆ بەردەوام جلی کوردی دەپۆشی، ئەوە پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** لەوەتەی لەدایکبووم جلی کوردی خۆشەویستە لەلام، ئێستاش لەکەنەدا دوو دەستە جلی کوردیم هەر ماون، بەڕاستی پێویستە فەرمانبەر لەفەرمانگەکانی کوردستان جلی کوردی لەبەر بکات، بەو جلە ئەفەندییەی ئێوە لەبەری دەکەن ناتانەوێ کورد نیشانەیەکی جیاکەرەوەی هەبێ. لە سۆران چوومە کۆلێجێک وانە بڵێمەوە، گوتیان نابێ بەجلی کوردی وانە بڵێیەوە، منیش گوتم کەواتە وانە هەر ناڵێمەوە،بەڵام ئێستاش ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن بەجلی کوردی وانە بڵێمەوە ئامادەم . چونکە خوا منی بە کوردی دروست کردووە ئیدی بۆچی بڵێم من کورد نیم.

**ڕووداو: بەپێی شەریعەتی ئیسلام لەبەر کردنی پانتۆڵ چۆنە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** خۆی ئەگەر پانتۆڵ عەکسی پێش و پاش بکات، یان حەرامە یان مەکروهێکی گەورەیە، بەڵام ئەگەر پانتۆڵەکە وەکو جلوبەرگی کوردی بوو کە پێش و پاشەکەی دیارە ئەوە دروستە. بەڵام ئەو پانتۆڵەی ئێستا ئافرەت لەبەری دەکات پێش و پاشەکەی هەر ئەوەندە نییە ڕووت نییە.

**ڕووداو: پانتۆڵ بۆ ژنان حەرامە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** بەڵێ پانتۆڵ بۆ ژنان بێشک حەرامە، چونکە حەدیس هەیە دەڵێت ژن کە پشتی کرد بە شێوەی شەیتان پشت دەکات، بۆیە کە پانتۆڵی ژنان تەسک بوو کاری لەپیاو کرد ئەوە بەتەواوی وەکو شەیتانەکەیە. بۆیە بەڕاستی جلی کوردی زۆر ڕێکوپێک و خاوێنە .بەڵام بەداخەوە کوردی ئێمە بەرەو عەولەمە دەڕۆن و دەیانەوێ ئەوەی جلی کوردییە نەمێنێ.

**ڕووداو: کەواتەپانتۆڵ بۆ نوێژ حەرامە؟**

**مەلا سیبغەتوڵڵا:** ئەگەر حەرامیش نەبێ دەڵێم مەکروهە بۆ نوێژکردن، بڕۆ لە مەلاش بپرسە بڵێ ئەو پانتۆڵەی نوێژی پێدەکەی دروستە یان نا، من دەڵێم ئەگەر کەشفی عەورەت بکات وعەورەتت لە پێش و لە پاش وەدەربخا ئەوە نوێژەکەت حەرامە. تەنانەت ڕۆیشتنتیشت بەو جلوبەرگانە حەرامە، بەڵام ئەگەر جلەکە فش و بەرین بێ ئاساییە.



## هونەر

### STOP لە کوردستان

**رووداو-ئۆسلۆ**

**◆ بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە ستافی فیلمی STOP کە فیلمێکی هاوبەشی کوردی-نەرویجییە لەسەر بانگێشتی وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان لە نەرویجەوە بگەنە کوردستان. دەرهێنەری فیلمەکە هەڵکەوت مستەفا لە لێدوانێکدا بە(رووداو)ی راگەیاند کە لەگەڵ بەرهەمهێنەری نەرویجی ( ئێگل ئۆگارد) بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی هاوبەشی کوردی و نەرویجی سەردانی کوردستان دەکەن. فیلمەکە باس لەژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و ئێراق دەکات لەماوەی یەک رۆژدا. ئۆدگاردی بەرهەمهێنەری ستۆپ خاوەنی کۆمپانییای (ماڵی نەرویج)ەو بەدەیان فیلمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرهەمهێناوە.**

## بەسەر شاهین:

# چۆن موسڵمان حەز لە قورئان دەکەن ئێمەی زازاش وەها حەز لەساز دەکەین



**رووداو – هەولێر**

بەسەر شاهین لە باکووری کوردستان و لە هەرێمێکی زازانشینی باکووری کوردستان لە دایکبووە، بەسەر دەڵێ "لەگوندێکی هەرێمی کۆچگیری بەناوی شاخکۆ لەدایکبووم". ئەوگوتی ناوچەکەی ئەوان وەک ناوچەی دۆڵی باڵەییانی باشووری کوردستان زۆر دڵڕفێنە.

ناوچەی کۆچگیری وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان مەڵبەندێکی راپەڕینی گەلی کورد بووە و لەوێش کەڵەپیاوێکی کورد بەنێوی (عەلی شێر) سەریهەڵداوە کە سەرهەڵدانەکەی لە 1919وە دەستی پێکردووەو لەساڵی 1923دا وەک سرووشتی سەرهەڵدانەکانی دیکەی کوردستان بەهۆی خیانەتی یەکێک لە نزیکەکانی لەلایەن تورکانەوە سەرکوتکراوە.

بەسەر کە چرکە بەچرکەی سەرهەڵدانەکەی وەک ئەڵقەیەک لەگوێ کردووە دەڵێ "لە راستیدا عەلی شێر رێبەرایەتی سەرهەڵدانی دێرسیمیشی کردووەو یەکێک لەهاوڕێیانی نزیکی سەیدڕەزای دێرسیم بووە". دوای هەڵوەشانەوەی سەرهەڵدانی عەلی شێر و سەید رەزای دێرسم لەچوارچێوەی سیاسەتی تواندنەوەی گەلی کورددا، ناوە کوردییەکان قەدەخەکران و هەموویان کرانە تورکی و نێوی گوندەکەی بەسەریش گۆڕدراو ناوێکی تورکی لەسەر دانرا.

بەسەر دەڵێ "ئەو هەرێمەی ئێمە تێیدا گەورەبووین بەتەواوەتی دەکەوێتە ناو سنوورەکانی کوردستانەوە، سیواسیش شارێکی کوردستانە و ئەگەر زۆربەی دانیشتوانەکەشی کورد نەبن خۆ خاکەکەی هی کوردستانە".

بەسەر شاهین کە لەنێو کورددا بە (بەسێ) ناسراوە وەک دانیشتوانی دیکەی هەرێمەکە لەبنەماڵەیەکی عەلەوی لەدایکبووە. "ئێمە عەلەوین، بەڵام وەک شیعەی ئێران و عەلەوییەکانی سوریا نین، بەڵکو زیاتر لەئاییینی زەردەشتیەوە نزیکین".

بەسەر لە خێزانێکی 12 کەسی لەدایکبووە، پێنج خوشک و پێنج برا. لەبەر ئەوەی لەهەرێمەکەیان زانکۆ و دەرفەتی کار نەبووە ناچار بووە وڵات بەجێبێڵێت.

عەلەوییەکان بەگشتی زۆر تێکەڵاوی هونەرن، دەستپێکردنی هونەری بەسەریش لەژێر کاریگەری کەشوهەوای ماڵەوەیاندابووە " لەهەر ماڵێکی هەرێمی ئێمەدا 100% سازێک هەیە، وەک چۆن موسڵمانان حەز لە قورئان دەکەن ئێمەش وەها سازمان خۆشدەوێت".

باوکی بەسێ مرۆڤێکی هونەرپەروەر بووەو هەر لەمنداڵییەوە بەدەستی خۆی سازی بۆ برا گەورەکانی بەسێ دروستکردووە. بەسێ لەوبارەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ "باوکم زۆر پێداگیری لەسەر فێربوونی سازلێدان دەکردەوە"، هەربۆیەش کاتێک بەسەر گەورە دەبێت ئەو پێداگرتنەی باوکی و هاندانی براکانی کاریگەری لەسەر دروستدەکات و وای لێدەکات بەدەم گۆرانی گوتنەوە سازیش بژەنێت. بەسێ دەڵێ"بەمنداڵی چیم لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و خەڵکی گوندەکەمان ببیستبووایە بەگۆرانی دەمگوتەوە".

رادیۆی ئێریڤان کاتی خۆی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هونەرمەند بەسەر داناوە "لەتەمەنی 8-9 ساڵیدا بووم باوکم رۆژانە گوێی لەرادیۆی ئێریڤان دەگرت و زۆر حەزی لەدەنگی ئایشێ شان بوو و هەرکاتێ دەنگی بڵاودەکرایەوە دایکمی بانگ دەکرد و دەیگوت ژنەکە وەرە گوێ لە بلبلێ کوردان بگرە".

ئەو هونەرمەندە کوردە قۆناخی یەکەمی سەرەتایی لەگوندی شاخکۆ تەواوکردووە، دواتر بۆ کار و تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی و، دواناوەندی چووەتە ئیستەنبوڵ،هەر لەوێش چووەتە خوێندنی هونەرەجوانەکانی زانکۆ، بەڵام بەهۆی کاری هونەرییەوە خوێندنی زانکۆی تەواو نەکردووە.

بەسەر سەرەتا، بەزمانی تورکی دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە. بەزمانی تورکی گۆرانی دەگوت "بە تورکی بەیتە عەلەوییەکانم دەگوتەوە کە ئەوەش ستایلێکی تایبەتە". دوای بووژانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەباکووری کوردستان دوای دروستبوونی پ ک ک کە خۆی دواتر بووە یەکێک لە کادیرەکانی "بڕیارمدا کە بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆم بەزمانی کوردی گۆرانی بڵێم".

بەسەر شاهین یەکەمین بەرهەمی کوردی خۆی لەساڵی 1989دا بڵاوکردەوەو ناوی بەرهەمەکشی بێریڤان بوو، کە ئەوە بووەتە جێگەی پرسیار، بەسەر لەوبارەوە دەڵێ "بێریڤان، کچە کوردێکی ئێزدی خەڵکی جزیرەی بۆتان بوو، لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان شەهیدبوو". بەسێ باس لەو کاتانە دەکات و دەڵێ "ئەوکات زۆر زەحمەت بوو کەسێکی کورد لەشارێکی تورکاندا هەڵبستێتەوەو وشەیەکی کورد بڵێ، چونکە زمانی کوردی قەدەخە بوو، ئەوە گرتن و کوشتنی بەدواوەبوو".

بەسێ هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لەبواری ستران و موسیقادا خزمەتی کۆمەڵگای کوردی کردووە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا NCM لەساڵی 1990 لە ئیستەنبوڵ.

بەسەر بەخۆشییەوە لەدامەزراندنی ناوەندەکە دەکات "بەڕاستی میزۆپۆتامیا بەزەحمەت و شەونخوونی دامەزرا، بەڵام گەل بەجۆشێکی گەورە پێشوازی لێکرد".

بەسەر تا کۆتاییەکانی ساڵی 1992، سێ لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوەو دواتر بەهۆی گوشاری دەوڵەتەوە بەناچاری رووی کردووەتە ئەڵمانیا و ئێستاش لەوێ دەژیت.

بەسەری تەمەن37 ساڵ، لەتەمەنی 21 ساڵیدا لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی لەئیستەنبوڵ پەیوەندی هاوسەرێتی بەستووە، بەڵام ژیانی هاوسەرێتیان کەمتر لەساڵێکی خایاندووە "دوای ئەوەی جیابووینەوە، دەمویست زیاتر خزمەتی کێشەی نەتەوەکەم بکەم، بەڵام زەواج بە شێوەیەک لەشێوەکان رێگر بوو، دڵم بە وڵات سپاردبوو، لەگەڵ ئەو کوڕەدا یەکترمان زۆر خۆشدەویست و هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام کاری وڵات بۆ ئێمە شیرینتر بوو، بۆیە لێک دابڕاین و هەرکاممان بە شێوەیەک تەڤلی شۆڕش بووین".

ئەو ئافرەتە کە تەنیا یەک ساڵ تامی ژیانی هاوسەری کردووە دەڵێ "من دژی زەواج نیم، بەڵام ناتوانم ژیانی خێزانی پێکبێنم، چونکە بۆ هونەرمەند زەحمەتەو بەرپرسیارێتییەکی قورسەو لێی دەترسم".

یەکێک لەو سرود و گۆرانیانەی بەسێ نێوبانگی پێ دەرکرد (گەریلا رۆژباش)بوو، لەبارەی ئەو گۆرانییەوە دەڵێ " لە 1993 ئەو سترانەم گوت، ئەو سەردەمە نەتەوەی کورد هەموو هەستابووە سەرپێ و سترانەکەش سڵاوێکی تایبەتی بوو بۆ گەریلا". بەسەر تا ئێستا 4 سیدی هەیەو لە 7 بەرهەمی کۆما بەرخۆدانیشدا بەشدار بووە.

بەسەر لەسەر کەمبوونی بەرهەمەکانی دەڵێ "من زۆر حەساسم دەمەوێ کارێک بکەم بەرهەمەکانم بمێننەوە و کۆن نەبن، نامەوێ سیدییەک چێبکەم رۆژێک گوێی لێبگیرێ و رۆژی دواتر فڕێبدرێ". ئەو هونەرمەندە تا ئێستا پێنج کلیپی هەیە.

بەسێ حەزی لەدەنگی هونەرمەندان ئایشەشان، مریەم خان، حەسەن زیرەک، تەحسین تەها و محەممەد شێخۆ و مەزهەری خالقییەو وەک خۆی دەڵێ "زۆر جاریش گوێ لەسترانی شیرین گیانی هایدەی ئێرانی دەگرم".

ئەڤین لەلای بەسێ وڵاتەو خەیاڵیشی" ئازادی کوردستانە" بەشێوەیەک کە بەسانایی بتوانێ لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دی بچێ بێ ئەوەی پۆستاڵ و دەرکەتێل و سنووری دەستکرد ببینێت.

بەسێ جاری یەکەم، بەهاری ئەمساڵ هاتە باشووری کوردستان کە دێتە باشووری کوردستان "هەرێم بەهەرێم گەڕام تا لەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەمدا تێکەڵ بم". وەک هونەرمەندانی دیکەی باکوور گەریلا و پێشمەرگە لەلای بەسێ یەکەو هەردووکیانی خۆشدەوێ و بەهیوایە" لەداهاتوویەکی نزیکدا هەردوو لەسەنگەرێکدا لەدژی دوژمنەکانمان شەڕ بکەن".

## دژی هاوسەرگیری نیم بەڵام ناتوانم ژیانی خێزانی پێکبێنم

# لە هەورامانی تەخت 5000 کەس ساز دەژەنن

**نەوزاد مەحمود – هەورامان**

ئیرەجی کەریمیان، هونەرمەندی بەتوانای سازژەنی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان، ئاستی هونەری موزیک، زۆر لەبەشەکانی دیکەی کوردستان باشترەو ئەوەشی گێڕایەوە بۆ ئەو عیشقەی کە بۆ هونەر لەو بەشەی کوردستاندا هەیە و بەهۆی پەیوەندی هونەرییان لەگەڵ فارسەکان.

هەورامییەکان وەک زازاکان ئۆگری ساز(تەمبور)ن، کەریمیان لەوبارەیەوە دەڵێ " ساز ئامێرێکی مۆسیقی تایبەتی کوردە و جگە لە کورد هیچ نەتەوەیەکی دیکە ناتوانێ بەرێکوپێکی بیژەنێت و ساز تێکەڵی خوێنی کورد بووە ولێی جیانابێتەوە ". ئەو وتەیەکی بڵاوی یارسانەکان لەبارەی سازەوە وەبیردێنێتەوە کە دەڵێت " ساز بکرێت، قورئانت فرۆشتووە " . کە ئەوەش رادەی پیرۆزیی ساز لەلای کوردانی هەورامی نیشاندەدات، لەوەش گرنگتر باسی ئەوەی کرد کەسرووودی رۆحی و دینی هەورامابیەکان تەنیا بە ئامێری ساز دەگوترێت. بەپێی لێدوانی ئیرەجی کەریمیان بۆ (رووداو) تەنها لەهەورامانی تەختدا 5000 کەس سازدەژەنن "من خۆم نزیکەی 700کەسم پێگەیاندووە تابینە مۆزیکژەنی باش و بەتوانا".

ئیرەج دەڵێت "ئێرانییەکان پێنجەمین وڵاتی دنیان لەبواری مۆسیقادا و کوردانی ئێرانیش سوودێکی زۆریان لەو پەیوەندییە وەرگرتووە کەهەیانە لەگەڵیان، بەڵام فارسەکانیش بۆخۆیان وتویانە کە کورد لەساز ژەنیدا زۆر بەتوانان و لەگەڵ رۆحی ئامێرەکە دەجوڵێنەوە ".

ئیرەجی کەریمیان، کەیەکێکە لە هونەرمەندە تەمبوور ژەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ماوەی 25 ساڵە دەیژەنێت، ئەوەشی گوت کە" بەپێی تێروانینی ئوستادە گەورەکانی بواری مۆسیقای ئێرانی، ئەو شتەی لە باشووری کوردستان بەناوی مۆسیقا پێشکێش دەکرێت، پێی دەوترێت درۆی مۆسیقا و هیچ هونەرێکی تێدا نییە " بۆیەش داوای لە کە نا لە ئاسمانییەکانی کورد کرد، وریای نێوبانگی کورد بن و رەمەکی نەبن لەپەخشکردنی کاری هونەرییەکاندا " ئەگەر لێرە کەس بایەخ بە جدییەتی مۆسیقا نادات، ئەوا لەدەرەوە گوێیی مۆسیقیان زۆر گەورەیە و دوایی گاڵتەمان پێدەکەن ".

لەژمارەی داهاتوودا، دەقی دیمانەکە بڵاودەکەینەوە.




# حکومەت هەوڵیداوە ئەوەی کۆمپانیای چوارچرا دروستیکردووە بیروخێنێ

## عیرفان زەنگەنە: ئەو فیستیڤاڵانەی تائێستا لەکوردستان سازکراون هیچیان رووی مەجلیسیان نەبووە

**حوسێن هیممەتی**
**رووداو – هەولێر**

بەرپرسی کۆمپانیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری بە (رووداو)ی راگەیاند کە حکومەت رێگە دەدات مافی هونەرمەندان بخورێت و هەروەها حکومەت بەرووخاندنی بەرهەمە دروستکراوەکانی کۆمپانیاکەیان تۆمەتبار دەکات "چ لەئاستی حکومەت و چ لەئاستی وەزارەتی رۆشنبیری هەوڵدراوە ئەوەی کۆمپانیاکەمان دروستیکردووە بیروخێنن".

کۆمپانیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری لەنێوەڕاستی ساڵی 2000 دامەزراوە. عیرفان زەنگەنە بەرپرسی کۆمپانیاکەیان سەرەتا بەشێکی هونەری هوتێلەکەیان بوو "ئینجا بە پێویستمان زانی بەشەکە فراوانتر بکەین و کۆمپانیایەکی هونەری بکەینەوە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەبوو بۆشاییەکی گەورە هەبوو ئێمەش لەخۆمان رادەبینی پڕی بکەینەوە، بۆیە ئەو کۆمپانیا هونەرییەم دامەزراند".

زەنگەنە لەژوورێکی قەرەباڵغ لەپشت مێزەکەی دانیشتووە، ژوورەکەی پڕە لەشتی عەنتیکەو ئامێری هونەری، چەندین تەلەفۆن و مۆبایلی لەپێشە و زوو زوو وەڵامی زەنگی مۆبایلەکان دەداتەوە، وەکو خۆی گوتی هیچ کاتێک لەبواری هونەر کاری نەکردووە"بەڵام زۆر حەز لەهونەر دەکەم، بەتایبەتی مۆسیقا و گۆرانی".

عیرفان زەنگەنە جگە لەوەی بەرپرسی هوتێلی چوارچراو کۆمپانیای هونەری چوارچرایە، وەکو خۆی گوتی کاری بازرگانیش دەکات. زەنگەنە 24 ساڵە ماڵی لە ئەورووپایە و ئەوە چەند ساڵە لە کوردستانە، بەڵام منداڵەکانی هەر لەدەرەوەن "منداڵەکانم گەورەن، کچێکم ئەمساڵ دەچێتە زانکۆ، لەوێ لەدایکبوونە، لەبەر ژیان و خوێندن و ئەو کولتوورەی ئەوێ کە تێیدا گەورە بوونە زەحمەتە لەگەڵ ئێرە بگونجێن، بۆیە زەحمەتە بگەڕێنەوە کوردستان".

لەدوای دامەزرانی کۆمپانیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، وەکو زەنگەنە ئاماژەی پێدا، زۆر ئەلبووم و کلیپیان بۆ هونەرمەندان بەرهەمهێناوە "بەدەیان ئەلبوومان بەپارەی خۆمان بەرهەمهێناوە و بەردەوامیش دەبین لەو کارە، من کە ئەمڕۆ کارێکم پێدەکرێ بۆ نەیکەم، حەز دەکەم خزمەت بکەم، بەرهەمی جوان و سیدی ئۆرجینال بخەمە بازاڕەوە".

کۆمپانیای چوارچرا لەسەرەتای دامەزرانییەوە زیاتر خۆی لەگرووپی نالی نزیک کردووەتەوە، عیرفان زەنگەنە هۆکاری ئەوە روونکردەوە و دەڵێ "لەبەر ئەوەی گرووپی نالی زیاتر رەسەنایەتی مۆسیقای گۆرانی کوردی دەپارێزێ و لەو ریچکەیە لای نەداوە، بۆیە وەکو کۆمپانیایەکی کوردی هەمیشە پشتگیری و ئاسانکاری بۆ دەکەین و هەموو دەرگایەکمان کراوە بووە بۆ گرووپی نالی، بۆیە ئێمە یەک ماڵ حیسابین".

کاتێک پرسیاری لێدەکەی داهاتی کام لە کارە هونەرییەکانیان زیاتربووە، بەرپرسی کۆمپانیای هونەری چوارچرا بەزەردەخەنەوە دەڵێ "باسی دوو دنیای جیاواز دەکەی، کۆمپانیای هونەری لەکوردستان داهاتی نییە، بەهۆی نەبوونی بازاڕێکی باش و یاسایەک بۆ ئەو بوارە". گوتیشی "بەداخەوە جگە لەوەی تاکو ئێستا تەنیا کۆمپانیای چوارچرا هەوڵیداوە کار لەو بوارەدا بکات، هەوڵیانداوە ئەوەی کۆمپانیا دروستیکردووە بیروخێنن، چ لەئاستی حکومەت، چ لەئاستی وەزارەت و سەندیکا، تائێستا هیچ کارێکی ئەو تۆیان نەکردووە بۆ ئەوەی ژێر خانێکی پتەو دروست بکەن تاکو گۆرانیبێژ بتوانێ متمانە بەخۆی بکات و، مۆسیقاژەن و شاعیر مافیان نەخورێ، بەداخەوە تاکو ئێستا هیچ نەکراوە".

بەهۆی نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان، تائێستاش بەرهەمی هونەرمەندان بەکۆپیکراوی بەئاشکرا لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەفرۆشرێن، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی کۆمپانیا هونەرییەکان زیانمەند ببن. عیرفان زەنگەنە پێیوایە " حکومەت رێگە دەدات مافی هونەرمەندان بخورێت، چونکە بەرەڵڵاییەک دەبینم لەمەسەلەکەدا، هیچ یاسایەک نییە مافی هونەرمەند بپارێزێ".

تائێستا تەنیا دوو بەرهەم کە کۆمپانیای چوارچرا بڵاویکردوونەتەوە ژمارەی چاپکردنی زۆر بووە، ئەویش ئەلبوومەکانی هەردوو هونەرمەند ئەیوب عەلی و ئەژدەر وەهبی بووە کە 50 هەزار دانەیان لێ فرۆشراوە، عیرفان زەنگەنە دەڵێ "ئێمە وەکو کۆمپانیا تەنیا بیرمان لەوە نەکردووەتەوە قازانج بکەین، ئامانجی ئێمە تەنیا ئەوەبووە پارەی خۆمان دەربێنینەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی 50 هەزارمان فرۆشتووە، بەڵام ئەوەی کە قازانجمان کردووە داومانەتە گۆرانیبێژەکە و نەهاتووەتە گیرفانی کۆمپانیاوە".

### چوارچرا کورتە فیلم بەرهەم دێنێ

چەند هەفتەیەکە گرووپێک بۆ کلیپکردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیای چوارچرا لە هوتێل چوارچرا دامەزراوەو گشت ئامێری کلیپکردنیان لەدەرەوە بۆ هاتووە. عیرفان زەنگەنە ئەوەی بۆ (رووداو) روونکردەوە کە ئێستا لەگەڵ گۆرانیبێژێک خەریکی سیناریۆی گۆرانیەکن تا بیکەنە کورتە فیلم، بەڵام ئامادەنەبوو ناوی گۆرانیبێژ و کورتە فیلمەکە ئاشکرا بکات. زەنگەنە دەڵێ "ئەو کورتە فیلمە شتێکی نوێیەو، لەمەو بەدوا زیاتر گرنگی بەتۆمارکردنی کلیپ دەدەین، چونکە تازەترین ئامێرو پرۆگرامامان بۆ ئەو مەبەستە هێناوە".

### پرۆژەیەکم بۆ کەرکووک هەیە

عیرفان کە خۆی خەڵکی کەرکووکە، زۆرجار نازناوی کەرکووکی دەخرێتە پاڵ خۆیشی هەمیشە بە خۆشەویستی شارەکەیەوە دەژی. ئەوکەرکووکییە سەرمایەدارە دەڵێ"من یەکێک بووم لەو کەسانەی دەستپێشخەر بوومە بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی گەورە لەکەرکووک وەکو کارێکی بازرگانی بکەم، بەڵام لەبەر کێشەی ئەمنی و هەندێ کێشەی ناوخۆو شتی ناو کەرکووک، پرۆژەکەمان کەمێک دواخست، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەداهاتوویەکی نزیکدا پرۆژەیەک بۆ کەرکوک ئەنجامدەدەم".

کۆمپانیای چوارچرا لەرۆژی جیهانی منداڵاندا 2008/6/1، کۆنسێرتێکی بۆ هونەرمەندان ئەژدەر وەهبی و نیلۆفەر ئیقباڵ و گرووپی نالی ساز کرد کە داهاتی ئەو کۆنسێرتە بۆ رێکخراوی (پردی ئاسمانی) دەبێ کە رێکخراوێکی خێرخوازی ئەڵمانییە منداڵانی برینداروو نەخۆشی کوردستان و عێراق بۆ چارەسەرکردن دەباتە ئەڵمانیا. عیرفان کەرکوکی دەڵێ "تائێستا 10 منداڵیان بردووەو 9ی کورد بوونەو ئەوەی دیکەش منداڵێکی عەرەبی شنگار بوو. دەمانەوێ ئەو پردە پتەو بکەین و لەداهاتوودا ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەنێوان 4 تا 14 ساڵەو تووشی نەخۆشی دەبن چارەسەریان لێرە نییە بیانبەن بۆ ئەڵمانیا".

عیرفان زەنگەنە بڕیاریداوە، هاوکاری هونەری لەگەڵ باکووری کوردستانیش بکات، هەروەک خۆی ئاماژەی پێدا بڕیارە هەماهەنگی هونەری لەگەڵ دوو تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی کوردی ئامەد (دیاربەکر) بکەن بەناوی (گوین تیڤی) و (جان تیڤی) و لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆ ئەو مەبەستە پێکەوە دادەنیشن.

هەر لەو بوارەشدا زەنگەنە رەخنەی لە بانگنەکردنی گرووپە هونەرییەکانی باکوور گرت بۆ فیستیڤاڵەکانی باشووری کوردستان و گوتی:

"ئەگەر کۆمپانیاکەی ئێمە دەسەڵات بوایە، قەت ئەو پرسیارە نەدەهاتە کایەوە کە بۆچی گرووپە هونەرییە کوردییەکانی باکوور داوەتی فیستیڤاڵەکانی باشوور ناکرێن، چەندین فێستیڤاڵ لەکوردستان کراوە، تائێستا هیچ یەکێکیان رووی مەجلیسی نەبووە، ئەو گرووپانەی گلەیی دەکەن، ئەوان لەخۆیان رادەبینن کە بێن کاری هونەری باش لێرە نمایش بکەن، بۆچی گرووپێکی دیاربەکر دەچێ لەئەڵمانیا و هەنگاریا بەشدار دەبێ بۆچی بانگهێشتی هەولێری نەکەین"؟.



عیرفان زەنگەنە،خاوەنی کۆمپانیای هونەری چوارچرا (فۆتۆ:رووداو)



## 81 ملیۆن یۆرۆ دەستکەوتی 2007ی ودز

رووداو- CNN

◆ بە پێی ئامارێک، کە گۆڤاری لیکیب مەگازین ئامادەی کردووە و هەفتەنامەی سپۆرت ئیلۆستریتدی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە، ساڵی رابردوو بەکۆکردنەوەی 81,7 ملیۆن یۆرۆ، تایگەر ودز یاریزانی ئەمریکی و پاڵەوانی جیهان لەیاری گۆلف، داهاتی لەسەرجەم یاریزانانی جیهان زیاتربووە.

### بۆیەکەمجار لەمێژوودا

# هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری مۆندیالی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەکات

کارزان کانەبی
**رووداو – هەولێر**

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەهەردوو تیپی کوڕان و کچان بۆ یەکەمجار لەمێژوودا بەشداری لەپاڵەوانێتییەکی جیهانیدا دەکات کە لە 7 ـ 2008/7/13 لەشاری یەلیڤاری سوێد بەڕێوەدەچێت.

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی ڤیڤادا، لەلایەن یەکێتی ڤیڤاوە بانگهێشت کرا، وەزارەتی وەرزش و لاوان و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەستیان بە دامەزراندنی هەڵبژاردەیەک بۆ کوردستان کرد بەمەبەستی بەشداری کردن لەو پاڵەوانێتیەدا، کە بەمۆندیاڵی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەناسرێت و هەر دووساڵ جارێک ئەنجامدەدرێت.

ئەمیرحاجی داود، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و راگەیاندن لە وەزارەتی وەرزش و لاوان بە (رووداو)ی راگەیاند "هەڵبژاردەی کوردستان بەهەردوو تیپی کوڕان و کچان بەشداری دەکات و، وەزارەتی وەرزش و لاوانیش هەموو کارئاسانییەکانی بۆ هەڵبژاردەی کوردستان کردووە و تەنیا چاوەڕێی گەڕانەوەی ڤیزەی یاریزانان و دەستەی کارگێڕین".

سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی کوردستان بە (رووداو) ی راگەیاند کە ئەوان هەموو پێداویستییەکانیان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دابین کردووە و ئێستا بە سەرپەرشتی راهێنەرێکی بەتوانا لە هەولێری پایتەختدا خەریکی مەشق و راهێنانەکانیانن.

بەڵام لە هەمانکاتدا رەخنەی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان گرت کە بێ پرسی یەکێتی تۆپی پێ و راهێنەر بانگهێشتی یاریزانانی کوردی دەرەوەی کوردستانیان کردووە بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان "بانگهێشتکردنی یاریزانان بۆ ریزی ئەم هەڵبژاردەیە نە کاری یەکێتی تۆپی پێیە و نە کاری وەزارەتە، ئەوە تەنیا کاری راهێنەرەو خۆی یاریزان هەڵدەبژێرێت".

سلێمان رەمەزان راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستانیش لەوبارەوە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوەی دووپاتکردەوە کە تەنیا لەسەر بنەمای توانا، یاریزانەکانی لەیانەکانی کوردستان هەڵبژاردووە لەوانەی بەشداریان لە خولی عێراق و کوردستاندا کردووە "ئێستا 28 یاریزانی یانە جیاجیاکانی کوردستان بەشداری مەشق و راهێنانەکان دەکەن،لەوانەش 19 یاریزان هەڵدەبژێرم".هەروەها گوتیشی" یاریزانانی هەر چوار پارچەی کوردستان مافی بەشداربوونیان هەیە".



چەند یاریزانێکی هەڵبژاردەی کوردستان لە کاتی مەشقکردندا (فۆتۆ:رووداو)

وەرزشی رووداو
Rûdaw

کۆمپانیای رووداو، بەدرێژایی ماوەی پاڵەوانێتی تۆپی پێی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا لە ( 7- 26)ی ئەو مانگە، رۆژانی شەممە و چوارشەممە (وەرزشی رووداو) بە 4 لاپەڕەی رەنگا و رەنگ و پۆستەرێک بڵاودەکاتەوە.

یەکەمین ژمارەی لە رۆژی چوارشەممە 2008/6/4 دەردەچێت.

وردترین لێدوان و بەدواداچوون و جوانترین وێنەی پاڵەوانێتییەکە لە ( وەرزشی رووداو) دا ببینە.

# کرستیانۆ رۆناڵدۆ بەفڕۆکەش رازی نییە

رووداو ـ CNBC



هێندەی نەمابوو یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و رۆمان کالدیرۆنی سەرۆکی، مێژوویەکی دیکە لەگەڵ تۆپی پێدا تۆماربکەن و ببنە خاوەن سەیرترین بۆند لەمێژووی ئەم یارییەدا، کە یانەیەک لەگەڵ یاریزانێکدا مۆری بکات.

ئەگەر کرستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی هەڵبژاردەی پورتوگال ویانەی مانچستەریونایتدی ئینگلیزی بەو داواکارییەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رازیبوایە، سەیرترین بۆند لەمێژووی تۆپی پێدا مۆر دەکرا، کە دوای شکستهێنانی هەموو هەوڵەکانی بۆ رازیکردنی رۆناڵدۆ، ئیدارەی ریال مەدرید پێشنیازێکی خستە بەردەم رۆناڵدۆو بەڕێوەبەری کارەکانی، کە تێیدا هاتبوو یانەی ریال مەدرید ئامادەیە بڕی 90 ملیۆن یۆرۆ لەگەڵ مووچەیەکی مانگانەی 150 هەزار یۆرۆیی و پشکەکانی دوو هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی و ڤیلایەکی گەورە لەمەدریدی پایتەخت بداتە رۆناڵدۆ، لەگەڵ دابینکردنی فڕۆکەیەکی تایبەت کە لە ژێر فەرمانی ئەودا بێت.

بەوشێوەیە یەکەمین جارە یانەیەک فڕۆکەیەک بداتە یاریزانێک بەرامبەر ئەوەی یاری بۆ بکات، بەڵام وادیارە رۆناڵدۆ ئامادەنییە مانچستەر یونایتد بەم هەموو سامان و نێوبانگە بگۆڕێتەوەو، جەماوەری شەیتانە سوورەکانی دڵنیا کردەوە کە هەر لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە.

### دوا رکابەری ئەمساڵیان لەسەر زێدانی بچووکە

# لەوانەیە بەرشلۆنە یەکەم سەرکەوتن بەسەر ریال مەدریدا تۆمار بکات



**لێدوانی رووداو**

ئەگەر 90% ئەگەری ئەوە هەبێت کەریم بنزیمەی یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی فەرەنسی ریزەکانی یانەی لیۆن بەجێبێڵێت، ئەوا ئەگەری کڕینیشی لەلایەن یەک لە دوو گەورە یانەکەی ئیسپانیا، ریال مەدریدو بەرشلۆنە 90% ـە، چونکە ئەو دوو یانەیە لەسەرەتای وەرزی پارەوە هەوڵی بۆدەدەن و ئەمساڵیش بەردەوامن لەهەوڵەکانیان، کە دەکرێت ئەوە بە دوایین رکابەری ئەمساڵی نێوان ئەم دوو جەمسەرە دژ بەیەکەی تۆپی پێی ئیسپانیا دابنێین.

وادیارە خودی بنزیمەش کە لە فەرەنسا بەزێدانی بچووک نێودەبرێت سوورە لەسەر بەجێهێشتنی ریزەکانی یانەی لیۆن بەرەو یانەیەکی گەورەی ئیسپانی، کە خۆیشی چەند جارێک گوتویەتی" حەزم لە لالیگای ئیسپانییە". هەر بۆیەش بەپێویستی زانیوە خۆی فێری زمانی ئیسپانی بکات. سەرچاوەیەکی نزیک لەبنزیمە رایگەیاند، کە ئەو لەماوەی 6 مانگدا توانی خۆی فێری ئەو زمانە بکات.

خودی یانەی لیۆنیش گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە بنزیمە چیتر لەخولی فەرەنسی یاری ناکات، بەڵام دەیەوێت دەرفەتی یاریکردنی ئەو لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیدا لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا بقۆزێتەوەو دوای ئەو پاڵەوانێتییەش داوای نرخێکی زۆر بکات، کە پێشتریش بەرپرسانی ئەو یانەیە ئەو نیازەیان راگەیاندووە.

پرسیار ئەوەیە لەم دوا رکابەرییەدا کامیان، بەرشلۆنە یان ریاڵ مەدرید سەرکەوتوو دەبێت: کامیان زێدانە بچووکەکەی فەرەنسا بۆ خۆی دەبات؟ کە هەردووکیان ئامادەن پارەی زۆری پێبدەن، هەردووکیشیان ئەوەندە گەورەن کە بنزیمە شانازیان پێ بکات، بەڵام رەنگە تاکە خاڵ لەبەرژەوەندی کەتەلۆنیەکان ئەوە بێت کە پێشتر زێدانی بچووک ئەوەی درکاندووە کە هەردەم خەونی ئەوە بووە یاری لەریزەکانی بەرشلۆنەدا بکات، کە دوور نییە ئەم یانەیە لەرێگای بنزیمەوە بتوانێت یەکەم بردنەوەی ئەمساڵ بەسەر یانەی شاهانەی ئیسپانیدا تۆمار بکات.

# یانەیا پیرس مژیلی درستکرنا گوندەکێ وەرزشییە

گرهۆ محەممەد
**رووداو . دهۆک**

یانەیا پیرس مژیلی درستکرنا گوندەکێ وەرزشییە، کو دکەڤیتە نێزیک کومەلگەها ئازادی ل سەر رێکا سەرەکی دهۆک ـ موسل.

بەرژەنگ بابەکر سەرۆکێ یانەیا پێرس ئەو چەند بۆ (رووداو)ئاشکرا کر کو یانەیا وانا مژیلی درستکرنا گوندەکێ وەرزشییە، کو دێ ل سەر رووبەرێ 60 دونمێن ئەردی هێتە ئاڤاکرن " ئەم چاڤەڕێینە لڤێ مەهێدا خارنگەه و ئەردێ سێ یاریگەهێن راهێنانێ ب دوماهی بێت، دویڤدا مەدرەج بێتە درستکرن کو جهێ 25 هزار کەسان دێ لێ هەبیت، دویڤدا قوناغا دووێ جهێ 40 هزار کەسان دێ هێتە دروستکرن، زێدە باری چەندین هولێن گرتی و ئوتێلا ژبەرکو دێ یاریگەهەکا نێڤدەولەتی بیت".

هەروەسا ناڤبری گۆت" دناڤ ڤێ گوندێ وەرزشی دا دێ قوتابخانەیەکا تەپاپێ ل ژێر سەرپەرشتیا پسپورێن بیانی هێتە ڤەکرن، کو قوتابی ل قوناغا سەرەتایی دێ هێنە وەرگرتن و مفا بۆ گشت تەپا پێ یا کوردستانێ دێ ژێ هێتە وەرگرتن".

بەرژەنگی ئەو چەندیش نەڤەشارت کو نە وەزارەتا وەرزش و لاوان نە چ لایەنێن دی یێن پەیوەندیدار چ پارە بۆ ڤی پرۆژەی نەدانە.

# پەرلەمانتارانی کورد رەخنە لە ئیمپراتۆری تورکیا دەگرن

رووداو ـ الغد

فاتیح تێریمی، راهێنەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی تورکیا بەیەکێک لە کەسایەتییە هەرە دیارو جەماوەرییەکانی تورکیا دادەنرێت، بەهۆی ئەو دەستکەوتانەی بۆ تۆپی پێی تورکیا بەدەستیهێناون.

لەساڵی 2000 بۆ جاری یەکەم لە مێژوودا فاتیح توانی لەگەڵ یانەی گەلاتەسەرای تورکی، جامی یەکێتی ئەوروپا بەدەستبێنێت، بۆیە لەو رۆژەوە بە"ئیمپراتۆری تورکیا" نێودەبرێت،بەڵام ئەوە نەیتوانیوە وا لەکوردانی باکوور بکات لەئاست ئەو مووچە خەیاڵییەدا بێدەنگ بن کە مانگانە وەریدەگرێت، کە بڕی 100 هەزار دۆلاری ئەمریکییەو دەکاتە 130 جار ئەوەندەی مووچەی فەرمانبەرێکی ئاسایی ئەو وڵاتە. هەر بۆیەش سیری ساکیک،ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە سەر لیستی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP، رەخنەی لەمووچەی ئیمپراتۆر گرت و داوایکرد پەرلەمانی تورکیا گفتوگۆی لەسەر بکات، بەڵام پەرلەمان بە پاساوی ئەوەی کاریگەرییەکی خراپ نەکاتە سەر رەوشی هەڵبژاردەی تورکیا لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپا کە 7ی ئەو مانگە دەستپێدەکات، داواکاری ئەو پەرلەمانتارە کوردەی دواخست.

## پێشبڕکێ

– بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
– لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



مومتاز حەیدەری لە هەولێر بە لێدوانی: (**هەردەم ئەقڵی نوێ: منداڵ پەنجە بۆ ئاسۆ درێژ دەکات**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشووە.

## لێدوان



سافیۆلا
یاریزانی یانەی ریال مەدرید

**ئێستا لیۆنێل میسی لە کرستیانۆ رۆنالدۆ باشترە**



فلیپ سکۆلاری
راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال

**پورتوگاڵ پاڵێوراوێکی بەهێزی جامی نەتەوەکانی ئەورووپایە**



جوس هیدینگ
راهێنەری هەڵبژاردەی رووسیا

**رووسیا وەک میوانێک بەشداری یۆرۆ ناکات**

# بێکەس منداڵی زیندان

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو –هەولێر**

کە هاتە ژوورەوە منداڵێکی ساوای بەسەر شانەوەبوو، ڕووخساری شەوین ئەوگومانەت لەلا دروست دەکات کە کۆرپەکەی باوەشی هی ئەو بێت، ئەو سیمایەکی منداڵکارو تەمەنێکی بچووکی هەبوو، دایکێتییەکەی لە ڕۆڵی ئەو کچۆڵەیە دەچێت کە هەر لەمنداڵییەوە بە بووکەشووشە ئارەزووی بینینی ڕۆڵی دایک دەکات.

شەوینی تەمەن 17 ساڵ، یەکێکە لەو چەندان کچانەی ڕۆژانە دەبنە قوربانی دابونەریتەکانی کۆمەڵگاو ئێستا ناسکترین تەمەنەکانی ژیانی لەنێوان دیوارەکانی زیندانی چاکسازی هەولێر بەسەر دەبات. چیرۆکەکەی ئەو ڕەنگە هاوشێوەی زۆربەی ئەو چیرۆکانە بێت کە ڕۆژانە لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم وڵاتە بڵاودەکرێنەوە، بەڵام شتێک کە ئەو لەقوربانییەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە توانیویەتی منداڵەکەی سکی بپارێزێت و کە ئێستا بە نەرمی بە باوەشیەوەیە.

شەوین، وەک خۆی دەیگێڕێتەوە هەر لەتەمەنی 6 ساڵیدا لە سۆزو خۆشەویستی دایک بێ بەشبووە، هەر لەو تەمەندا ڕۆڵی دایک دەبینێت و خزمەتی خوشک و برا هەتیوەکانی دەکات "کە دایکم مرد تەمەنم 6 ساڵ بوو، ئیتر من خوشک و براکانم بەخێوکرد، باوکیشم تا ئەو کاتەی من هاتمە چاکسازی ژنی نەبوو، بەڵام پێش 6 مانگ ژنی هێنایەوە".

ئەو وەک خۆی دەیگێڕێتەوە لەتەمەنی 15 ساڵیدا دەکەوێتە داوی خۆشەویستی زڕئامۆزایەکی بەناوی (سامی) و چەند جارێک لەلایەن (سۆلاف)ی خوشکی ئەو کوڕە داوای لێدەکرێت کە بچێتە ماڵیان و خۆی تەسلیمی براکەی بکات، بەڵام شەوین ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە.

شەوین چەند جارێک بەهۆی گریانی منداڵەکەی لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی رادەوەستا و تەنانەت نەیدەتوانی ژیری بکاتەوە، تەنیا بەسەر شانییەوە رایدەوەشاندو ئینجا بزەیەکی منداڵانە دەهاتە سەر لێوەکانی.

سۆلاڤی خوشکی سامی بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ ئەوەی شەوین خۆی تەسلیمی سامی بکات، تا دواجار قەناعەتی پێدەهێنێ بچێتە ماڵیان، شەوین دەڵێت "بەهار بوو منیان بردە ماڵەوە، سۆلاف دەیگوت تۆ هەر بۆ براکەمی دواتر شەربەتێکیان دامێ و یەکسەر بوورامەوەو ئاگام لەخۆم نەما".

بەمانگ و نیوێک دوای ئەو ڕووداوە، شەوین باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچێت و ڕۆژانە دەرشێتەوە، شەوین دەڵێت "ڕۆژێک گورچیلەم زۆر ئازاری هەبوو، باوکم داوایکرد بمبەنە نەخۆشخانە، دواتر بردمیانە نەخۆشخانەی ڕزگاری و لەوێ سۆنەریان بۆ کردم و دکتۆر پێیگوتم، سکت هەیە و سکەکەشت مانگ و نیوێکە".

دوای ئەوەی نهێنی سکپڕبوونی شەوین ئاشکرا دەبێت، مامی شەوین، باوکی لەڕووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە، شەوینیش لەترسی کوشتن دەستبەجێ ماڵەکە جێدەهێڵێت و دەچێتە ماڵی خاڵەکانی لە گوندێک "کە چوومە ماڵی خاڵم، ئەوان ئاگاداری ڕووداوەکە نەبوون، دواتر تەلەفۆنیان بۆ مامم کرد ئەویش باوکمی ئاگادار کردەوەو یەکسەر هاتنە گوندەکە، باوکم زۆری هەوڵیدا بمکوژێت، بەڵام مامم پەشیمانی کردەوەو داوای لێکرد کێشەکە بدەنە دەست حکومەت".

شەوین کە ماوەی 10 مانگ و نیوە لەزیندانی چاکسازی ژنان لەهەولێر بۆ خۆ پاراستنی لەکوشتن، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت ژیان دەباتە سەر، دواتر هەر لەوێ منداڵی دەبێت "ئەو ڕۆژەی کە منداڵم بوو ناخۆشترین ڕۆژ بوو لەژیانمدا، هەر هاوارم دەکردو جنێوم بەکوڕە مامەکەم دەدا کە وایلێکردم".

شەوین وەک خۆی دەیگێڕێتەوە ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەی هاوکات دەبێت لەگەڵ یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر، بۆیە بڕیار دەدات ناوی بنێت محەممەد.

چاوەکانی شەوین پڕدەبن لەفرمێسک و دەڵێ"بەڵام من هەر بەناوی (بێکەس) بانگی دەکەم، چونکە ئەو کەسی نییە جگە لەمن".

زۆرجار بۆ سوڵح کردن لەسەر نامووسی ئافرەت و تەنانەت دوای کوشتنیشیان، پارە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، کێشەکەی شەوینیش بەدەر نییە لەو حاڵەتە، هەروەک شەوین گێڕایەوە" باوکم 6200 دۆلاری لەماڵی زرمامەکەم وەرگرت وەک نامووسانە، بۆ ئەوەی کوڕەکەیان نەکوژرێت، بەڵام زڕ ئامۆزاکەم تا ئێستا حاشا لەمنداڵەکە دەکات کە هی ئەو بێ".

دوای ئەوەی شەوین تەسلیم بە پۆلیس دەکرێ، دواتر سامیش لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیردەکرێ و 7 مانگ لەزیندان دەمێنێتەوە، بەڵام وەک شەوین باسیکرد، دوو هەفتە بەر لە لەدایکبوونی منداڵەکەی ئازاد دەکرێت "تا ئێستا حاشا لەو منداڵە دەکات، بەڵام من چاوەڕێی پشکنینی خوێنم، تاوەکو ڕاستییەکان دەربکەون، چونکە ئەوان دەڵێن ئەوە بوختانە بەئێمەی دەکەیت".

زۆرجار منداڵ باجی هەڵەی گەورەکان دەدات،بەردەوام بەدەیان منداڵی بێ ناونیشان لەکوچەو کۆڵانەکانی شارەکانی کوردستاندا فرێدەدرێن بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، ڕەنگە بێکەسی تەمەن دوو مانگیش بەهۆی مەرجەکانی باپیری ببێتە یەکێک لەمنداڵە بێ ناونیشانەکان.

زۆر لە کەسوکاری ئەو ئافرەتانەی کە لە چاکسازییەکانن لەلایەن کەسوکاریانەوە داوایان لێدەکرێ، بچنەوە ماڵ، بەڵام هەندێکیان بەهۆی ڕقی کۆنەوە دەکوژرێن. باوکی شەوین بەردەوام سەردانی کچەکەی دەکات لەزیندان و، وەک خۆی باسیدەکات باوکی بەڵێنی پێداوە بیباتەوە ماڵەوە، بەڵام بەمەرجێک منداڵەکەی فڕێبدات. هەر لەو بارەیەوە شەوین گوتی "من منداڵەکە دەنێرمەوە ماڵی مامم، ئیتر کەیفی خۆیانە، هەرچەندە ئەوانیش نایانەوێت، بەڵام من بڕیارم داوە بگەڕێمەوە".

شەوین لەکاتی باسکردنی چارەنووسی منداڵەکەی هیچ هەستێکی دایکایەتی پێوە دیار نەبوو، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە تا ئێستا ئەو کچە لەمنداڵی دەرباز نەبووەو هەستی نەکردووە بووەتە دایک.

# بەریتانییەک جلوبەرگی ڕەش بە ژنانی کوردستان فڕێ دەدات

**ڕووداو – هەولێر**

لەنێو ژمارەیەک ئافرەتی ڕەشپۆشدا، ئەویش خەریکی هەڵبژاردنی گوڵەکانی ناو ئەو کراسە ڕەشانەبوو کە لە چواردەوری گۆڕەپانەکە دانرابوون، ئافرەتەکان بەدەم گۆرانیگوتن و لاوانەوە هەریەکێکیان خەریکی لێکردنەوەی گوڵە ڕەنگاورەنگەکان بوون.

ئان بین تەمەن 63 ساڵ هونەرمەندێکی شێوەکاری بەریتانییەو ماوەی 40 ساڵە لەو بوارەدا کاردەکات، مانگی 11ی 2007 ئان لەگەڵ شاندێک کە لە چەند هونەرمەندێکی ناوداری ئەمریکی و بەریتانی پێکهاتبوو سەردانی گوندی بارزان دەکات بۆ بینینی گۆڕی ئەو قوربانیانەی ساڵی 1983 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندەبەچاڵ کراون.

ئان دەڵێت "من کە ئەو هەموو گوڵانەم بینی لەسەر ئەو گۆڕانە دانرابوون و دواتر چوومە مۆزەخانەکە پارچەی ڕەشی بەجێماوی کراسی ژنە ئەنفالکراوەکانم بینی، زۆر کاریان تێکردم و بڕیارم دا کارێک لەسەر ئەوە بکەم".

ڕۆژی 2008/5/29 لە گۆڕەپانێکی بچووکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێرو بە بەشداریی 15 ئافرەتی ڕەشپۆش، ئان بین نمایشێکی شێوەکاری بۆ فڕێدانی جلوبەرگی ڕەش سازکرد.

ئان کە دوو دەبدەبەی سپی گەورەی بەرزکردبووەوەو خەریکی بەتاڵکردنی هەوای ناویان بوو، بە بەتاڵکردنەوەی هەوای نێو دەبدەبەکان ئاوازێکی خەمناکی دەردەکرد. ئان لەوبارەوە گوتی "من گوێم لە ئاوازی گۆرانیەکانی ئێوە گرتووە هەمووی خەمناک و لەسەرخۆیە بۆیە حەزم کرد ئەم تۆنە هەڵبژێرم".

ئان وەکو باسیدەکات ئەمە زنجیرەیەکە لەو کارانەی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ئافرەتی کردووە، بەڵام ئەمە یەکەم جاریەتی کە بیرۆکەیەکی بەوشێوەیەی لەلا دروست دەبێت، دەربارەی ڕەشپۆشی ئافرەتی کورد و تێکەڵ نەبوونی لەگەڵ ڕەنگەکاندا ئان گوتی "بەداخەوە ئافرەتی ئێوە وەکو تابلۆیەکی ڕەش وایە، من دەمەوێت لە ڕێگای ئەم کارەوە داوا لە ئافرەتی کورد بکەم ئەم ڕەنگە فڕێبدات و باوەش بۆ ڕەنگەکان بکاتەوە ".

پۆشیا تەمەن 20 ساڵان یەکێک بوو لەو کچانەی کە خەریکی لێکردنەوەی گوڵە زەردەکانی ناو کراسێکی ڕەش بوو، گوتی "من کە گوڵەکانم لێدەکردەوە هەستم کرد بۆیەکەم جار ژیانێکی ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەبژێرم، بەڵام دەنگی هەوای دەبدەبەکان کاتی کۆڕەوەکەی خستەوە بیرم".

عەدالەت ڕەزا بەرپرسی ڕێکخراوی ئارترۆڵ کە ساڵی 2004 لە بەریتانیا دامەزراوەو ئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەکی هونەرییە لەنێوان کوردستان و وڵاتانی دەرەوە، دەربارەی سەردانی ئەم شاندە بۆ کوردستان گوتی " ئەمە دووەم سەردانیانە بۆ کوردستان و دەمانەوێت لە ڕێگای ئەم ڕێکخراوەوە پەیوەندیەکی هونەری دروست بکەین و کورد بە وڵاتانی دەرەوە بناسێنین".

عەدالەت ڕەزا گلەییەکی زۆری ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد کە هیچ هاوکارییەکیان نەکردوون بۆ میواندارێتی ئەو شاندەی لە 5 هونەرمەندی ناوداری بەریتانیاو ئەمریکا پێکهاتوون. شاندەکە بریتی بوون لە سۆزان مێسلس کە نووسەرێکی ئەمریکییە، نانسی بیۆکینان کە پسپۆڕە لە بواری ڤیدیۆو فیلم لە زانکۆی (کالار) لە کالیفۆرنیا، ڕیچارد ویلسن کە خاوەنی ویسامی مەلەکیی بەریتانیایەو یەکێکە لە هونەرمەندە پایەدارەکانی ئەو وڵاتە، خاتوو ئان بین یەکێکە لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی بەریتانیاو بەرپرسی گەلەرییەکی گەورەیە لە باکووری بەریتانیا.



ئان بین: ئافرەتی کورد وەکو تابلۆیەکی ڕەش وایە (فۆتۆ: ڕووداو)

# "ماڵەکەیان تاڵانکردم"

**ڕووداو –هەولێر**

کە دەرگای حەوشەکەی کردەوە یەکسەر دەستیکرد بەگلەیی و بەدەم ڕۆیشتنەوە بەرەو ژوورە تاریکەکەی لەبەر خۆیەوە دەیگوت"من قەروێڵەم بۆ چییە خۆ بووک نیم و تازە شووم کردبێتەوە، هەموو ماڵەکەی منیان تاڵانکرد هیچیان بۆ نەهێشتمەوە، دەبێت بچم لای مەسعود بارزانی شکاتیان لێبکەم".

عەیشێ عەزیز، کە خەڵکی ناوچەکە بەعەیشێ پزگوڕ بانگی دەکەن، ئەویش بەهۆی کۆکردنەوەی تەنەکە و پارچە پەڕۆ و کارتۆن، دوای مردنی مێردەکەی تەنیایی دەبێتە نزیکترین هاوڕێ و هاودەمی، ڕۆژگار بێ بەشیدەکات لەبانگ کردنی بە دایک و پێکەنینی منداڵێک.

ئەو ئێستا لەخانوویەکی بچووکی دوو ژووریدا لەگەڕەکێکی شاری هەولێر دەژیت، هەرچەندە ماڵەکەی خاوێن کرابووەوە لەو خۆڵ و پاشەڕۆیانەی کە ساڵانێک بوو لەکۆڵان و زبڵدانەکانی ئەم شارە کۆیدەکرنەوەو لەدوو ژوورەکەیدا لەسەر یەکی کەڵەکە دەکردن، بەڵام ئێستاش بۆ شتەکانی دەگری و داوا دەکات بۆی بگەڕێننەوە.

عەیشێ گوتی"ئەوان پرسیان بەمن نەکرد و هەموو شتێکی منیان برد، هەندێک زیوم شاردبووەوە لەناو شمەکەکان لەگەڵ هەندێک پارە هەموویان لێ فڕێدام، تەنانەت جلەکانیشیان فڕێدام، هیچیان لەماڵەکەمدا نەهێشت".

عەیشێ بەرەچەڵەک خەڵکی گوندی شێخ وەسانانە، شووی بەپیاوێک کردووە کە دانیشتووی هەولێرە، وەک خۆی گێڕایەوە ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس گوندی شێخ وەسانانی کیمیاباران کرد، ئەو لەوێ نەبووە، بەڵام کەسوکاری هەموویان بەکیمیاییەکە مردوون، ئەو بەدەم گریانەوە ئەم بەسەرهاتانەی دەگێڕایەوە تەنانەت نەیدەتوانی بەبێ گریان چوار قسە بڵێت.

دوای ئەوەی لەڕێی بەرنامەی ( Zoom in )ی سەتەلایتی کوردستانەوە خەڵک و لایەنە حکومیەکان بەسەرهاتی ئەو ئافرەتەیان بینی،خەڵکی گەڕەک داوایان کرد ماڵی عەیشێ لەو زبڵ و کۆنە شتانە پاکبکرێتەوە چونکە بۆنی ئەوشتانە هەموو کۆڵانی هەراسان کردووە، لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتەوە بڕیاردرا کەماڵەکەی لەوهەموو زبڵە پاکبکرێتەوەو هاوکاریش بکرێ.ئەوەبوو شارەوانی هەولێر ماڵەکەی خاوێن کردەوە.

سەبارەت بەو کەلوپەلانەی کەجێگری سەرۆکی حکومەت بۆی دابینکردوون، عەیشێ گوتی "ئەوان تەنها سیسەمێکی ئاسن و تەباخێکی نەوت و دۆلابێکی بچووک و یەک بەتانیان بۆ من هێناوە، بەڵام ماڵەکەی منیان هەمووی بردە دەرەوە تەنانەت یەک دیناریش هاوکاریان نەکردووم، دەمەوێت شتەکانم بۆ بگەڕێننەوە".

عەیشێ کە خاوەنی 3 برابووە، تەنها یەک برای مابوو. وەک خۆی باسیدەکات دوای کوژرانی براکەی، خێزانەکەی شوو دەکاتەوە ئەمەش فشارێکی دەروونی زۆر بۆ عەیشێ دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی باری دەروونی تێکبچێت، عەیشێ وەک باسیدەکات ئەو ماوەیە خەریکی گەڕان بووە بەسەر زبڵخانە و کەلاوەکانداو شتی کۆکردووەتەوە "ڕۆژانە دەچوومە سەر کەلاوەکان فافۆن و سەرە قومبەلەو کەلوپەلی دیکەم کۆدەکردەوە، هەندێکجار فافۆنەکانم دەفرۆشت چونکە ئەو مووچەیەی وەریدەگرم بەشم ناکات".

ئەو یارمەتی لەکەس وەرناگرێت و خۆی ڕۆژانە خواردن بۆ خۆی ئامادەدەکات. ئافرەتێک بەناوی عەتیە کە دراوسێی عەیشێیە سەبارەت بەژیانی ئەم ئافرەتە گوتی "ئەو نایەڵێت کەس یارمەتی بدات ڕۆژانە هەر لەژوورەوەیەو نایێتەدەرەوە و بەتەنیا دادەنیشێت".

عەیشێ دەڵێ مانگانە مووچەی خانەنشینی مێردەکەی وەردەگرێت، بەڵام نەیدەزانی چەندە،هەر ئەوەندەی دەزانی کە بەشی ژیانی ناکات چونکە نەخۆشی دڵ و فشاری خوێنی هەیە "دکتۆر پێیگوتم دەبێت پشوو بدەیت و نابێت خۆت ماندوو بکەی ئەگینا جەڵتە لێتدەدات،چونکە بەردەوام زەختم بەرز دەبێتەوە".

عەیشێ لەقسەکانیدا بەردەوام گلەیی لەحکومەت و پارتی بەتایبەتی دەکرد کە زۆرکەمتەرخەم بووە بەرامبەربنەماڵەکەی، بەدەم گریانەوە باسی محەممەدی برا گەورەی خۆی دەکرد کە کاتی خۆی لەشۆڕشی ئەیلول پێشمەرگەبووەو دەڵێت "دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلول شکستی هێنا محەممەدی برام 3 هەفتە لەماڵەوە کەوت و نانی نەدەخوارد دەیگوت تازە کورد تێچوو، باوکیشم دەیگوت هەستە کورم کورد بەوە لەناو ناچێت".

ئەوەی جێگای سەرنجە عەیشێ باوەڕی بەخۆ شوشتن نییە، وەک خۆی باسیدەکات زستان تەنیا یەک جار خۆی شوشتوەو ئەم هاوینەش جارێک بەئاوی سارد خۆی شوشتوە "من خۆم ناشۆم خۆشوشتنم بۆ چییە، کونی حەمامەکەمان گیراوە، منیش تاقەتم نییە خۆم بشۆم، دوایی خۆ جاری جاران نییە ڕشک و ئەسپێ مابێت، ئیتر بۆ خۆم بشۆم".

ڕەنگە عەیشێ تاکە پیرێک نەبێت لەم وڵاتە کە کەسوکاری نەمابن یان پشتیان تێکردبێت. بەڵکو سەدان پیر لەلایەن کەس وکاریان پشگوێخراون و ئێستا لەخانەکانی بەساڵا چووان ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام عەیشێ بەپێچەوانەی ئەو کەسانە ئامادە نییە ماڵەکەی خۆی بەجێبێڵێ و بچێتە ئەو شوێنانە"تاقەتی ئەو شوێنەم نییە ڕاستە حەز دەکەم کەسێک لەگەڵم بژی، چونکە فەقیرم کەس سەردانم ناکات، بەڵام خانووەکەی خۆم جێناهێڵم و ماڵی خۆم لەهەموو شوێنێک خۆشترە".



عەیشێ عەزیز: هەندێک زیوم شاردبووەوە لە ناو شمەکەکانم لەگەڵ هەندێک پارە هەموویان لێ فڕێدام (فۆتۆ: ڕووداو)

کۆمەڵایەتی



## ڕۆژنامەڤانێکی کورد خۆ دەکوژێ

ڕووداو - ئاڤێستا

◆ نیوە شەوی 2008/5/27 لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا نووسەر و ڕۆژنامەڤانی کورد ئیمروڵڵا یڵدز، لە ماڵی خۆیدا خۆی کوشت. تا ئێستا هۆی خۆکوشتنەکەی دیار نییە. یڵدز خەڵکی باژێڕی دێرسمی باکووری کوردستان بوو، لە نەوەتەکاندا بەهۆی کاری سیاسییەوە ڕووی لە ئەڵمانیا کردبوو و پەیامنێری چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بووە، لەگەڵ گرووپێکی مافناسی ئەڵمانیش کتێبێکی دەرکردووە.

# شرینا خاستیا چار هەیڤان خۆ سۆت

## گۆتە دەزگرێ خۆ من تو نەڤێی، لێ کەسوکار و ئاغایێ وان گۆتێ دڤێ هەر شوو پێ بکەی

**عەبدوڵڵا نەێلی**
**ڕووداو –سێمێل**

شرین پشتی سێ ڕۆژا تێلەفونا دەزگرێ خۆ کر و گۆتێ "من تو نەڤێی و دێ شوو ب بابێ خۆکەم،لێ شو ب تە ناکەم"، ژ قەهرێت شرینێ، دەزگرێ وێ ژی تووشی خەمۆکیێ و دڵتەنگیێ بوو و هەردەم یێ دامایی بوو. پاشی شرینێ فاسا جلکان خار و پشتی کو بردن نەخۆشخانێ و چێڤە بوو، خۆ سۆت تەنێ کو نەبیتە بۆ دلشادی.

شیرین حاجی، تەمەن 20 ساڵ، قوتابی بوو،ژیانەکا ئاسایی دژیا، بەلێ پشتی ماڵا وێ ئەو نە بدلێ خوە دایە شوو ژیانا وێ هەمی بوو ئاستەنگ و کێشە، شەڤ و ڕۆژان ڕۆندکێن خەمێ دباراندن و بەرە بەرە ژیان ل بەر چاڤێن وێ تاری د بوو، هەمی هەوڵدان دان داکو خۆ ژ دەزگرێ نە حەزکریێ خۆ ڕزگاربکەت، بەلێ ماڵا وان بوونە ڕێگر و هەردەم گەفێن کوشتنێ ل شیرینێ دکرن و دگۆتێ دڤێت هەر شوو ب (دلشاد)ی بکەی، ئەگەر نا دێ سێ گوللا ل تە دەین .

ل سەر ڕاستیا چیرۆکا ڤێ دەزگریێ و ئەگەرێن خۆ سۆتنا شرینێ کەسەکێ نێزیکی ماڵا شرینێ، پێزانین دانە (ڕووداو) و گۆت "ماڵا شرینێ و دلشادی وان بەری نۆکە خزمانی کربوو، ژبەر ڤێ چەندێ تێکەلیا وان هەردوو ماڵا دگەل ئێک هەبوو، پشتی دلشاد ل دەرڤەی وەلاتی هاتەڤە و ماڵا دلشادی داخازا شرینێ کر و پاشان نیشانی کرو پشتی دەمەکێ کێم ئاریشە کەڤتە دنێڤبەرا شرین و دلشادی". ئەو خزمێ ماڵا شرینێ ئەگەرێ حەزنەکرنا شرینێ ژ دلشادی گەڕاندەڤا بۆ چەند ئەگەران و گۆت "ژبەرکو دڵشاد کورەکێ هەهەلە بوو، دیمێ وی ژی نە یێ ب دلێ شرینێ بوو و گەلەک جاران شرینێ داخازا هێلانا دلشادی کر، بەس ماڵا وان ڕازینەبوون" .ئەو خزمێ شرینێ دبێژی کو پشتی شرین جارەکێ ب گەشتا قوتابخانێ دگەل هەڤاڵ و مامۆستایێن خۆ دچیت، دلشاد ل پێش چاڤێن هەڤالێن وێ لێ ددەت " ل سەفرێ شرینێ چەند وێنە دگەل مامۆستایێن خۆ یێن زەلام کێشابوون، پشتی دلشادی ئەو وێنە دیتی ڕابوو چۆ د ڕێکا شرینێ دا و ل پێش چاڤێن هەڤالێن وێ، شرین دا بەر شەقا،شرین گەلەک تووڕەبوو گۆتە ماڵا خوە ئێدی خلاس دڤێت پەیوەندیا مە ب دوماهی بێت، بەلێ ماڵا شرینێ ڕازینە بوون و کێشا وان چۆ دەڤ زەنگینەکێ دەڤەرێ و ئەوی زەنگینێ ئاخفتنێن نەخۆش گۆتنە هەردوو وان و گۆتێ هین هەردووک بو ئێکو دوونە و نابیت گوستیرک ب هێتە زڤراندن، پاشان شرین هاتە ماڵا خۆ و، ڕۆژا پاشتر خۆ سۆت". ئەو دبێژی هەردوولایا بەشداریا ڕێڤەبرنا تازیا شرینێ کر و هیچ ئاریشە تا نها دنێڤبەرا هەردوو ماڵا دا دروست نەبوونە .

دڵشاد پێنج برایێن دیکە هەنە و بابێ وان موسا، بەری سێ ساڵان چۆیە بەر دلۆڤانیا خوەدێ. برایەکێ دلشادی، کو نەڤیا ناڤێ وی بێت بەلاڤ کرن، هندەک پێزانینێن زێدەتر دانە (ڕووداو) و گۆت "بەری 20 ساڵان مە خویشکا شرینێ بۆ برایەکێ خۆ ئینایە و تانوکە خزماتیامە گەلەک یاخۆش بوو مە چ ئاریشە نەبوون". برایێ دڵشادی گۆت، دڵشاد ل 2003/4/1 کو وی دەمی، تەمەنێ وی26 ساڵ بوو، چۆ بریتانیا و پاسپۆرت ژی وەرگرت و ئاڤاهیەکی مەزن بۆ خۆ ل سێمێلێ دروستکرد، "لێ دڵشاد ژبەر مرنا بابێ من و شرینێ ڤەگەڕیا کوردستانێ و گۆت ئەز ب ئێکجاری یێ هاتیم و ناچمەڤە".پشتی هنگێ، بەری چار هەیڤان دڵشادی گۆتیە ماڵا خوە هەڕن بۆمن شرینێ بخازن. برایێ دڵشادی دبێژیت "پشتی ئەم چۆینە خازگینیا شرینێ، ماڵا وان هەمی ڕازیبون، مە شرین بو دڵشادی خواست".بەلێ پشتی چار ڕۆژان ژ نیشانکرنا شرینێ بۆ دڵشادی، برایێ شرینێ بەحسێ تەلەفۆنەکا شرینێ بۆ دڵشادی کرد و گۆت " شرینێ تێلەفونا دلشادی کر و گۆتێ: تو وەکی سەی ل پێش چاڤێن من و من تو نەڤێی و ل هیڤیا من نەمینە، هندی دلشادی هەوڵدا ڤیانا وێ بوخۆ بکێشیت، بەلێ ڕۆژ ب ڕۆژ ئاریشە زێدە دبوون، پاشان پسمامەکێ مە سەفرەک بۆ هەر دووان دروستکرو پێکڤە دەرکەفتن بەلێ هەر بێ مفابوو،ئیدی شرینێ دەست ب هەولێن خۆ کوشنێ کرن" .برایێ دڵشادی دبێژی پشتی وان ئەڤ چەندە زانین، ئەو چۆنە ماڵا شرینێ و داخواز ل وان کر دا ڤێ نیشانیێ هەلوەشینن "مە گۆتێ چونکی کچا هەوە کوڕێ مە نەڤێت،بلا ئەڤە نەمینی، بەلێ ژبەر مرۆڤانیا مە یا بەرێ، ماڵا کچێ ڕازینەبوون، هەتا کو کار گەهشتە وی ڕادەی کێشە چۆ دەڤ ئاغایێ مە، وی ژی ئەم هەردوو ماڵ دگەل شرینێ و دلشادی داخازکرین، ئاغایێ مە دگەل دلشاد و شرینێ جودا جودا بتنێ ئاخڤتن و پاشان ل وێرێ ژی ل پێش چاڤێن هەمیان شرینێ گوت (دێ شوی ب بابێ خۆ کەم، شوی ب دڵشادی ناکەم)، ل وێرێ دیسان مە گۆتێ خلاس دڤێت ئەڤ پەیوەندییە نەمینیت، بەلێ باب و برایێن شرینێ گوت دیارە شرینێ هندەک خەلەتی یێن کرین لەوڕا هەوە نەڤێت و دێ شرینێ بەینە گوندێ سێجێ سێ گوللا لێدەین". برایێ دڵشادی دبێژی پاشی وان ئەڤ هەلویستێ ماڵا شرینێ دیت "مە گۆت باشە، سەر ڤان هەمی ئیهانان را ئەم ڕازیبووین هەر دێ بەردەوام بین لسەر مروڤانیێ، پاشان هەر وێ شەڤێ شرین چۆ ماڵ و ئێکسەر بتلەکێ فاسا جلکا ڤەخار و هەر وێ شەڤێ برە نەخوشخانێ". پشتی ژ نەخوشخانێ ڤەگەڕیایە ماڵ، ل ڕۆژا 2008/5/21 ڕابوو گاز ب خۆداکر داکو خۆ بسۆژیت،بەس ماڵا وان زانی جلکێن وێ لبەر کرن مامێ وێ چار دەمژمێران بو ئاخفت،لێ هەر بێ مفابوو هەر وێ ڕۆژێ و ب وان جلکان خۆ سۆت و بر نەخوشخانێ و پشتی چار ڕۆژان ژ نەخوشخانێ شرینێ گیانێ خۆ ژ دەستدا. برایێ دڵشادی دبێژی وان گومانا هندێ هەیە کو "کەسەکی نڤشتیەک ل دەڤ مەلایەکێ بۆ شرینێ دروستکربوو، ژبەر ئاریشان ژی هەتا خۆسۆتی ل دەڤ دادگەهێ نە هاتبوو مارەکرن".

سەرچاوەیێن پۆلیسی ب (ڕووداو) ڕاگەهاند کو دیڤچۆنێن وان ل سەر ڕوودانا خۆسۆتنا شرینێ، د بەردەوامن، بەلێ تا نها کەس نەهاتییە گرتن .


شرین ل ڤیسیڤالا هەڵبەست خاندنێ

# مەینەتی ئافرەتانی خێزانە ڕاگوێزراوەکان

## مێردەکەم بەدرێژایی ڕۆژ لەبەردەرگا دادەنیشێ بۆیە ناچارم بەخۆم پێداویستییەکانی ماڵ دابین بکەم

**سەماح سەمەد**
**ڕووداو–کەرکووک**

لەنێو ئەو خێزانە دەرکراوەکاندا کە لەم ساڵانەی دواییدا گەڕاونەتەوە کەرکووک، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان سەرباری هەژاری، لەژێر گوشاری خێزاندا لەهەندێ مافی زۆر سەرەتایی وەک خوێندن و تێکەڵبوون بەکۆمەڵگا بێ بەشن.

هێرۆ فەریق تەمەن 13 ساڵ لەلایەن باوکی و برایەکی کە دووساڵ لەخۆی گەورەترە ڕێگەی چوونە قوتابخانەی پێنەدراوە . دەڵێت "تەمەنم 5 ساڵان بوو کە لەگەڵ خێزانەکەم بەرەو شاری ڕومادی ڕاگوێزراین،بەڵام لەوێ باوکم ڕێگەی پێنەدام لەگەڵ منداڵانی عەرەبی ناوچەکە بچمە قوتابخانە".

هێرۆ دەڵێت، باوکی پێیدەیگوت عەرەب ڕقیان لێمانەو لەوانەیە دەستدرێژی بکەنە سەر ناموسی کچانی کورد، بەوشێوەیە هەڵوێستی لە نەهێشتنی بۆ چوونە قوتابخانە بۆ ڕووندەکردەوە. ئەو کچە کوردە باسی ئەوە دەکات کە ڕژێمی بەعس خێزانەکانی کوردی دانیشتووی کەرکووکی سەرپشک دەکرد لە دوای بڕیاری ڕاگواستنیان لە کەرکووک، لە چوونە ناوچە عەرەبییەکانی باشوور بە هەموو کەلوپەلی ناو ماڵیانەوە، یاخود بەبێ مافی بردنی شتوومەکەکانیان بچنە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان . لەبەرئەوە زۆر لە خێزانەکانی کورد ڕوویان لەشارەکانی باشووری عێراق دەکرد.

"ئەگەر بمخوێندبایە ئێستا وەک کچانی دیکە خاوەنی بڕیاری خۆم دەبووم". هێرۆ کە ئێستا دەسگیراندارەو بەم نزیکانە مێرد بە ڕێبواری ئامۆزای دەکات کە 6 ساڵ لەخۆی گەورەترەو کاری بەنزینفرۆشی دەکات و ئەویش بەهۆی خراپیی باری ئابووریی خێزانەکەیەوە نەیخوێندووە، وادەڵێت.

خێزانی هێرۆ پاش ئەوەی لەساڵی 2003 گەڕاونەتەوە کەرکووک لەنێو ئەو یاریگایە نیشتەجێبوون کە پێشتر شوێنێکی وەرزشی بووەو پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بووەتە پەناگەی پتر لە 200 خێزان کە لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی و تکریت و ڕومادی و ناوچەکانی دیکەوە گەڕاونەتەوە شارەکەیان .

هێرۆ نەخوێندەوارییەکەی بەهۆکاری هەموو ئەو کێشانە دەزانێت کە ئێستا بەرەوڕووی بووەتەوە، لەوانەش کێشەی بەزۆر بەمێرددانی بەکوڕی مامی خۆی کە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی خۆی کراوەو، ئەمەش حاڵی بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانەیە، کە لەدۆخێکی خراپی بێ خزمەتگوزاری لەشارەکەیاندا دەژین.

نەجیبە حەسەن تەمەن 19 ساڵ یەکێکی دیکەیە لەو کچانەی لەبەر هەمان هۆکار لەخوێندن بێ بەشبووە .ئەو کە پێشتر زۆر بایەخی بە نەخوێندەواربوونی نەدەدا ئێستا هەست بە کێماسییەی دەکات " داوام لە باوکم کرد بمنێرێتە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە حکومەتی کوردستان لێرە دایمەزراندووە، بەڵام نەیهێشت و ئێستا دەیەوێ بەزووترین کات بەمێردم بدات و بەرپرسیارێتی من لەکۆڵ خۆی بکاتەوە" .ئەو دەڵێ خراپی باری ژیانی خێزانەکەیان ڕێی چێژ وەرگرتن لە ژیانیان لێگرتووە.

سەوزە محەممەد ئەمین، تەمەن 40 ساڵ، کە دایکی 7 منداڵە دەڵێت" پێویستمان بەوەیە هۆشیار بکرێینەوەو لەو زانستەی لەدەستمان چووە کەمێک قەرەبوو بکرێینەوە" .ئەوەش بە ئەرکی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دادەنێ کە بیستوویەتی ژمارەیان زۆرە .

سەوزە هۆی زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو ژنانی کوردستاندا دەگێڕێتەوە بۆ سەرقاڵی ژنانی کوردستان بە ماڵ و منداڵەوە، جگە لەوەش "مێردەکانمان بەچاوی گاڵتەجارییەوە لە ڕۆشنبیری و فێربوونی ئافرەت دەڕوانن و باوەڕیان بەفێربوونی کچان نییە" .

هەنا حەسەن حوسێن، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی "ئەتیاف" کە ڕێکخراوێکی خێرخوازیی ئافرەتانەیەو گرنگیی بە خوێندن و فێرکردنی ئافرەتان دەدات، ئاماژە بە بارودۆخی خراپی ئافرەتانی خێزانە تازە گەڕاوەکان دەکات بۆ کەرکووک و دەڵێت "ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێویاندا زۆر بەرزەو هۆکارەکەشی بۆ ئەو بارودۆخە نائاسایی و سەختە دەگەڕێتەوە کە ئەو خێزانانە بەهۆی ڕاگواستنی زۆرەملێوە تێیدا ژیاون" .

ئەو ڕێکخراوە چەند جارێک خولی شەش مانگیی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئافرەتانی نەخوێندەواری شاری کەرکووک کردووەتەوە، بەتایبەتی بۆ کچە تەمەن بچووکەکان. هەنا گازاندەی ئەوە دەکات کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو کچانە بەشداربووان حەماسی تەواوکردنی خولەکانیان هەبووە "زۆربەیان بیانووی جۆراوجۆریان هەبوو،دەیانگوت مێردەکانمان یان براو باوکمان ناهێڵن بەردەوام بین" .

ئەو ڕێکخراوە، وەک هەنا حەسەن باسیکرد، جگە لە خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری گرنگی بە خولی ڕۆشنبیری و تەندروستیش دەدات و ئافرەتان لەسەر ڕاگرتنی پاک و خاوێنی و چۆنێتی پاراستنی منداڵەکانیان لەنەخۆشی ڕادەهێنێ، بۆ هاندانیشیان لەسەر بەردەوامبوون لە خولەکان شتومەک و پێداویستی ماڵیان بەسەردا دابەشدەکات.

کێشەی نەزانی و نەخوێندەواری لای ئافرەت کاریگەری دادەنێ لەسەر ژیانی خۆی و ماڵی وتەندروستی منداڵەکانیشی، ئامینە مەحموود گوتی "منداڵێکی سێ ساڵانم نەخۆش کەوت، لەبەرئەوەی پارەمان نەبوو نەمانتوانی بیبەینە لای پزیشک و خۆم لەماڵەوە دەرمانێکی هێورکەرەوەم دایێ، بەڵام تەندروستی خراپتر بوو، دوایی تەماشام کرد ئەو دەرمانەی من داومەتێ بۆ حاڵەتەکەی ئەو نەدەبوو". ئامینە دەڵێت ئەوە بەهۆی نەزانی و نەخوێندەواریی ئەو بووە کە خەریکبوو منداڵەکەی خۆی بکوژێت.

ئەو ئافرەتانە سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک مەینەتیی دیکەشیان هەیە وەک زەحمەتیی ژیان و نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاوو کارەبا کە هەندێ جار ناچاری دەکات بەهەرشێوەیەک هەیە پەیدای بکات تەنانەت ئەگەر مێردەکەشی ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵنەگرێ.

نیهایەت عوسمان لەوبارەوە دەڵێت "مێردەکەم هیچ کارێک ناکات و بەلایشیەوە گرنگ نییە موحتاج بین یان نا، بەدرێژایی ڕۆژ لەماڵەو لەبەردەرگا دادەنیشێ، بۆیە ناچارم بەخۆم ئاوو کارەباو سوتەمەنی بۆ ماڵەکە دابین بکەم، بە دروینی جلوبەرگی خەڵک خەرجیی پێنج منداڵەکەم دابین بکەم، بەهۆی ئەوەش کە ماکینەی دروومانەکەم کارەبایی نییەو بەپێ کاردەکات بڕبڕەی پشتم تووشی ئازار هاتووە" .

# ڕێژەی تەڵاق لە ڕێژەی شووکردن نزیکدەبێتەوە


لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

چاوەکانی پڕ بوون لەفرمێسک، جارجار ماچێکی کوڕە تەمەن دوو ساڵەکەی دەکرد، کە بەسەر شانییەوە خەوی لێکەوتبوو. ئەو بەهۆی کێشە لەگەڵ مێردەکەی دوو جار ماڵی جێهشتووە " هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ مێردەکەم کێشەمان هەبووە، یەک دیناری بۆ خەرجنەدەکردم، تەنانەت دراوسێکان سەرپایە (نەعلیان) بۆ کڕیوم".

سروەی 25 ساڵ، کە 5 ساڵە شووی بەئامۆزایەکی خۆی کردووە، ماوەی 3 مانگە، بەمەبەستی جیابوونەوە لەهاوسەرەکەی، هاتووچۆی دادگای باری کەسیی هەولێر دەکات "دەمەوێ لێی جیا ببمەوە، چونکە بژێوی خۆم و منداڵەکەم دابین ناکات".

تا دێت ڕێژەی تەڵاق لەکوردستاندا زۆرتردەبێت و، ڕۆژانە بەدەیان کێشەو گرفتی جۆراو جۆری نێوان ژن و مێرد، لەنێو دادگاکانی کوردستان بە تەڵاق یەکلایی دەکرێنەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی لە دادگای باری کەسیی هەولێر، دەست (ڕووداو) کەوتووە، لە ساڵی ڕابردوودا 1591 داوای جیابوونەوەو تەڵاق هەبووە، کە 562 جیابوونەتەوە، 278 داواش حاڵەتی تەڵاق بووە. هەروەها 751 کەسیش لەدەرەوەی دادگا تەڵاقیان وەرگرتووەو پاشان لەدادگا تەڵاقەکەی پەسەند کردوون.

بەپێی ئامارێکی دادگای باری کەسیی دهۆکیش، ساڵی ڕابردوو 172 حاڵەتی تەڵاق و لێکجیابوونەوە لە دادگای ناوبراو تۆمارکراون.

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی بۆ هۆکارەکانی تەڵاق لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە کراوە، دەرکەوتووە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق گرفتی نیشتەجێبوونە .بەگوێرەی بەدواداچوونەکەی حکومەت، خەریکە ڕێژەی تەڵاق لەڕێژەی هاوسەرگیری نزیکدەبێتەوەو سەرۆکایەتی حکومەتیش هەستی بەو مەترسییە کردووە، کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ڕەوشێکی خراپ دەبات.کۆمەڵگە دەخەتە بەر ئەگەری کێشەی زۆر زیاتری کۆمەڵایەتییەوە .

جەماڵ عەبدوڵڵا وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند " ئێمە بە دواداچونێکمان لە دادگاکان کردووە بۆ زانینی ڕێژەی تەڵاق و بۆمان دەرکەوتووە کە ڕێژەی جیابوونەوەو هاوسەرگیری لەیەکتر نزیکدەبنەوە، هۆکاری سەرەکیش نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونە، بۆیە دەستەی باڵای وەبەرهێنان لێژنەیەکی پێکهێناوە بۆ قسەکردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان بۆ دروستکردنی شوقە و خانووی نیشتەجێبوون".

هەروەها دادوەر ئیبراهیم خۆشناو، لەدادگای باری کەسی هەولێر، ئەوەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە کە گرفتی نیشتەجێبوون هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقن ناوبراو گوتی "85%ی ئەو کەسانەی کە داوای جیابونەوە دەکەن لەدادگە تەمەنیان منداڵەو ماوەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییان زۆر کەمەو زۆربەی کێشەکانیان کێشەی نیشتەجێبوونە".

وەنەبێت گرفتی نیشتەجێبوون تەنێ هۆکاری جیابوونەوەی ژنان و پیاوان بێت، بەڵکو هۆکاری دیکەی کۆمەڵایەتی هەن کە کۆتایی بەژیانی خێزانی نێوان ژن و مێرد دەهێنن.

ئەمەل، 23ساڵ، یەکێکبوو لەو ئافرەتانەی لەنێو ڕاڕەوەکانی دادگە دەبینرا و بەنیازی جیابوونەوە لەهاوسەرەکەی، هاتبووە دادگەی باری کەسی هەولێر.

ئەو کە 5 ساڵ و 5 مانگە شووی بەپیاوێک کردووە، هۆکاری جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی گەڕاندەوە بۆ دەستتێوەردانی خەسووی لەژیانی هاوسەرییان"من سەرەتا لەگەڵ ماڵێ خەسووم بووم، هەموو ڕۆژێک لێیاندەدام، دواتر مێردەکەمیان هاندەدا لێم بدات، تەنانەت ڕۆژێک دەستی خستە سەر ملم و خەریکبوو بمخنکێنێت وگوتی شایەتمانی بێنە" .

ئەمەل بۆ ڕزگاربوون لە مێردەکەی، لەبەردەم دادوەردا دەستبەرداری هەموو مافەکانی خۆی بوو، مێردەکەی کە چەند هەنگاوێک لێی دووربوو، کە گوێی لەقسەکانی ئەمەل دەبوو، جار جار بەبزەیەکەوە سەیری ئەمەلی دەکرد، وەک ئەوەی ئەفسەری سوپایەک بێت و بەسەرکەوتوویی لەبەرەکانی جەنگ گەڕابێتەوە .

ڕێبازی برا گەورەی ئەمەل کە ماوەیەکە بەو دادگایەوە خەریکە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوشکەکەی گوتی "مێردی ئەمەل چەند جارێک هەڕەشەی لێکردووین ئەگەر خوشکەکەمان لەمافەکانی خۆی خۆش نەبێ، تەڵاقی نادات، ئێمەش هیچمان ناوێت تەنیا دەمانەوێت لەکۆڵمان بێتەوە، چونکە خوشکەکەم لەوەتەی شووی کردووە 2 مانگ لەماڵی مێردەکەی نەبووە" .

ئەوەی ڕەنگە جێگەی سەرسوڕمان بێ، ژمارەی حاڵەتەکانی لێکجیابوونەوەیە، لە 2008/1/2تاوەکو 2008/5/15، وەک دادوەر ئیبراهیم خۆشناو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " نزیکەی 1400حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە، کە 600 حاڵەتیان داوای جیابونەوە بووە، ئەو ڕێژەیەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ڕێژەیەکی زۆرە" .

یاسای باری کەسی ژمارە 188ی ساڵی 1959 یەکێکە لەو یاسایانەی لەپەرلەمانی کوردستان هەموار کراوە، بەڵام تا ئێستا بڕگە هەموار کراوەکانی ئەم یاسایە نەیانتوانیوە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئافرەتان ڕازیبکات.

هەر سەبارەت بەو بڕگانەی تایبەتن بەجیابوونەوە، کە ئایا تا چەند ئەم یاسایە مافەکانی ئافرەتی دەستەبەر کردوە، دادوەر ئیبراهیم خۆشناو گوتی " مادەی 40،41،43، ی ئەم یاسایە 16 مافی داوەتە ئافرەت بۆ جیابوونەوە، بەڵام تەنها 6 مافی داوەتە پیاو بۆ ئەوەی داوای جیابونەوە بکات".

ئەو دادوەرە ئەوەشی گوت کێشەکە لە یاساکەدا نییە "بەڵکو لەجێبەجێکردنی یاساکەیە، تا ئێستا ئافرەت نازانێت مافەکانی چییە ئەمەش ئەرکی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانە ئافرەتان لەیاساکە ئاگادار بکاتەوە" .



## نوکتە، پردە بەهێزەکەی نێوان هەولێر و سلێمانی

# سلێمانی ئەو شارەی هەمیشە پێدەکەنێت



ئەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو – هەڵەبجە**

ئەگەر تاڵەبانی یەکەم سەرۆک بێت لەنێوان رووەمەتـــی رایـــس و ئەحمـــەدی نــــەژاددا، هاوســـەنگی گەمە سیاســـییەکانی بەغدای تێکنەدابێت، ئەوا یەکەمین سەرۆک کۆماریشە کــە لەنێو ئـــەو هەموو قەیرانە سیاســـی و ئەمنی و دیبلۆماســـییەی بەغدادا، دەســـت بەرداری نوکتەو قسەی خۆشی سلێمانییانە نەبووە. بـــا هەموو دومەڵە گەورەکانیش لەو لاوە بوەســـتێت، کەچەند ساڵێکە جەستەی پارتەکەی بەئاقارێکی مەترســـیدارد بردووە. سەرچاوەیەکی دەســـەڵاتدار لەناو پارتەکەی تاڵەبانیدا وتـــی "مام جـــەلال تەنانەت لەو دانیشتنانەشـــدا کە زۆرگرنگـــن و لەبابەتی هەستیار دەدوێن، بەبێ نوکتەو قسەی خۆش دەرگای هیچ کۆبوونەوەیەک داناخات".

سلێمانی، تاکە شارە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دانیشتوانەکەی جیاواز لەنان و ئاوو هەوا و ئازادی، بەبێ پێویستی پێنجەمیش ناژین، کە ئەویش نوکتەیە. هەربۆیە لەتەواوی کایەکانی ژیانی ئەو شارەدا رەنگیداوەتەوە.

نوکتە زۆرینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبـــات و تـــا دەگاتە ئـــەوەی بڵێی پەراوێزترین کەس لەدانیشتنی شەوانەی تاریق و هاوڕێکانیدا، ئەو کەسەیە لەهەر شەوێکدا لە سێ نوکتەی کەمتر پێ بێت "لەیاسای شەوانەی ئێمەدا، ئەو کەسەی نوکتەی تازەی لانەبێت، وەک ئەوە حسابی بۆدەکەین، کەئاگای لەدنیا نەبێت". تاریق ساڵح، گەنجانی سلێمانی بەوە لەگەنجانی شارەکانی دیکە جیادەکاتەوە، کە نوکتەسازو خاوەنی قسەی خۆشن.

عومەری کەریم ئاغا، کە هەر 15 رۆژ جارێک لەبرگەی مرۆڤ و تەلەفزیۆنەکەی بەرنامەی بەرنامەوە دەردەکەوێـــت، لەو باوەڕەدایە کە نوکتەو پێکەنین لەسلێمانیدا بەبەراورد لەگەڵ جاران زۆر پاشەکشەی کردووە .ئاغا وتی "کاتی خـــۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک لەســـلێمانی ئەوەندە بەهێز بوون، کەخەڵک بە هەموو چین و توێژەکان وەک خوشـــک و برا پێکەوە هەڵسوکەوتیان دەکردو بەردەوام خەریکی قسەی فیشقیات و نوکتەبوون، بەڵام ئێستا ئەو پەیوەندییانە نەماون".

بەڕای ئاغا،پێویســـتە کۆمەڵگا هیچ کاتێک لەنوکتە دانەبڕێت بۆئەوەی هەر مرۆڤێک رۆژانە ســـێ جار قاقا لێبدات "دەبێ پێ بکەنیت و دڵی خۆت و خەڵک خۆش بکەیت، هەرچەندی پێبکەنێت ئەوەندە بۆ تەندروستیت باشە".

یەک دووســـاڵ لەمەوبەر، دەنگوباسی مردنی ژنێک بە"هۆی پێکەنین" شـــاری ســـلێمانی تەنییەوە، بەپێی هەمـــوو گێڕانەوەکان ئەو ژنە لەناو تاکســـییەکدا و بەبیستنی دەنگی (تر)ێک کە لەشۆفێری تەکسییەکە بەربووە، هێندە پێکەنیوە گیانی لەدەســـتداوە . جگە لەمـــەش، بازاڕەکانـــی ســـلێمانی یەکەمین سەرچاوەی ئەو ناوە عەنتیکەو سەیرانەن، کە لەمۆبایل و ئۆتۆمبیل و کەرەستەکانی دیکەی ژیان دەنرێن . تادەگاتە ئەوەش، کەچەندین بەرنامەی رادیۆی و تەلەفزیۆنی بۆ پێکەنین و نوکتە تەرخان بکرێن و سیخورمە و بەرنامەی بەرنامـــە، دوو لـــەو پـــڕۆژە بەردەوامانەی بەرهەمهێنانی پێکەنینن لەسلێمانی، کەهاوکات لەزمانی نوکتەو پێکەنینەوە، زمانێکی توندی رەخنەیشـــیان هەیە لەســـەر دەســـەڵات و کۆمەڵگا.

ئاسۆ جەبار، نووسەرو رووناکبیرێکی سلێمانییە و، پێیوایە لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا، نوکتە و نوکتەگۆڕینـــەوە وەک پەیوەندییەکـــی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی نێوان مرۆڤەکان و گرووپە جیاجیاکان بەڕێوەدەچێت و ئەوەش بۆخۆی پەیوەندییەک دروست دەکات "نەبوونی نوکتە شتێکی خراپەو دەبێت نوکتە هەبێت، چونکە نوکتە پەیوەندی دروست دەکات".

بەپێچەوانەی هەندێک کەسەوە کە پێیانوایە بەهۆی ئەوەی خەڵکی سلێمانی تارادەیەکی زۆر کراوەن، زۆرتر نوکتە دروســـت دەکەن، ئاســـۆجەبار دەڵێت "لەو کۆمەڵگایانەی کە کەبتی سیاســـی و ســـێکســـی و کۆمەڵایەتی زیاترە، نوکتە زۆرترە و لەشاری سلێمانیشدا نوکتەی سێکسی زۆرترە لەشارەکانی دیکە".

د.فەرهاد پیربـــاڵ، مامۆســـتای زانکۆ، کە هەولێرییەکان وەک پاڵەوانێکی قسەخۆشـــی خۆیان بەرامبەر ســـلێمانی چـــاوی لێدەکەن رای وایە "نوکتە لەجۆرە کۆمەڵگایەکدا زیاتر بەرهەمدێت کەسنووری نێوان چین و توێژەکان نەمێنێت و تێکەڵاویان زۆربێت".

لەســـێیەمین نهۆمی زانکۆی سلێمانی، چەند قوتابییەک لەڕاڕەوەکەدا دابەشـــبوون بەسەر دڵخۆشی و نیگەرانیدا، کەپاش پێنج خولەک دەچنە ژوورەوە بـــۆ ئەنجامدانی ئەزموونی وانەی کۆمپیوتەر .لەناو ئەواندا ســـەرکۆ سامی، کەهاوڕێکانی بە"هەگبەی نوکتە" ناوی دەبـــەن دەردەکەوێت . ئەو لاوە لەو باوەڕەدایە کەخەڵکی ســـلێمانی بەهۆی ئەوەی ئاســـتێکی رۆشنبیری بەرزتـــری هەیە لەشـــارەکانی دیکە، دروستکردنی نوکتە لای ئەوان زیاترە "جارێکیان مێشێکی هەولێری دەنیشێتە ســـەر کەرێک، هەر بۆ ئەوەی پێی بڵێن داڵە کەرخۆرە".

ســـەرکۆ تاکە هاووڵاتی شـــاری ســـلێمانی نییە، کەنوکتـــەی زۆرو زەوەندەی لەســـەر هەولێرو هەولێرییەکان هەیە . ئەو دیسانەوە بەنوکتەیەکی دیکـــە، یەخەی هەولێرییەکان دەگرێتەوە" جارێکیـــان کابرایەکی هەولێری بەفرۆکـــە لەســـلێمانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەولێـــر، کاتێک بەماوەی بیســـت خولەک دەگاتەوە هەولێر، دەڵێت بمزانییایە ئەوەندە نزیکە بەپێ دەهاتمەوە".

لـــەدوای راپەڕینـــەوەو بەتایبەتـــی پـــاش هەڵگیرســـانی شـــەڕی نێوخۆو دابەشبوونی شـــارەکان لەنێوان زەردو ســـەوزدا، نوکتە تاکە شـــتێک بوو کەدەیتوانی بەبازگەکاندا هاتووچۆبـــکات، بێ ئـــەوەی پیاوانی بازگە بتوانـــن بیگێڕنەوە . ئێســـتاش لەنێوان ئەو دووشـــارەدا پردێکی بەهێزی پێکەنین هەیە و لەسێ نوکتەی سلێمانی، یەکێکیان لەسەر جەستەی رۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتی هەولێر ساخ دەبنەوە .

د.فەرهـــاد پیربال دروســـتبوونی ئەو پردی پێکەنینـــە دەگێڕێتـــەوە بۆ ئـــەو ململانێ سیاســـییەی کە لەئەنجامی شـــەڕی ناوخۆ دروســـتبوو "جاران نوکتەی سلێمانی لەسەر هەڵەبجـــەو شـــارەزوور بوو، بـــەڵام کاتێک سلێمانی بووە ناوەندی دەســـەڵاتی یەکێتی و



هەولێریش بووە ناوەندی دەســـەڵاتی پارتی، ئیتر ململانێکە پەلی کێشا بۆ هەموو کایەکان و نوکتەش بووە بەشێکی ئەو ململانێیە". ئەو گوتیشی " ژمارەی ئەو ئاوارانەی شەڕی ناوخۆ کە لە هەولێرەوە چوونەتە سلێمانی زۆرترە لەو ئاوارانەی کەلەسلێمانییەوە هاتوونەتە هەولێر، ئەمەش کاریگەرییەکی هەبوو لەسەرهەڵدانی ئەو جۆرە نوکتەیە" .کە هەمیشە ئەو ئاوارانە و هەولێرییەکان بەگشتی لە نوکتەی سلێمانیدا ناویـــان (مەغدیـــد) کە ناوێکـــی زۆر بڵاوە لەهەولێر و هیچ مانایەکی نییە .

"لەو کاتەی کە لەسلێمانی حکومەت سەرقاڵی لەناوبردنـــی ئۆتۆمبیلە مۆدێل کۆنەکان بوو، لەگەڵ چەند برادەرێک بۆ هەولێر دەچووین، لە رێگا ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر لەپێشمانەوە بوو کەپڕبوو لەگوێ درێژ، منیش گوتم ئەرێ تازە لەهەولێر کەر دەمرێنن"، عومەری کەریم ئاغـــا هیواخوازە کەنوکتـــەی نێوان هەولێرو ســـلێمانی لەســـەر بنەمای خۆشەویستی و پەیوەنـــدی بێت و نەبێتە هۆی ئەوەی یەکتر بریندار بکـــەن "لەســـەردەمی حەفتاکان و هەشتاکانی سلێمانیدا، نوکتە لەسەر هەولێر زۆر زۆر کەمبـــوو، یان هەرنەبوو، چونکە ئەو کاتـــە هاتووچۆو تێکـــەڵاوی ئەوەندە نەبوو لەنێوان شارە دوورەکاندا" .

رەنگین، تائێســـتا یەک جار چووەتە شاری هەولێرو لەنزیکیشـــەوە هیـــچ هاوڕێیەکی نزیکی هەولێریشی نەبووە تاوەکو ئاشنای هەڵســـوکەوت و کولتوریان بێت، بەڵام ئەوەنـــدەی لەبـــارەی جیاوازییەکانـــی دانیشـــتوانی ئەو شارەوە بیستووە، کە هەندێک جار پاڵەوانی نوکتەکان بەزۆر دەکاتـــە هەولێـــری "نوکتـــەکان زۆرتر لە هـــاوڕێ کچەکانی زانکۆم دەبیســـتم، تائێستاش خۆشـــترین نوکتەش کەگوێم لێبوبێت نوکتەی مەنتیقە" ئەو شەرمی کرد کەنوکتەکـــە بگێڕێتەوە، بـــەو پێیەی رووی مەجلیسی نییە .

ئاسـۆ جەبار گوتی " لـــە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاش، لەنێوان شارەکاندا نوکتەی زۆرە، ئەوروپییەکان نوکتەی زۆریان لەســـەر ژیانی بەریتانییـــەکان، ئەمریکییـــەکان هەیە، ئەم جۆرە نوکتانە بۆخۆیان جۆرێکن لەپەیوەندی کولتوری نێوان شـــارەکان".هەروەها نوکتە لەنێوان شارەکانی عێراقیشدا هەبووە .

ئەگەر مەهابادییەکان لەکاتی بەیەکگەشتندا، لەیەکتری بپرســـن چی تازەتـــان پێیە، ئەوا خەڵکی ســـلێمانی ئەو پرسیارەش لەیەک ناکـــەن چونکە بەیەکگەیشـــتنی دوو هاوڕێ لەسلێمانیدا بەسە بۆ ئەوەی نوکتەیەک بکەنە دەرگای کراوەی گفتوگۆکانیان.

پیربال لەو بارەیەوە، سلێمانی بەدرێژبووەوەی ناوچەکانی سنە دەزانێت و دەڵێت "لەسنەو مەهابادیش خەڵکی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەتینیان هەیـــەو زۆربەی کات خەریکی قســـەی خۆش و ژیانێکی خۆشـــن، لەرووی مێژووییشـــەوە، ســـلێمانی درێژبوونـــەوەی ناوچەکانی سنەیە".

بەپێی قســـەکانی د.فەرهاد، هەولێرییەکان بۆیە ناتوانن وەک خەڵکی سلێمانی دەرکەون "چونکە لە هەولێر هێشـــتا جیـــاوازی نێوان چینـــەکان و توێژەکانـــی خەڵـــک ســـادەو کاڵ نەبووەتـــەوەو ئەمـــەش وایکـــردووە کەپەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ساردتر هەبێت وەک لەوەی لەسلێمانی هەیە".

"هێشـــتا پێکێکت هەڵـــداوە خـــۆت کردە مـــام جەلال، خۆ پێکێکـــی دیکە هەڵبدەیت خۆت دەکەیت بەجۆرج بـــۆش " . تاڵەبانی لەیەکێک لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکانی خۆیدا لەبەغدا، لەبەردەم چەند رۆژنامەنووســـێکی بیانی و عەرەبدا نوکتەیەکی تایبەت بەخۆی گێڕایـــەوە .وەک تاڵەبانی ســـەرۆک کۆماری عێراق گێڕایەوە، رۆژێک کە لە قەڵاچۆلانەوە گەڕاوەتەوە ســـلێمانی، لە رێـــگادا پیاوێکی بینیوە خەریکـــی خواردنەوە بووەو تاڵەبانی نەناسیوە، ئەویش دابەزیوەتە لای و لەگەڵی دانیشـــتووەو بەکابرای گوتووەو دەمناسی؟ ئەویـــش پێیگوتـــوە نـــا، پاشـــان تاڵەبانی گوتویەتی من مام جەلالم ئەویش پێیگوتووە هێشتا پێکێکت نەخواردووەتەوە خۆت لێبووە بە مام جەلال.

"من بەچاوی خۆم تەسەروفی سەیرو جیاواز لەتەسەڕوفی خەڵکی ئێرەم لەخەڵکی هەولێر بینیـــوە، بۆیە ئـــەو هەموو نوکتـــە زۆرەی سلێمانی لەسەر هەولێر بەســـەیر نابینم "، سەرکۆ سەرباری هەموو ئەمانە خۆشەویستی خۆی بۆخەڵکی هەولێر ڕەوانە دەکات .

# هەورامان لە جوانییەکانیدا

**ئازیز مەحمود و ئەوزاد مەحمود**
**رووداو– ئەحمەد اوا**



کاتژمێر 9ی سەرلەبەیانی 2008/5/30 زیاتـــر لە 6هەزار کەس، ژن و پیاو بەتێکەڵ روویانکـــردە هاوینەهەواری ئەحمـــەداوا بۆ بەشـــداریکردن لـــە فیســـتیڤاڵی کولتوری هەورامان، کەچەند ساڵێک لەوەوبەرچەکدارانی ئەنسارولئیسلام کردبوویانە ناوەندی ئیمارەتی شێوە تاڵیبانی لە کوردستان، هەندێ کەس گلەیی لەحیزبی بوونی فیسـتیڤاڵەکە کرد و ئیسلامییەکانیش رەخنەیان لە تێکەڵاوی ژن و پیاوان هەبوو.

ئەو فستیڤاڵە کـــە لەژێر دروشـــمی (جە سایۆ ئازادی و جە دەربازۆ کولتووریۆ ملمی دلی جوانییەکا هۆرامانی–لەسـایەی ئازادی لـــە دەروازەی کولتـــوورەوە دەچینەوە نێو جوانییەکانی هەورامان) لە دوای فیستیڤاڵی جاف و گۆران، ســـێیەمین فیســـتیڤاڵە لەو ماوەیـــەدا لەلایـــەن پێکهاتـــە جیاوازەکانی کوردســـتان بە جیاوازییەوە ســـاز دەکرێ، بەبڕوای زۆربەی بەشـــداربووان فیستڤاڵەکە بۆ پیشاندانی"هێز و کلتوری هەورامییەکانە" لەبەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەدا.

جەمیل هەورامی، سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی کولتوری هەورامان و بەڕێوەبەری مەڵبەندی رۆشـــنبیری هەورامـــان، ئاماژەی بەوەدا فیستیڤاڵەکەی ئەوان جیاوازە لەفیستیڤاڵی عەشـــیرەت و هۆزەکان"چونکـــە ئێمە زیاتر گرنگیمان بەکار و پیشەسازییە دەستییەکان داوە".

هەروەها جەمیل هەروامـــی رەتیکردەوە کە ئـــەوان لاسـایی عەشـیرەتەکانی دیکەیان کردبێتەوەو مەبەستیشیان زیندووکردنەوەی عەقڵی عەشیرەتی و ناوچەگەرێتی بێت "تەنیا دەمانەوێـــت بە نەوەکانی خۆمان و نەتەوەی کورد بڵێین کە هەورامی لەرابردوودا ئاوا پشتی بەخۆی بەستوە".

فیســـتیڤاڵەکە بەدرێژایـــی و پانتایـــی هاوینەهەوای ئەحمەداوا بەشێوازی تایبەتی ماڵەکانـــی هەورامی ریز کرابوو، کە بەشـــی زۆری چالاکییەکان بریتیبوون لەئەنجامدانی کاری دەســـتی وەک : دروستکردنی کڵاش، جلوبەرگی شاڵ، پێداویستییەکانی ناوماڵ و پیشـــاندانی بەروبووم و بەرهەمە رووەکییەو خۆراکییەکانی ناوچەی هەورامان.

بەڵام زۆربـــەی ئامادەبووان بە هەورامییەکان خۆشـــیانەوە ئەوەیـــان نەشاردەوە کـــە فیستیڤاڵەکە بەرادەیەکی باش رێکخراو نەبوو و"کەموکورتی زۆربوو".

لەبارەی بودجەی فیســـتیڤاڵەکەوە جەمیل هەورامـــی ئاماژەی بـــەوەدا کـــە پارێزگای ســـلێمانی تەنیا بڕی 20 ملیـــۆن دیناری وەک دیاری پێشـــکێش کردوون، لەوە بەدەر هیچ لایەن و دەزگایەک هاوکاری نەکردوون" فیســـتیڤاڵەکە پارەیەکـــی زۆری تێچـــووە، پشتمان بەدەوڵەمەندە هەورامییەکان بەستوە بۆدابینکردنی پارەکە" .فیستیڤاڵەکەش بەناوی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامانەوە سازکرابوو. بەڵام هەندێ کـــەس رەخنەیان لەوە دەگرت کە بەرپرسەکان دەیانەوێ بیکەنە فیستیڤاڵی خۆیان و ئەوەش لەخەڵک بستێننەوەو هەندێ بەرپرس خۆی پێ ببەنە پێشەوە.

بەڵام ئەیوبی حاجی رۆســـتەم، بەرپرســـی مەڵبەنـــدی رۆشـــنبیریی هەورامان،ئەوەی رەتکردەوەو گوتی ئەوان یەک فلسیان لە پارتی و یەکێتی وەرنەگرتووە و گوتیشی" ئەوانەی پێیانوایە دەسەڵات هاتووەتە ناو ئیشەکەوە، بابۆخۆیان هەربڵێن دەسەڵات تەنیا ئەمنیەتی ئێمـــە دەپارێزێت" . هەروەهـــا گوتی " جگە لە 20 ملیۆن دیناری پاریزگاری ســـلێمانی و 5ملیۆن دیناری حیزبی شـــیوعی پارەمان لەهیچ حیـــزب و دەزگایـــەک وەرنەگرتووەو باقی پارەی ڤیســـتڤاڵەکە خەڵکی هەورامان خۆیان داویانە، تەحـــەدداش دەکەین ئەگەر یەک نوێنەری حیزبی لەو ڤیستڤاڵەدا جێگەی کرابێتەوە، وەک نوێنـــەری حیزب کەدەوری هەبوبێت تێیدا " .

ئەنـــوەر عەنەبـــی ئەندامـــی مەکتەبـــی سیاســـی بزووتنـــەوەی ئیســـلامی، یەکێک لەکەموکورتییەکانی ڤیستڤاڵەکەی گێڕایەوە بـــۆ ئـــەوەی کـــە دەســـەڵات لێنەگـــەڕاوە ئەنجوومەنـــی گوندەکانی هەورامان بۆخۆیان ئەو ڤیستڤاڵە سازبکەن و دەستی تێخستووە " بەداخەوە هەســـت بەدەســـت تێخستنی دەسەڵات دەکەین" . عەنەبی گوتیشی" دەبوایە فیستیڤاڵەکە لەشوێنێکی باشتر بوایە و ژن و پیاو لەیەک جیاکراباناوە،نەک ئاوا بەو شێوە هەڕەمەکییە بێت" .هەروەها گوتی "ئێمە وەک لایەنە ئیسلامییەکان بایەخێکی زۆرمان بەو فیســـتیڤاڵەداوە، بەو پێیەی هەرسێ لایەنە ئیسلامییەکە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی تێیدا ئامادەبووینە" .

بیرۆکەی فیســـتیڤاڵی عەشیرەت و هۆزەکان بۆ یەکەمجار لەلایەن جافەکانەوە لەســـاڵی 2002 دا سەریهەڵدا، لەوکاتەوە فیستیڤاڵ ســـازکردن بووەتـــە نەریتێکی ســـاڵانەیان.

ئەوکات لەسەرتادا لەلایەن کۆمەڵێک بەرپرس و رۆشنبیرەوە رەخنەی توند لە سازکردنی ئەو فیســـتیڤاڵانە گیرا بەوەی کە هەوڵدانە بـــۆ زیندووکردنـــەوەی عەقڵـــی خێڵەکی و ناوچەگەرێتی . بەجۆرێک مشتومڕەکە گەیشتە ئاستێکی سیاسی بەرزیش.

هەرچەندە رێکخەرانی فیستیڤاڵی هەورامان ئـــەوە رەتدەکەنـــەوە کـــە وەک وەڵامێـــک لەبەرامبەر فیســـتیڤاڵی عەشیرەتی جاف و گۆراندا ئەم فیستیڤاڵەیان سازکردبێ، بەڵام هەندێک لەســـەرۆک عەشـــیرەتەکانی دیکە پێیانوایە"ئەمـــە چاولێکردنی فیســـتیڤاڵی عەشیرەتەکانی دیکەیە بەتایبەتی عەشیرەتی جاف".

لـــەرووی بەڕێوەبردنـــی فیســـتیڤاڵەکەوە پەرتەوازەیـــی و نارێکوپێکـــی پێوەدیاربوو، بەهـــەزارن ئۆتۆمبیل بۆ چەندیـــن کاتژمێر لەرێگاکەدا مابونەوە، بەســـەدان کەســـیش بەهۆی بچووکـــی شـــوێنەکەوە نەیانتوانی بگەنە فیستیڤاڵەکە .رێکخەرانی فیستیڤاڵەکە رێگەیان بەئۆتۆمبیلی هاووڵاتیان نەدەدا بگەنە نزیک فیستیڤاڵەکە، بەڵام دەیان ئۆتۆمبیلی بەرپرسان لەناو فیستیڤاڵەکەدا هاتووچۆیان دەکرد.

جگە لەهاووڵاتیـــان ژمارەیەک لەهونەرمەند و دەنگخۆشانی ناوچەی هەورامان لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەک بەرپرسی باڵای حیزبی و حکومیش ئامادەی بوون.

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، خێزانی مام جەلال، سەرۆک کۆماری عێراق کە بە خۆشویستنی ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە ناسراوە، بە جلوبەرگی کوردییەوە ئامادەی فیســـتیڤاڵەکە بوو، ئەو پێشتریش لەفیستیڤاڵی جاف و گۆراندا ئامادە بووە. کاتێک (رووداو) ویستی بیدوێنێت، رازی نەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

گۆرانی گوتن، شـــیعر خوێندنـــەوە، کڵاش دروســـتکردن، ئامادەکردنی خۆراک، شـــاڵ دروســـتکردن، دیوەخانـــە هونەرییـــەکان و فێرکارییەکان، لەدیارترین چالاکییەکان بوون کە بۆ ئامادەبووان نمایش دەکران.

بەرزان عەبدوڵـــڵا، ئەندامـــی لیژنەی باڵای ئامادەکاری فیستیڤاڵەکەو ئەندامی پەرلەمانی کوردســـتان لەسەر لیستی ســـەوز ئاماژەی بـــەوەدا کە هەورامییەکان هەمیشـــە خۆیان لەزیندووکردنـــەوەی عەقڵـــی خێڵەکـــی و عەشـــیرەتی بـــەدوور گرتوە"کولتوری خێڵ لەناو هەورامییەکاندا نەبووە، ئەم فیستیڤاڵە جوانترین پەیوەنـــدی بنەماکانـــی کۆمەڵـــی مەدەنی تێدایە، بەڵام بەشێوەیەکی سادەتر".

سەبارەت بەئامانجی فیستیڤاڵەکەش، بەرزان عەبدوڵـــڵا گوتی "ئامانجمان خســـتنەرووی خەســـڵەتەکانی هەورامییەکانـــە، بەتایبەت کولتور و کاری پیشەســـازی دەســـتی، کە هەمیشـــە هەورامییەکان خاوەنی ئابووری ســـەربەخۆ بـــوون، هەروەهـــا هەورامـــان سەرچاوەی عەقڵ و رۆشنبیری بووە".

ســـنووری هەورامان لەناحیـــەی خورماڵەوە دەســـتپێدەکات تاوەکـــو تەوێڵـــە و بیارە، لەرۆژهەڵاتـــی کوردســـتانیش ناوچەکانـــی مەریـــوان، بانە، جوانـــرۆ، هەورامانی تەخت دەگرێتەوە .جگە لەو هەورامیانەی لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجەوە هاتبوون.

لەنێـــو هەورامییەکاندا کەســـایەتی ئاینی و شاعیری گەورە هەڵکەوتوون، کە دیارترینیان (مەولەوی، باباتاهیری هەمەدانی)ین.

ســـاڵی رابـــردوو چەند کەســـێکی هەورامی سەرگەرمی دروستکردنی حیزبێکی هەورامی بوون و ئیدیعای ئەوەیان دەکرد، کە هەورامی نەتەوەیەکـــی جیان لە کورد، بەڵام هەوڵەکە هیچ پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا و گومان دەکرا دەســـتی دەرەوەی لە پشت بێ .شێخ عەبدولرەحمانی سەرۆکی ئەو حیزبە رایگەیاند کـــە کۆنە بەعســـی لە لیژنەی ســـازکردنی فیستیڤاڵەکەدا هەن و بەشداریی نەکرد.

هەورامـــان شـــوێنی هەڵکەوتنـــی دەیـــان پێشـــمەرگەی ئـــازای کوردســـتان و زۆر خوێندەواربووە،بەپێی وتەی شـــێمحەمەدی باڵەکی ئەندامی ســـەرکردایەتی پاســـۆک، دوای راپەڕین هاوبیرێکیان بەناوی شاســـوار کە بەرپرســـی ناوچەی بیارەی پارتەکەیان لەوکاتدا لەئەنجامی رووپێکی مەیدانی بۆیان دەرکەوتبوو کە تەنیا بیارە 170 دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری لێ هەڵکەوتووە . جەمیل هەورامیش گوتی"هەورامییەکان 500 شەهیدی کیمیاباران و زیاتر لە 600 شەهیدی ئەنفالیان هەیە ".

کەلسومی عوسمانپور،نووسەر و مامۆستای زانکۆی سنە، بەدەم هاڕینی گەنم بەدەستاڕ گوتی "من بەپێچەوانەی ئەوانەی دڵخۆشـــن، رووخاو وتێکشکاوم، چونکە هەموو ئەو دیمەنە جوانانەم بیردێتەوە کەخەریکە ئاسەواریشیان نامێنێت" .عوســـمان پور بەبێ وەســـتاندنی دەستاڕەکەی ووتیشی " لەهەورامانیئەودیو، گوند هەیە تاسەرئێسقان شەری رۆژگار دەکا و دەستبەرداری دابونەریت و کلتوری خۆیان نابن " .

ناوچەی هەورامان لە دوای شـــەڕی ناوخۆ تا رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 دا لەلایەن هێزە ئیسلامییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو و هەر لەوێدا رێکخراوی (جوندولئیسـلام) و دواتر (ئەنسارولئیسلام) کە بە رێکخراوێکی ئیســـلامی توندڕەو ناســـراوەو مەلا کرێکار لەدامەزرێنەرانێتی راگەیێندران، خەڵکەکەی خرابوونە ژێر رێوشوێنە تالیبانییەکانەوە .

ســـنوور ئەبوبەکر، کە یەکێکبوو لەکچانەی فیستیڤاڵەکە سەرقاڵی شیکردنەوەی خوری بوو بۆ دروستکردنی شاڵ، وتی زۆر خۆشحاڵە کـــە هەورامییەکانیـــش وابوونـــە خاوەنـــی فیستیڤاڵی خۆیان.

ئـــەو کچە هەورامییـــە باســـی لەوەکرد کە باوباپیرانی ئەوان لەکۆندا توانیویانە زۆرترین پێداویستییەکان لەناو خۆیاندا دابین بکەن. وتیشی"هەورامییەکان خـــاوەن داهێنانـــی گرنگن".

بەڵام ســـنوور نارەزایی خـــۆی لەرێکخەرانی فیســـتیڤاڵەکە پیشـــاندا بـــەوەی کـــە لەبەرێوەبردنیدا کەمتەر خەم بوون.

چەند چالاکیی فیستیڤاڵەکە بەهۆی نەبوونی کۆنتـــرۆڵ و بەرێوەبردنـــی بـــاش نەتوانرا ئەنجامبدرێن.

### عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد، توێژەری ئیسلامیی:

# ئیسلامییەکان رەخنە قبوڵ ناکەن

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد، توێژەری سیاسیی ئیسلامی بە ئاشکرا رەخنە لە تەوژمی ئیسلامی کوردستان دەگرێ، لەو دیدارەدا باسی بزووتنەوەی ئیسلامی و قبوڵنەکردنی رەخنە لەلای ئیسلامییەکان دەکات:**

**هەڤپەیڤین: سالار جاف**

**رووداو: بەڕای تۆ هۆی لەتوپەتبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی چ بوو؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** هۆکارەکان زۆرن، ئەو لەتوپەتبوونە، رەگ وریشەی قووڵی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئیعلانکردنی بزووتنەوە، بەڵام لەم دواییەدا راستییەکەی دەرکەوت. بزووتنەوە وەک دارێک وابوو رابەرێکی دینداری وەک مامۆستا مەلا عوسمان خزمەتی دەکرد، شانبەشانی سەدان زانا و موجاهیدی ماندوونەناس، بەڵام ئەو دارە خۆرە لێیدابوو و رۆژ بە رۆژ زیادی دەکرد،سەرئەنجام قرۆڵەکەی بە تەواوی دەرکەوت و سەرجەم دەستکەوتەکانی لەباربرد، بەڵام ئەوە لەمێژووی بزووتنەوەدا روونە کە کێ لەسەرەتاوە گەرای ئەم ئەنجامە نەگریسەی داڕشت. بێگومان کاک عەلی باپیر دەوری تەواوی هەبوو. لەوبارەوە خوانەخواستە هەرگیز لەخۆمانەوە شتێک ناڵێین. لە هەموو کۆنگرەکاندا کوتلەی جەنابی مامۆستا عەلی باپیر بە ئاشکرا دیاربوو، کەس نکۆڵی لێ ناکات، هەرچەندە هەندێ برا بەباسکردنی ئەم حەقیقەتانە قەڵسن و، بگرە بەکوفریشی دەزانن، بەڵام کاکە وەڵڵاهی ئەمانە راستین و دەبێ بۆمێژوو باس بکرێن. مادام ئەوە روویدا وعەیبی هەموو لایەکمان دەرکەوت ودۆست ودوژمن پێی زانین، پاراستنی ئەو راستیانە تەنیا لە بەرژەوەندی کۆمەڵێک خەڵکی هەلپەرستە و هیچیتر. خودی کاک عەلی باپیر خواشاهیدە خۆم ئەوەم لەدەم بیستووە لە باسی سلبیاتی بزووتنەوەی پێشوودا، گوتیان ئەو عەیبانە بۆ پێشتر نەبوون؟ گوتی کاکە هەر هەبوون، بەڵام خێمەیەکیان بەسەردادرابوو، ئێمە ئەو خێمەیەمان لادا، تاخەڵکی بەچاوی خۆیان راستییەکە ببینن. مامۆستا عەلی باپیر هەر لەسەرەتاوە بە ئاشکرا خەتی جیابوو،ساڵی1996 ویستی حیزب لەتبکات، ئەو کاتە لەئەحمەداوا بوو، تەنانەت کاک شوانی بە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری دانابوو بۆ ئەو حیزبەی کە خەیاڵی بوو، جیای بکاتەوە. هەر لەو کاتەدا و لەدەمەو پاییزدا، کاک شوان ئەڵغامی دەبابەی پێدا تەقیەوە. مامۆستا هەر لەو کاتەوە رۆڵی زۆری هەبوو لە لاوازکردنی بزووتنەوەدا، عەلی باپیر بە وتار و کتێبەکانی سەرنجی زۆر لەگەنجانی راکێشابوو، ماوەیەکیش بەرپرسی مەکتەبی رێکخستن بوو، ئەو دەزگایەی وەک دامەزراوەیەکی جیا لەبزووتنەوە کارپێدەکرد. تا دواجار کاک عیرفانی مامۆستا مەلاعەلی چووە سەربارەگاکە و تەفروتوونای کرد. لەسەردەمی یەکبوونیشدا کەئەو کات ماڵی لەهەڵەبجە بوو، بەردەوام هەوڵی سەرنجڕاکێشانی پێشمەرگەو گەنجانی بزووتنەوەی دەدا. لەبیرم دێت زنجیرە دەرسێکی عەقیدەی ئیسلامی کە ئێستا کردوویەتییە کتێب، ئەوکات لە مزگەوتی ئەبوبەکری سدیق لە هەڵەبجە دەوتنەوە، گەنجێکی زۆر بەشدارییان تێدادەکرد، کە یەکێکیان خۆم بووم. ئەوکات مامۆستا عەلی باپیر نیعمەتی خوا بوو بۆبزووتنەوە، بەڵام هەزار داخ دوایی هەمووی تێکدایەوە، خۆیشی و هەموومانی کرد بەپەندی زەمانە. هەر لەو کۆڕە دەرسیانەدا، بەبیرم دێت برایەک سەر بەسەلەفیە تەکفیریە جیهادییەکانی ناو بزووتنەوە بوو، لەسەرپارچە کاغەزێک پرسیارێکی بۆ ناردبوو، تیایدا پارتی ویەکێتی بە"مورتەد" وەسفکردبوون، مامۆستا عەلی باپیر وەڵامی دایەوەو فەرمووی: ئەوبرایە هەڵەیە، وای نووسیوە، چونکە پارتی ویەکێتی تیایاندایە ئەسڵەن کافرە، ئیتر چۆن مورتەدیان بۆبەکاردەهێنی. واتە ئەوپەڕی لەکابرای سەلەفی تەکفیری جیهادیی گرت. کەچی جەنابیان یەکەم کەس بوو کە لە پەرلەمان دیتمان و، هیچ ئەندام پەرلەمانێکیش هێندەی ئەندامەکانی فراکسیۆنەکەی ئەو دڵیان بەو مەنزڵە خۆش نییە، کە بە خیانەت لە خوێنی شەهیدان بەدەستیان هێناوە. دوای تەفرەقەکەش باروودۆخ زۆر کاریگەری هەبوو، لەسەر لاوازکردنی بزووتنەوە. کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان

## لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆمەڵ لە خورماڵ فرۆشتنی رۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامیی قەدەخەبوو

بەئینشیقاقەکەی زانی، کەوتە جموجوڵ. برایەکی کۆمەڵ بۆی گێڕامەوە، وتی لەوکاتدا لە کۆبوونەوەیەکی مام جەلالدا لەگەڵ یەکێک لە لایەنە ئیسلامییەکان، مام جەلال وتبووی: ئەرێ کاکە جاران دەشتی شارەزوور شووتی دەهێنا، کەچی ئەمساڵ حیزبی ئیسلامیی هێنا. بەهەرحاڵ، یەکێتی هێزێکی زۆری هێنابووە هەڵەبجە، دیارە نێوان یەکێتی و ئیسلامیەکانیش بەگشتی باش نەبوو، هەڵەبجە بەدەست بزووتنەوەوە بوو، خورماڵ وئەحمەداواش بەدەست کۆمەڵەوە. زۆر کەس لەبەر باروودۆخی خراپی هەڵەبجە ئەوێیان بەجێدەهێشت و دەهاتنە مەنتیقە ئەمانەکە، کەخورماڵ بوو، ئەمەش لە قازانجی مامۆستا عەلی باپیردا بوو، ئەمە خاڵێکە تائێستا کەس باسی نەکرووە. ئاخر لەگەڵ راگەیاندنی کۆمەڵدا کۆمەڵ ئەوەندە بە هێز نەبوو، تەنانەت لەخورماڵیش جگە لە جوندو بێلایەن، بزووتنەوە زیاتر بوو، ناوچە ستراتیژیەکانیشی بەدەستەوە بوو. بەڵام خورماڵ ببووە ناوچەیەکی هێمن ئەوەش وایکرد ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە کە لە هەڵەبجەو شوێنەکانی دیکە پەرت بوون، هاتنە خورماڵ و بوونە کۆمەڵ. بەکورتی ئەو باروودۆخەی هاتە ئاراوە کەوتە بەرژەوەندی کۆمەڵ، بەڵام خواهەڵناگرێ جەماعەتی نەهزە بە دڵ وبەگیان ئامادەییان هەبوو، چونکە دەیان ساڵ تامەزرۆی ئەو رۆژە رەشەبوون. ئیتر خەڵکێک ئەوەندە تامەزرۆی هەڵوەشاندنەوەی نەک حیزبێکی لاوازی وەک بزووتنەوە بێت، هەوڵی وێرانکردنی کۆشکی سپیش بدات لەبنەوە دەریدەهێنن.

**رووداو: نەدەکرا جیابوونەوە روونەدات؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** نەوەڵڵا نەدەکرا. مامۆستامەلا عەلی و جەماعەتەکەی لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر و دەوروبەرەکەی بەتەواوەتی دانیان لەیەکتر سپی ببووەوە، تەنانەت دوای ئینشیقاق شەڕیش لەنێوانیاندا هەڵگیرسا، هەر کە ئێوارە دەبووەوە لە دەشتی شارەزوور تەق وتۆق بوو تابەیانی، یەکێتی پەلەی کرد ئەو هێزەی هێنایە خێڵی حەمە، تەنیا سێ چوار رۆژێکی دیکە چاوەڕێی بکردایە لافاوی خوێن لە نێوان بزووتنەوەو کۆمەڵدا هەڵدەستا. جوندولئیسلامیش دەستی دەخستە ناو کارەکەوە و گۆمەکە قووڵتر دەبوو، چونکە جوند زۆر لەکۆمەڵ تووندتربوون. جا ئینشیقاق ئەم دەرهاویشتانەی هەبوو، تازە دوای کۆنگرە نەگریسەکەی تەوێڵە کە نەهزەی ڤایرۆس وبەکرێگیراو، وەک جولەکەکانی بەنوقورەیزەو بەنونەزیر پیلانیی پڕلە فیسق وفجوری خۆیان تێدا دانابوو. دەبووا ریفۆرم لەناوبزووتنەوەدا بکرێت، بەڵام نەک بەوجۆرەی مامۆستاعەلی باپیر کردی، ئاخرمەعقول نییە هەرلەیەکەم کۆنگرەدا مامۆستائەحمەد کاکەمەحموود، مەلاغەنی، کاک کامیلی حاجی عەلی، کەمال رەحیم و، دەیان قیادەی ناسراوو ماندوو بەئەزموونی دیکە لە کۆنگرەدا لابدرێن و هەندێ منداڵ ببرێنە سەرەوە، تەنانەت خودی مامۆستا مەلا عەلیش بە بڕیاری ئێران دانرایەوە،ئەگەرنا ئەویش دەرنەدەچوو، ئیترنازانم مامۆستا عەلی باپیر بۆ خەونێکی نەبینی ئەوە نەکات.

**رووداو:ماوەیەک بوو مامۆستاعەلی باپیر زۆ بە چڕی خەونەکانی دەگێڕێتەوە، تاچەند بڕوات پێیەتی؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** هەرگیز بڕواناکەم ئەوپیاوە ئەهلی درۆ بێت، راستدەکات،بەڵام بڕوام بەتەعبیرەکانی نییە. باسکردنیشیان لەمڕۆدا بەباش بەشیکردووم، ئاساييشە پیاولەسەرشتێک کە بڕوای نازانم، چونکە هەندێ خەڵکی خراپ دەیکەنە نیشانەی پرسیار لەسەر ئیسلام و نان وپیازی کۆنەپەرستی پێوە دەخۆن. بەهەرحاڵ ئەوەشم بیستووە کە گوایە زۆرینەی برایانی سەرکردایەتی کۆمەڵیش، ئەوەیان پێ راگەیاندووە کەباسی ئەو خەونانە نەکات، بەڵام وەک سەلاحیاتی ئەمیر رەتیکردووەتەوە.

**رووداو: زۆر بەراشکاوی پەردە لەسەر خاڵە لاوازەکانی تەوژمی ئیسلامی هەڵدەدەیەوە،ئەوە هیچ کێشەی بۆدروست نەکردووی؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** ئەو ئازادییەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە، کە هەموولایەک بە ئازادی قسەدەکەین، بەراشکاوی دەیڵێم ئەوە بە دیاری دەسەڵاتی کوردی دەزانم بۆ هەموومان، نەک بە سینگ فراوانی ئیسلامییەکان، چونکە ئیسلامییەکان هێندە سینگ فراوان نین رەخنە قبوڵ بکەن. لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆمەڵ لە خورماڵ فرۆشتنی رۆژنامەی بزووتنەوەی ئیسلامیی قەدەخەبوو، ئەمە دیاری کۆمەڵ نییە بۆ من. زۆر چاک دەزانم ئێستا و ئایندەو هەرکاتیش ئەوانە دەسەڵاتیان هەبێت پێستی سەرمان بەسەردەمووچاوماندا دەهێنن، بەڵام ئینشاڵڵا ئەو رۆژە روونادات. من هەرشتێک بڵێم بەئاشکرا دەیڵێم، قەتیش نەترساوم، وەک مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە دەفەرموێت، خودا لەنیعمەتی ترس بێ پێی هەبێت، تەنانەت بشکوژرێت.

**رووداو: رەخنەکانت لە بازنەی تەوژمی ئیسلامیی تێناپەڕن، بۆچی باسی گەندەڵی حکومەت ناکەی؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** رەخنەگر لە باروودۆخی کوردستان کەم نین، هەموو کەس دەزانێت ئەوانەی لە رۆژنامەکاندا دەنووسن، قسە نەکردنم لەسەر سیستمی حوکم لەکوردستان بەهۆی ترسەوە نییە، خۆ ئەوەتا ئەو هەمووە خەڵکە دەنووسێت وهیچیش روونەداوە، بەڵام من کەسێکی تاسەرئێسقان ئیسلامیم و دەمەوێت لە چوارچێوەی تەوژمی

## ئەو ئازادی رادەربڕینەی ئێستالە کوردستاندا هەیە دیاری دەسەڵاتی کوردییە بۆهەمووان

ئیسلامیدا ریفۆرم بکەم، کەخۆم بە خاوەنی ئەو تەوژمەش دەزانم،بە کورتی دەمەوێ تەوژمی ئیسلامی فێری رەخنە قبوڵکردن بکەم.

**رووداو: ئایندەی بزووتنەوەی ئیسلامی چۆن دەبینی پاش ئەو کۆنگرەیەی ئێستا کاری بۆ دەکەن؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** ئایندەی کۆنگرە زۆر ئاڵۆزە، تەنانەت برایانی سەرکردایەتیش نازانن بە چ ئاقارێکدا دەڕوات. لیژنەی سەرپەرشتی بەنیازن خەڵکێکی زۆر لە ئەندامە دانیشتووەکان دەعوەت بکەنەوە بۆ ناو بزووتنەوە، بەڵام ئەوەندەی من بەدواداچوونم کردبێ بڕوا ناکەم زۆریان بگەڕێنەوە.

**رووداو: ئەی هێنانەوەی سدیق عەبدولعەزیز بۆڕابەرایەتی بزووتنەوە؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** کاک محەممەدی مامۆستا مەلاعەلی پێیگوتم بە مامۆستا سدیقمان گوتووە بێتەوە، بەڵام دەبێت خۆی کار بۆخۆی بکات، ئەوەشی وت: کەپێی راگەیاندووە، ئەمە کوێخایەتی کردنی دێیەک نییە، تابتبەم و بڵێم ئەمە کوێخاتانە. وتی پێمگوتووە ئێمە بەڵێنمان داوە بەئەنجامی کۆنگرە رازی بین. جا ئەگەر مامۆستا سدیق زوو خەمی خۆی نەخوات، بڕواناکەم ئەنجامی کۆنگرە لەبەرژەوەندی ئەودابێت.

**رووداو: دەگوترێ لەناوبزووتنەوەدا، بنەماڵەی مەلاعەلی خەتێکن ومەکتەب سیاسیی خەتێکی دیکە ئەوە راستە؟**

**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد:** راستە، رای جیاواز زۆرن، بەڵام نەگەیشتوونەتە رادەی خەت و خەتکاری. بنەماڵەی مامۆستا تابڵێی ماندوون و زۆر ئازاریان لەم کاروانەدا چەشتووە، بڕواناکەم کەس جورئەت بکات، لەکارەکەیان دابڕنێت، بەڵام بێگومان هەندێ شت هەیە، خیلافی لەسەرە. بۆنموونە، مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵ لەوانەیە بنەماڵەی مامۆستا بەچاکی نەزانن، بەپێچەوانەوە برایانی مەکتەبی سیاسی بەباشی بزانن. هەرحیزبێکیش ئەفکار ورای جیاوازی تێدانەبێت، حیزبێکی تۆپیوە.

## هەرکاتێک کۆمەڵی ئیسلامی دەسەڵاتی هەبێت پێستی سەرمان بەسەردەمووچاوماندا دەهێنێتە خوارەوە



**عەبدوڵڵامەلا ئەحمەد**

- سالی1982 لەبنەماڵەیەکی ئاینی لە (ئەحمەدئاوا) لەدایک بووە.
- دەرچووی زانکۆی سلێمانیە.
- ساڵی (1997)لە ڕێی یەکگرتووی ئیسلامیەوە ئاشنای کاری سیاسی ئیسلامیی بووە و، دواتر لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا ماوەتەوە.
- خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (ئێران ناسی)وسەرنووسەری گۆڤاری (ئەمریکاناسی) وبەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی (بزووتنەوەی ئیسلامیی)یە.
- پسپۆرە لە مێژووی نوێی تەوژمی ئیسلامیی لە باشووری کوردستانی.

---

### لیژنەکە لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و وەزارەتی ئەوقاف پێکدێت

# لێپێچینەوە لەو کتێبانە ناکرێت کە پێشتر "هێرشیان" کردووەتە سەر ئیسلام

بەپێی نووسراوێکی نهێنی سەرۆکایەتی هەرێم لیژنەیەک لە د.فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و وەزیری ئەوقاف و یەکێتی زانایان پێکهاتووە، بۆ بەدواداچوونی نامەی کراوەی ئەو 474 مەلا و کەسایەتییە ئاینیەی کە نامەکەیان لە 2008/5/9 ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کردبوو، بۆ دامەزراندنی دادگای شەرعی بۆ ئەوانەی "هێرش" دەکەنە سەر ئیسلام.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون لێژنەکە رێگە دەدات بە رەخنەگرتن لەئیسلام و لێپێچینەوەش لەگەڵ خاوەنی هیچ کام لەو کتێبانە ناکات، کە وەک هێرشکردنە سەر خوداو پیرۆزییەکانی ئیسلام لە نامەکەدا دیاری کراون.

لەلایەکی دیکەوە چەند کەسێک لەمزگەوتەکانی شاری هەولێرو شارەکانی دیکە دەستیان کردووە بەهەڵمەتی واژۆ کۆکردنەوە، وەک ئەوان دەڵێن "دژی ئەو کەسانەی هێرش دەکەنە سەر خواد و پێغەمبەر و پیرۆزییەکانی ئیسلام". بەپێی زانیارییەکان زۆربەی ئەوانەی لەپشت ئەو هەڵمەتەوەن ئیسلامین.

مانگی رابردوو نزیکەی 474 کەس کە زۆربەیان مەلا بوون، لەنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمیشیان کردبوو، داوای لێپرسینەوەی شەرعیان کرد لەگەڵ ئەو کەسانەی هێرش دەکەنە سەر ئیسلام و هەروەها داواشیان کردبوو لێژنەیەکی پسپۆر لەمامۆستایانی ئاینی و "رۆشنبیرە ساغەکان" پێکبهێنرێت بۆ بەسەرداچوونەوەو دیاریکردنی ئەو بابەت و نووسینانەی مۆڵەتی چاپیان دەدرێتێ.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەقۆناخی ئێستا پێی باشە راوبۆچونی هاووڵاتیان وەربگیرێت، بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەو نووسراوانەی لەسەر ئیسلام دەنووسرێن و لەرێگەی وەزارەتی ئەوقافیشەوە میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەوبارەوە.

پرۆژەی کۆکردنەوە واژۆ لەناو هاووڵاتیاندا بەردەوامە و زۆربەی واژۆکانیش لەکاتی نوێژی هەینیدا کۆکراونەتەوەکە تائێستا گەیشتوونەتە 60 هەزار واژۆ، سەرچاوەیەکی ئاگادار لەبارەی کۆکردنەوەی ئەو واژۆیانە بە (رووداو)ی گوت "لایەنە ئیسلامییەکان لەپشت کۆکردنەوەی ئەو واژۆیانەن، بەو پێیەی وەزارەتی ئەوقاف رێگەی مزگەوتەکانی لێگرتن و لەمزگەوتەکاندا نابێت وەڵامی نووسەران و رۆژنامەنووسان بدرێتەوە، بۆیە ئەم ئیمزا کۆکردنەوەیان بەباشترین چارەسەر زانیوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەو سەرچاوە ئاگادارەوە دەست (رووداو) کەوتوون، هیچ لایەنێکی ئیسلامی لەلیژنەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا نییە "بەڵام وەزیری ئەوقاف بۆ راوێژپێکردن لایەنە ئیسلامییەکانی بانگ کردووە و لەسەر ئەو بابەتە قسەی لەگەڵ کردوون".

د.بەشیرخەلیل، پێشنوێژووتارخوێنی مزگەوتی جەلیل خەیات، لەدیمانەیەکی پێشووی (رووداو) دا گوتبووی "رەخنەگرتن لەخوداو پێغەمبەر (د.خ) و قورئان قبوڵناکرێت و هێڵی سوورە"، بەڵام وەزیری ئەوقاف لەکۆبوونەوەکانیدا کە لەدوای پێکهێنانی لێژنەکە بەستراوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کاتی ئەوە نەماوە رێگا لەئازادی بگیرێت لەسایەی ئەوەی کە دەقێک هەیە لەقورئاندا وادەڵێت و نابێت ئیتر رەخنە بگیرێت.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست کەوتوون"ئەو لیژنەیە دەیەوێت میکانیزم و رێوشوێنێکی تەوافوقی پەیڕەو بکات بەجۆرێک ئەو ئازادییە بەکار نەیێت بۆ جنێودان بەخوداو پێغەمبەر و سوکایەتیکردن بەژنانی پێغەمبەر، بەڵام رەخنەگرتن ئاساییە، بەرێگایەکی زانستی دەتوانرێت رەخنە بگیریت، بەڵام نەبێتە هێرشکردن بۆ سەر پیرۆزییەکانی خەڵک".

هەروەک لەنامەی کراوەی ئەو مەلایانەدا هاتووە لەماوەی رابردوودا چەندین کتێب بڵاوکراونەتەوەو وەک هێرشسرکردن بۆ سەر ئاینی ئیسلام دادەنرێن و پرۆژەی کۆکردنەوەی واژۆی هاووڵاتیان و مامۆستایانی ئاینیش دژی ئەو کتێبانەیە، بەڵام بەپێی لێدوانی سەرچاوە ئاگادارەکە "ئەو کتێبانەی پێشووتر بڵاوبوونەتەوە لێپێچینەوە لەگەڵ خاوەنەکانیان ناکرێت و تەنیا وەک نموونە کاریان لەسەر دەکرێت کە سوکایەتین بەئیسلام، بەڵام کار لەسەر ئەوەناکرێت کە لەوەو پێش چی وتراوە، کار لەسەر ئەوەدەکرێت کە لەمەودوا ئەو شتانە نەکرێن".

# ئێران لە هەولێر خۆی نمایش دەکات

## بەڕێوەبەرێکی کۆمپانیای پایەوەر " دوای 14 کاژێر راگرتن لەسنوور ڤیزایان پێنەداین و وەکو دیل ئێمەیان هێنایە ئێرە"

**رووداو – هەولێر**

سێیەمین پێشانگای بازرگانیی کۆماری ئیسلامی ئێران بەبەشداری 160 کۆمپانیا لەشاری هەولێر کرایەوە و لە27 تا 2008/5/31 بەردەوامبوو.

لەو پێشانگا تایبەتییەدا کە سێیەمین پێشانگای پسپۆری بازرگانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لەکوردستان و عێراق، زیاتر لە 160 کۆمپانیا لە17 پارێزگای ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوون و، کالاو شتومەکو کەلوپەلەکانیان لەبوارەکانی خۆراک، پیشەسازی، پلاستیک، ئەلیکترۆنیو پیشەسازیی ئۆتۆمبێل خستەڕوو.

لەسەرەتای دەستپێکی ئەو پێشانگایە سوهەیل کرمانجی بەرپرسی کونسوڵگەری حکومەتی ئێران لەهەولێر ئاماژەی بەگرنگی کردنەوەی ئەو پێشانگایەدا و گوتی "ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێرانو هەرێمی کوردستان".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە لەماوەی رابردوودا ئێران هەوڵی جیدی داوە پەیوەندییەکانی لەگەل کوردستان بەرەو پێشەوە ببات، ئامانجیشی لەو کارە ئەوە بووە کە "ئێران رۆڵی کاریگەر ببینێت لەبووژاندنەوەو بەرەو پێشبردنی عێراق لەسەرجەم بوارەکاندا".

کۆمپانیای پایەوەر، کە کاری ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانی 23 کۆمپانیای ناوخۆی ئێرانە، کە خواردەمەنی و کەلوپەلی پاککەرەوەو کیمیایی و جوانکاری بەرهەمدەهێنن، لەو پێشانگایە بەشداربوو. پەریسا مەنسوور، بەرپرسی کارگێڕی کۆمپانیای پایەوەر کە یەکەمجارە بەشداری پێشانگایەکی وا لەکوردستان دەکات، بۆ (رووداو) گوتی "دەمانەوێ بزانین بازاڕو خەڵکی ئێرە چۆنە، چ جۆرە بەرهەمێکی دەوێ، تاکو بۆیان فەراهەم بکەین".

کۆمپانیای پایەوەر کە دوو نوێنەرایەتی لەبەغدا هەیە، لەو پێشانگایە لەگەڵ 6 کۆمپانیای دیکە کە تایبەتن بەبەرهەمهێنانی خواردەمەنی بەشداریکردووە.

زۆربەی بەشداربووانی پێشانگاکە گلەییان لەوەکرد کە بەرپرسانی ئێرانی لەسەر سنوور کێشەی ڤیزەیان بۆ دروستکردوون و ماوەی 14 کاتژمێر لەسەر سنوور هێشتوویانەتەوە، تورەج فەرج زادە، بەڕێوەبەری ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانی کۆمپانیای پایەوەر دەڵێ "ئەو کاتەی ئێمە دەمانویست بێبنە ئێرە ڤیزەیان بۆ ئامادە نەکردبووین، بەئێمەیان گوت هەموو شتێک ئامادەیە کەچی 14 کاتژمێر لەسەر سنوور ماینەوە، لەکۆتاییدا بەوەرەقەیەک ئێمەیان هێنایە ئێرەو ڤیزەیان نەداینێ، وەکو ئەسیرەکان ئێمەیان هێنایە ئێرە".

سەرۆکایەتی پێشانگای نێودەوڵەتی پارێزگای ورمێ شوێنی ئەو پێشانگایەی لەناوپارکی هەولێر کرابووەوە لەحکومەتی کوردستان بەکرێ گرتبوو، هەندێ لەبەشداربووانی پێشانگاکە گلەییان لەزۆری کرێی ژوورەکان هەبوو،بەپێی زانیارییەکان هەر مەتر چوارگۆشەیەک بە 160 دۆلار بەکرێ گیرابوو.

نەوید مەشینی، نوێنەری گرووپی پیشەسازی نەگین نادری لەلاریجان کە بیسکویت و کولیچە و کێک و گەزۆ بەرهەم دێنێ، گوتی "نرخی ژوورەکان زۆرە، دەبوایە کرێیەکە کەمتر بوایە، چونکە ئێمە تەنیا بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانمان هاتووین".

کەچی فەرج زادە کە بۆ بەشداری پێشانگا نێودەوڵەتییەکان سەردانی زیاتر لە 30 وڵاتی کردووە دەڵێ "ئەو کرێیەی لێرە وەردەگیرێ بەراورد لەو کرێیەی لە وڵاتانی دیکە وەردەگیرێ زۆر نییە".

گرووپی پیشەسازی نەگین نادری لەلاریجان کە 3 کۆمپانیای لەخۆ گرتووە، دوو نوێنەرایەتی لەسلێمانی و بەغدا هەیەو بەنیازن لەهەولێریش نوێنەرایەتی بکەنەوە، نەوید مەشینی بەرپرسی ژووری ئەو گرووپە بۆ (رووداو) دەڵێ "بەرهەمەکانمان نرخێکی جیاوازیان هەیەو بەراورد لەگەڵ زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لەعێراقدا هەن هەرزانترە، جگە لەوەی کوالیتی بەرهەمەکانمان زۆر بەرزە، هەر لەبەر ئەوەش خەڵکێکی زۆر پێشوازی لێکردووین".

بەهۆی هەرزانی نرخی ئۆتۆمبێلەکانی نێو پێشانگاکە، زۆربەی ئەو کەسانەی سەردانی پێشانگاکەیان دەکرد سەردانی ژووری کۆمپانیای ئێران خۆدرۆ، ئێران دیزەلیان دەکرد، کە نرخی ئۆتۆمبێلەکانیان کە مۆدیلی 2008 بوون لە 5000 دۆلار تا 14000 دۆلار بوو.

غەدیر عەتتار، بەرپرسی کۆمپانیای نەبیزەمزەم لەعێراق، کە نوێنەری فەرمی ئەو هەردوو کۆمپانیایەی ئۆتۆمبێلی ئێرانییە لەعێراق، بۆ (رووداو) گوتی "خەڵکی عێراق پێشوازییەکی زۆر باشیان لەئۆتۆمبێلەکانمان کردووە، تائێستا توانیومانە 4000 ئۆتۆمبێل بفرۆشینە هاووڵاتییانی عێراقی".

هەروەها عەتتار ئاماژەی بەوەدا کە بۆ ساڵی 2008 بەرنامەیەکی نوێیان لەبەردەستدایە بۆ فرۆشتنی 7 هەزار ئۆتۆمبێل و لەمانگی داهاتووشدا نوێنەرایەتییەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای ئێران خۆدرۆ لەهەولێر دەکەنەوە و بەنیازن دوای 4 مانگی دیکە نوێنەرایەتییەکی دیکەش لە سلێمانی بکەنەوە.

وەکو عەتتار باسیکرد لەرێگەی بەغداوە تائێستا زیاتر لە 300 ئۆتۆمبێلیان بۆ کوردستان رەوانە کردووەو فرۆشتوویانە "بەڵام ئەمساڵ لەبەرنامەماندایە کە 3000 ئۆتۆمبێل لەهەولێرو سلێمانی بفرۆشین". ئۆتۆمبێلەکانیش بریتین لەپیجۆی رۆبا، سەمەندی ئی ئێل، پیجۆی 206 و چەند جۆرێکی دیکە.

کۆمپانیای نەبیزەمزەم ماوەی 3 ساڵە لەعێراق کار دەکات، بەرپرسی کۆمپانیای نەبیزەمزەم ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی داواکارەکان بازرگانی کورد بوونە و، بۆ بەشداریکردن لەنوێنەرایەتی و کڕینی بەکۆمەڵی ئەو ئۆتۆمبێلانە "هەندێ لایەنی حکومەتی کوردستان سەردانی ژوورەکەمانیان کردو داوای ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای ئێران خۆدرۆ بۆ تاکسی و ئۆتۆمبێلە گەورەکانی کۆمپانیای ئێران دیزەلیش وەکو پاسەکان بۆ هاتووچۆی ناوشار داوا کردووە".

هەندێ لەئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای نەبیزەمزەم 100% دروستکراوی ئێرانن و هەندێکیشیان بەهاوکاری لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی فەرەنسا وەکو پیجۆ لەئێران دروستدەکرێن.

هەر ئافرەتێکیش کە دەهاتە ئەو پێشانگایە یەکەمجار ئەو ژوورە سەرنجی رادەکێشا، کە کۆمپانیای چینی تووس قاپ و فنجانی فەخفوری لێ نمایش کردبوون.

دڵشاد قادر بەکر، بەرپرسی ئەو ژوورە کە کەسێکی کوردە و بەنیازە نوێنەرایەتی ئەو کۆمپانیایە لەکوردستان وەربگرێت ئاماژەی بەوەدا کە بەرهەمەکانی کۆمپانیای چینی تووس یەکێکە لەبەرهەمە باشەکانی دونیا کە ناوبانگی هەیەو 5 بڕوانامەی لەئەورووپا و ئەمریکا پێدراوە "ئەو ئامێرانەی ئەو قاپ و فنجانە فەخفورییانەی پێی دروستدەکرێ ئەڵمانین، زۆربەی مادە سەرەکییەکانی لەئەڵمانیاوە بۆ دێت و لەئێران دروستدەکرێن".

دڵشاد قادر کە خەریکی رێکخستنی قاپ و فنجانەکان بوو، ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە لایان، بەتایبەتی سوپەرمارکێتەکان و ئافرەتەکان و داوای تاخمی فینجان و قاپەکانیان کردوون "ئەو تاخمانەی ئێمە زۆر جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی ئێرە هەیە، هەر تاخمێکی ئێمە لە 60 تا 120 پارچە پێکدێت، کەچی ئەوانەی ئێرە 7-8 پارچەیە، داواکاریش زۆر بووە بەڵام ئێمە جاری تەنیا بۆ نمایشکردن ئەوانەمان هێناون".



هەرزانی ئۆتۆمبێلەکان لە پێشانگای هەولێر سەرنج راکێش بوو (فۆتۆ:رووداو)

---

لەسەر رووبەری 137هەزار مەتر چوارگۆشە

# 14900 درەخت لە بازیان دەچێنرێن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – بازیان**

گەورەترین پرۆژەی کشتوکاڵی لەسنووری پارێزگای سلێمانی، لەچوارچێوەی کەرتی تایبەتدا،لەلایەن گرووپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە ئەنجامدەدرێ، کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، بەهەیبەتترین بەروبوومی عەلوەکەی سلێمانین و بەڕێوەبەری پرۆژەی باخی سێوی بازیانیش رایگەیاند ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ زەوییان بۆ تەرخان بکات، ئەوا نیازیان هەیە لەدەڤەری هەڵەبجەش، پرۆژەیەکی دیکەی کشتوکاڵی ئەنجامبدەن.

گرووپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە کە زیاتر بەکۆمپانیاکانی حاجی محەممەدی بامۆکی ناسراون، ماوەی دوو ساڵە لەبازیان سەرقاڵی بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی گەورەی کشتوکاڵین، کە بەپرۆژەی باخە سێوی بازیان ناودەبرێت و ئەمساڵیش یەکەمین ساڵی وەبەرهێنانی سێوی خۆماڵییان دەبێت و، چاوەڕواندەکرێت لەنێو بازاڕی سلێمانیدا شوێن پێی خۆیان دیاری بکەن.

رزگار قادر حەمە، بەڕێوەبەری پرۆژەکە وتی" دوو ساڵە تەماتە، خەیار، باینجان و بیبەر دەخەینە بازاڕی سلێمانییەوەو تەنیا لە وەرزێکدا67تەن خەیارمان بردووەتە عەلوەکەی سلێمانی و بەروبومەکانمان داواکارییەکی زۆری هەیەو زۆر بەرەواجترە لە بەروبوومی ئێرانی و تورکی و سووری، ئەمساڵیش یەکەمین ساڵی وەبەرهێنانی سێومان دەبێت".

ناوبراو بەپێچەوانەی رای زۆر لەجوتیارانی کوردستان، پێیوابوو وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی کوردستان، هاوکاری و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ جوتیاران و کەرتی تایبەت دەستەبەردەکات بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی لە کوردستان و گوتی "ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەیکات، لەهیچ وڵاتێک ناکرێت، چونکە لەهیچ وڵاتێک وەزارەت نایێت خانووی پلاستیکی لەسەر ئەرکی خۆی دروست بکات و بەسەر جوتیاراندا دابەشی بکات".

رزگار لەو باوەڕەدایە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ بەردەوام بێت لەپیشکێشکردنی هاوکاری بۆ جوتیاران و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، کشتوکاڵ لەکوردستان بەباشی دەبووژێتەوە. جگە لەکاری بەرهەمهێنانی بەربوومی کشتوکاڵی، رزگار گوتی "دەتوانین هەموو پێداویستییەکانی باخداری و دروستکردنی خانووی پلاستیکیش بۆ جوتیاران دابین بکەین".

پرۆژەی خانووی شووشەیی بازیان گرووپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە،لە سەر رووبەری137 هەزار مەتر چوار گۆشە دروستکراوەو ئێستا کۆی درەختەکانی دەگاتە 14900 درەخت لەجۆرەکانی سێو، زەیتون، هەنار، گێلاس خۆخ و کۆی تێچووی پرۆژەکەش 1 ملیۆن و 500 هەزار دۆلارە. بەڕێوەبەری پرۆژەکە ئاماژەی بەوەشدا کە"ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی کوردستان بێ وێنەیەو دەمانەوێت فراوانتری بکەین،جگە لەوەش چەندین ئەندازیارو پسپۆڕی بواری کشتوکاڵی کاری تێدا دەکەن".

سەبارەت بە ئەنجامدانی پرۆژەی هاوشێوەی بازیان، بەڕێوەبەری پرۆژەکە گوتی " ئێمە خۆمان بازیانمان بۆ ئەو کارە هەڵنەبژاردووەو وەزارەتی کشتوکاڵ زەوی لەو شوێنە پێداوین، چونکە ئێمە لەچوارچێوەی باخی سێوی بازیاندا ئەو کارەمان ئەنجامداوە، بەڵام دەمانەوێ لەدەڤەری هەڵەبجەش پرۆژەیەکی دیکەی وەک ئەوە دروستبکەین ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ زەویمان بۆ تەرخان بکات".

لەشارۆچکەی هەڵەبجە، حاجی محەممەدی بامۆکی وەک سەرمایەدارێک و هەمیش وەک خێرخوازێکی ناوچەکە چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەسەر ئەرکی خۆی ئەنجامداوە، دیارترینیان دروستکردنی کتێبخانەی گشتی هەڵەبجەوقوتابخانەیەکی دوانزە پۆلی و پرسەخانەیەکەو بەردەوامیش بە وردە پرۆژەی خزمەتگوزاری، لەناوچەکەدا جێگە دەستی خۆی دیاری کردووە.

بەروبوومی خانووە پلاستیکییەکانی ئەم پرۆژەیە رۆژانە دێنە بازاڕی سلێمانی، رۆژانەش 65-70 کرێکار لەو پرۆژەیەدا کاردەکەن، 150 هەزار شەتڵی زەیتون، گوێز، سێو، گیلاس، خۆخ و قەیسی لەبەشێکی دیکەی پرۆژەکەدا هەیەو هەموو ئەو شەتڵانەش لە وڵاتی لوبنانەوە هێنراون "ئێمە بەروبوومی خۆمان تەنیا لەبازاڕی سلێمانیدا ساخ دەکەینەوەو بەهیچ شێوەیەک نایێرینە دەرەوە"، ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی" لەدوای ئێمەوە، چەند کۆمپانیاو خەڵکانێکی دیکەیش لەناوچەکەدا پرۆژەی کشتوکاڵی لەم جۆرەیان لە وەزارەت وەرگرت و ئێستا چەند پرۆژەیەکی لەم شێوەیە لەناوچەکەدا هەیە".

---

# 300 زارۆک ل زاخۆ ل سەر جادانن



**سامان سندی**
**رووداو – زاخۆ**

ئومێد ئیبراهیم کورەکی 13 ساڵییە و رۆژانە ل سەر جادە و ترافیکێن هاتن و چۆنێ بنیشت و کلینسا دفرۆشە و داهاتێ رۆژانەیێ وی پێنج هزار دینارن عێراقییە و بابێ وی ژی ل سەر پارچە کارتونەکێ تەلەفۆنێن کەڤن د فرۆشە، هۆسا ڤی زاروکێ هان و چەندێن دی یێن خوەستن چیرۆکێن ژیانا خوە بۆ (رووداو) رۆنبکەنەڤە.

ئومێد و گوهدار، کو د ژیێ 13 سالیێ دانە، رۆژانە ژ دەمژمێر هەشت و نیڤی سپێدێ تا دەمژمێر حە فتی ئێڤاری ل سە ر جادە و ترافیکا د راوەستن داکو 5 هزار دیناران بدەستبینن و مالا خوە پێ ب خودان بکەن. ئەڤ هەردوو زارۆکە دبێژن هێڤیێن وان د ژیانێ دا ئەوەبووە کو ئەوژی وەکو زارۆکێن جیرانێن خوە بچنە خوێندنگەهێ و ڤان رۆژێن گە رمێن هاڤینێ ل سە ر جادا نەبن.

گوهدار کو ئەڤە دەمێ سێ سالایە دەست ژ خوەندنێ بەردایە لسەر ڤێ چەندێ دبێژی "ژ بەر پەرێشانیا رەوشا مالا مە، ئەم نەچارین ڤی کاری بکەین".

ئومێد، کو رۆژانە ل سە ر شەقامێن گەرم و ساردە، زۆر ئۆگرێ وەرزشێیە و حەز ژ یانەیا ئەی سی میلان یا ئیتالی دکەت و" گۆت خوەزی ئەز رۆژەکێ ببامە یاریکەرەکێ ڤێ یانەیێ". ئەم دڤان گۆتناندا بووین شوفێرەکی گازی کرێ و دوو پاکێتێن کلینسا ژێ کری، مەژی ئەو بجە هێلا.

شیرین سالح رێڤەبەرا رێکخراوا نەحکومییا ئاڤا، کو کارێ وێ پاراستنا مافێ زاروکانە ل بازاڕێ زاخۆ، لسەر دیاردا کارکردنا زارۆکا ل زاخۆ پەیڤی و ب (رووداو) راگەهاند " بێتری 300 زارۆکان ل بازاڕێ زاخۆ لسەر جادانە و ژیێ وان ژ 6 سالیێ تا 14 سالییە، کو 14 ژ وان کچن".

شیرین سالح، بەحسێ ئەگەرێن بوونا ڤێ دیاردێ کر و گۆت " ژبەر کو بجهئانیانا یاسا ل هەرێما کوردستانێ ئە کتیف نییە ژبەر هندێ تا نها مە نەشیایە ڤێ پرسگرێکا هان چارەسەر بکەین، هەروەسا جڤاکێ مە جڤاکەکێ عەشیایریە و دبێژن پێتڤییە هەر ژ بچیکاتی زاروکێن خوە فێری کاری بکەن". شیرین ڤێ یەکێ وەک لاوازیا ئاستێ تێگەیشتنا دایک و بابان شرۆڤە دکە.

سەرۆکا رێکخراوا ئاڤا دبێژە وان گەلەک جارا داوایا بجهئیانا بنەمایێ کێم بچووک بوونێ کردیە و لسەر ڤێ یەکێ دبێژی " مە گەلەک جارا دکۆمبوونێن خودا دگەل وەزارەتا مافێ مرۆڤان پێشنیاز کریە کو فە رە هەر خێزانەک گەلەک زارۆکا پەیدا نەکە لێ پیشنیازا مە چ جهنەگرتینە".

شیرین سالح، دبێژی " هندەک ژ ڤان زارۆکا ژبال هن خورتان ڤە دەستدرێژیا سێکسی لسەر تێتکرن".

هەروەها دادوەر مستەفا موختار ل دادگەها دهوکێ دەربارەی وان زارۆکێن کارکەر یێن کو ژیێ وان کێمتر ژ 18 سالان، بۆ (رووداو) ئاخڤی و گۆت "ل گۆر مادێ 97 یێ یاسایا کاری کو ل ساڵا 1987 دەرکەتیە هە رکەسەکێ زاروکێ ژ 15 سالیێ کێمتر بدەتە کاری دێ ژ 10 رۆژا تا 3 مەها هێتە زیندانی کرن، ئە گەر باب زارۆکێ خوە ژ 15 سالیێ کێمتر بدەتە کاری دێ شەش مەهان هێتە زیندانیکرن، ئەگەر دووبارە بوو دێ ماوێ ئێک سالێ هێتە زیندانی کرن". هە روە سا ناڤبری ل گۆر یاسایێ عێراقی ئاماژە ب وێ چەندێ چی کر کو هەر زارۆیەکی ژ 15 سالیێ تا 18 سالیێ نابیت کارێن شەڤێ، کارێن گران یان کارێن کیمیاوییاتا بکەت، هەروەسا نابیت ژ 7 دەمژمێرا زێدەتر کار بکە ت و ئەگەر بە رەوڤاژی ڤێ چە ندێ بوو دێ خوەدیێ کاری ژ 10 رۆژا تا 3 مەهان هێتە زیندانیکرن.

شیرین سالح رێڤەبەرا رێکخراوا ئاڤا،خێزانەکێ دکەت نمونە و دبێژە، هەیڤەکێ مووچێ خوە کو 500دۆلارە دگەل 200 دۆلارێن دیکە بۆ خێزانەکێ تەرخانکرینە دا کو کار ب زارۆکەکی خوە نەکەت " لێ پشتی ئێک حەفتیێ زاروکێ وێ مالێ لسەر جادەیان کارێ خوە سە ر ژ نوو دە ستپێکرڤە".

کاکرنا زارۆکان بێجگە ل وان دەستدرێژین ل وان تێنەکرن، گەلەک جاران ژی وان بەرەڤ کارێن خراپ دبەت. ئیسلام کەریم رێڤەبەرێ چاکسازیا ژن و زارۆکان ل پارێزگەها دهۆکێ لسەر ڤێ یەکێ راگەهاند کو " تا نها د چاکسازیا مە دا 16 زارۆک هەنە کو ژیێ وان ژ 11 سالیێ تا 18 سالیێ نە،دادگەهێ ئەو ب 6 مەه تا 5 ساڵا حوکمداینە کو ئێک ژوان کچکە و، هەموو ژی ئەون یێن کو ل سە ر جادا کارکرینە و دزی ئەنجامداینە".



## "دەترسێم بچمە وەزارەتی ڕۆشنبیری"

**محەممەد شکاک - ڕووداو**

◆ گۆرانیبێژ نوێنەر ئەحمەد بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند گۆرانییەکی تازەی بەنێوی (هەناسەکەم) داناوە و بەمزوانە کلیپی دەکات و بڵاویدەکاتەوە. لەبارەی هاوکاریکردنی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، نوێنەر دەڵێت "دەترسم بچمە وەزارەتی ڕۆشنبیری، چونکە هاتووچۆیەکی زۆرت پێدەکەن و کاتێکی زۆرت لێدەگرن، کەچی دواتر یان هیچت دەست ناکەوێت، یاخود ئەگەر هاوکاریشت بکەن چارەگی ئەو خەرجیەت نادەنەوە کە لەبەرهەمەکەت خەرجکردووە، دواتریش لیستێک لەرۆژنامەکان بڵاودەکەنەوە کە گوایە هاوکاری هونەرمەندانیان کردووە".

# کوردستانە بچووکەکەی ئەمەریکا

**ڕووداو – ناشڤیل**

تەلەفزیۆنی گشتی شاری ناشڤیلی ئەمەریکا ئێستا خەریکی نیشاندانی زنجیرەیەکی دێکۆمنتارییە لەسەر ئەو ڕەوەندو کۆمیونیتیانەی لە شارەکەدا دەژین. زنجیرەکە لەنووسین ودەرهێنانی ویل پێدیگۆیە و یەکەم بەشی تایبەتە بە ڕەوەندی کورد لە شارەکەدا بە ناونیشانی " کوردستانە بچووکەکەی ئەمەریکا".




سەرەتای گەیشتنی کورد بە باکووری ئەمەریکا "ئەمەریکاوکەنەدا" دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1976 کە بە هۆی شکستی شۆڕشی ئەیلوولەوە ژمارەیەک کورد ڕوویانکردە ئەمەریکا و کەنەدا، بەشی هەرە زۆریشیان لە شاری ناشڤیلن کە ژمارەی کورد بەپتر لە 30 هەزار کەس مەزەندە دەکرێت.

زنجیرەکە باس لە مێژوو وکولتووری کورد وچیرۆکی گەیشتنی کورد بە ئەمەریکا بەگشتی و شاری ناشڤیل بەتایبەتی دەکات و تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی بەرچاوی ڕەوەندی کورد لە شارەکە، کە خاوەن بازاڕو ڕێستوارنت ونانەوانەخانەو تەنانەت مزگەوتی تایبەت بە خۆشیانن.

پێدیگۆ دەڵێ " پەنابەرانی کورد ئەگەرچی وەکو کەسێکی دوورخراوە لەنیشتمانی خۆیان گەیشتوونەتە ناشڤیل، بەڵام بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش توانیویانە لەسەرپێی خۆیان بوەستن وکۆسپ وتەگەرەکان ببڕن وناشڤیل بکەنە شار و ماڵی خۆیان، من لە ڕێگەی ئەم بەرهەمە بەڵگەنامەییە دەمەوێ فرە ڕەنگی وکولتووری شاری ناشڤیل بخەمە بەرچاوان".

"لە کوردستانە بچووکەکەی ئەمەریکا" باس لەوە دەکرێت کوردبوون مانای چییە و چۆن کوردی ئەمەریکا خۆیان لەگەڵ ژیانی ئەوێ ڕادەهێنن، لە فیلمەکەدا وێڕای چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین پەنابەری کورد، سەردانی بازاڕو شوێنە کوردییەکانیش کراوە وەک (خواردەمەنی نێودەولەتی ئازادی) کە نانەواخانەیەکی کوردی وشوێنی فرۆشتنی خواردنی کوردییە، سەنتەری ئیسلامی سەلاحەددین کە یەکەمین مزگەوتی کوردییە لە ئەمەریکا .

تاقم وباندی گەنجە کوردەکانی ناشڤیل چەندین جار بەهۆی شەڕو گێچەڵ دروستکردن لەگەڵ تاقم وباندی نەتەوەکانی دیکە بوونەتە سەردێڕو بابەتی گەرمی میدیای ئەمەریکایی و شاری ناشڤیل بە تایبەتی.

# بەختی ڕووداو

**کاوڕ**
Mar 21-Apr 19

هەندێک کەس هەوڵدەدەن زیانت پێ بگەیێنن، ئاگاداری خۆت بەو ورد ببەوە و ئەو کەسانە بناسە، ئەگینا لەوانەیە زیانەکە کێشەیەکی گەورەت بۆ دروست بکات.

**تەرازوو**
Sep 23-Oct 23

هەمیشە بەگەشبینی بیر لەشتەکان بکەوە، چونکە ئەگەر گەشبین نەبیت، زیان بەخۆ دەگەیێنی، لەچەند ڕۆژی داهاتوودا پرسیارێکت ئاراستە دەکرێ کە دەبێ بەگەشبینی بیری لێبکەیتەوە.

**گا**
Apr 20-May 20

ماوەیەکە هەست بەئارامی ناکەیت، پێویستە سەردانێکی دکتۆرێکی دەروونی بکەی، تاکو لەوبارە دەروونیەی هەتە ڕزگارت بکات، گوێ بە قسەی خەڵک مەدە.

**دووپشک**
Oct 24-Nov 21

تائێستا سوودت بۆ خەڵک نەبووە، هەمیشە لەبیری خۆت دابوویە، وا مەکە کەسێکی خۆپەرست بیت، ئەگینا لەژیاندا تووشی دەیان کێشە دەبیت.

**جمک**
May 21-Jun 21

ڕۆژی هەینی ڕۆژێکی ناخۆش دەبێ بۆتۆ، هەوڵێکی ناخۆشت پێدەگات کە دەبێ بەوردی بیری لێ بکەیتەوە تاکو تووشی کێشە نەبیت.

**کەوان**
Nov 22-Dec 21

خێزانەکەت پێویستیان بەتۆ هەیە، هەوڵبدە خۆتیان لێ نزیک بکەیتەوە و یارمەتیان بدەیت چونکە ماوەیەکە هەست بە بێ هیوایی دەکەن بەرامبەر بەو ژیانەی هەیانە.

**قرژاڵ**
Jun 22-Jul 22

ماوەیەکە دڵخۆشی، پێویستە ئەو دڵخۆشییەش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەش بکەیت، چونکە خۆشەویستەکەت هەست بەوە دەکات کە تۆ هەوڵدەدەی خۆت لەو دوور دەکەیتەوە.

**کارژۆلە**
Dec 22-Jan 19

هەندێک لەبیروبۆچوونەکانت هەندێ خەڵکی ڕەنجاندووە، هەوڵبدە بەخۆت دابچیتەوەو ئەو باشتر بیر لەقسەکانت بکەیتەوە، چونکە دڵی چەند کەسێکت ڕەنجاندووە.

**شێر**
Jul 23-Aug 22

ماوەیەکە بیر لەسەفەرێک دەکەیتەوە، سەفەرەکەت بکە ئەو سەفەرە لەوانەیە کەمێک ژیانت بگۆڕێ و، کەسێکیش لەو سەفەرە دەناسی کە دەبێتە هاوسەری ژیانت.

**سەتڵ**
Jan 20– Feb 18

کەسانی دەوروبەرت تۆیان خۆش دەوێت، چونکە کەسێکی سادەو دڵپاکی، پێویستە هەر بەو شێوەیە بیت، بەڵام ئاگاداریش بە کەسانێک هەن دەیانەوێ سوود لەو سادەییەت وەرگرن.

**گوڵەگەنم**
Aug 23-Sep 22

ئەو کارانەی ئەنجامت داون زۆر باشبوونە، بەڵام هەڵەیەکت تێدا کردوون کە پێویستە بە ڕاویژکردن لەگەڵ کەسێکی بەئەزموون هەڵەکەت ڕاست بکەیتەوە.

**نەهەنگ**
Feb 19-Mar 20

هەوڵبدە قەت خۆت تووڕە نیشان نەدەی، کەسانێک بەهۆی ئەوەی کەسێکی تووڕەو تۆسن دیاری خۆیان لەتۆ دوور دەکەنەوە، ئەو کەسانە لەوانەیە لەداهاتوو سوودیان بۆ تۆ هەبێ.

# ژنێکی بەغدایی دەبێتە شۆفێری پاس

**ڕووداو – ئیلاف**

دوای 30 ساڵ مامۆستایی، بەخێوکردنی 8 منداڵ و مردنی مێردەکەی، دایکی مستەفایان ناچار کردووە وەک شۆفێری پاس لە بەغدا کار بکات.

دایکی مستەفا لەمێژە مامۆستای دواناوەندییەکی کچانی بەغدایە، وەک خۆی دەڵێ "ساڵی 1994 بە هۆی سەختی ژیانەوە وازم لە مامۆستایەتی هێنا و 2005 بۆی گەڕامەوە، بەڵام ئەو 11 ساڵەم بە خزمەت بۆ ناژمێرن". گلەیی دایکی مستەفا لەوەیە "ئەوەی بە هۆکاری سیاسی وازی هێنا بێت بۆی دەژمێرن و ئەوەی لەبەر سەختی ژیان وازی هێنابێت نا"، لە بارەی کارکردنی وەک شۆفێری پاس دەڵێ "سەرەتا هاتووچۆم بە چەند کچێکی قوتابی گەڕەکی خۆمان دەکرد، بەڵام کاتێ ئەوان چوونە زانکۆ بێ ئیش مامەوە، بۆیە بیرم لەم کارە کردەوە". مێردی دایکی مستەفا لە شەڕی کوێتدا کوژراوە، 8 منداڵی هەیە و بۆ بەخێودکردنیان لە هێڵی بەیاع – گەڕەکی جیهاد بە پاسێکی بچووکی 10 نەفەری کار دەکات. شۆفێرەکانی گەراج زۆر خاتری دەگرن و هەر کە دەچێتە گەراج نایخەنە سەرەوەو یەکسەر نەفەر سوار دەکات و هەر شۆفێرەکانی لە بری ئەو هاوار دەکەن و نەفەری بۆ کۆدەکەنەوە.



# باخان شەوانەی خۆی بڵاو دەکاتەوە

**تایبەت بەڕووداو**



بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی کچە گۆرانیبێژ باخان کە بە "شاجوانی خۆشەویستی" ناسراوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەمزووانە گۆرانی (شەوانە)ی باخان کلیپ دەکرێت، کە لە هۆنراوەی ڕەنج سەنگاوی و ئاوازەکەی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرو دابەشکردن موزیکییەکەشی لەلایەن هێمن حوسێن ئەنجامدراوە. کلیپەکەشی کە دیمەنەکانی لە کوردستان و هۆڵەندا گیراون لەلایەن شۆڕەشڤان سدیق شێرۆ دەرهێنراوە، لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

# 49% ی دانیشتوانی جیهان مۆبایل بەکاردێنن

**ڕووداو –** BBC

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییەکان، لەجیهاندا 3 ملیار و 300 ملیۆن مۆبایل لە کۆتایی ساڵی 2007 دا لەجیهاندا هەبووە کە 49% دانیشتوانی جیهان بەکاریان هێناوە.



بە گوێرەی ئەو ئامارانە لەساڵی 2000 دا تەنها 800 ملیۆن مۆبایل هەبووە لەجیهاندا و لە دوای ئەو ساڵەوە ئەو ڕێژەیە ساڵ بەساڵ لەزۆر بوونێکی بەردەوامدایە و، زۆرترین ڕێژەی بەکاربەران دەکەوێتە کیشوەری ئەفریقاوە. بەڵام بەپێی نوێترین لێکۆڵینەوەی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ پەیوەندییەکان تاکو کۆتایی ساڵی 2007، لەجیهاندا 3 ملیارو 300 ملیۆن مۆبایل لە لایەن 49%ی دانیشتوانی جیهان بەکارهاتووە.

# نازک نێروەیی نەهاتیە کوشتن

**عەبدوڵڵا نهێلی– ئامێدیێ**



چەند ڕوژەکن گۆت گۆتکەک بەلاڤبوویە کو هونەرمەندا کچ نازک نێرەویی ب دەستێن کەسوکارێن خوە هاتیە کوشتن،لێ هونەرمەنا ناڤ هاتی د لێدوانەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت "ئەڤ ڕاست نییە و ڤایە ئەزا ساخم".

نازک خانێ ب سەرسورمان ڤە ل دۆر ڤێ چەندێ د لێدوانەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت" چ ڕاستی ژ بۆ ڤان گۆتنان، ڤایە ئەزا ساخم".هەروەها گۆت " ئەڤە چەند ڕۆژن ڕەوشا من یاساخلەمیێ بیچەک تێکچۆبوو ل ئەگەرا نەخوشیەکا سڤک ". کەسەکا نزیک ژ نازک خانێش ئەڤ گۆت گۆتکە ب دستکردا نەحەزێن سەرکەفتنێن نازک خانێ دانە زانین.

نازک، ل ساڵا 1989 ل دێرەلوکێ ژدایکبوویە و جارا ئێکێ ل ساڵا 2006 دەست ب ستران گوتنێ کریە و تانوکە چەند سترانەک کلیب کرینە و، وەک ئافرەتەکا چالاک ل دەڤەرا ئامێدیێ دهێتە نیاسین.

# سەیوان سەعیدیان دەبێتە سواڵکەر

**تایبەت بە ڕووداو**

کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی، سبەی هەژدەمین پرۆژەی تایبەتی (سەیوان سەعیدیان) وەکو کارنامەی دەرچوونی خوێندکار، لەبەر دەرگای زانکۆی سلێمانی سازدەکات، ئەو پرۆژەیە بەشێوازی پێرفۆرمانس و بە بەشداریی 6 سواڵکەر و 4 ئەکتەر بەڕێوەدەچێت.

سەیوان سەعیدیان لە لێدوانێکدا تایبەت بە (ڕووداو) ڕایگەیاند "پرۆژەکە چاولەدەستی بە هەموو ڕەهەندەکانی دەخاتە خانەی (سواڵ)ەوە، کەسێک کە زیاتر لە ورە، ئیرادە، شان و باهۆ و هزری خۆی چاولەدەستی ئەم و ئەوە، بێگومان سواڵکەرە، جا چ ئەو کەسە سواڵکەرێکی سەرشەقام بێت، یان گەنجێکی فرەخوازی حازرخواز یان حکومەتێک کە تەنانەت بۆ سەوزە و ئاو و قاپ و کەوچکیش چاو لەدەستە".




پرۆژەکە وەکو کارنامەی دەرچوونی خوێندکار لەبەشی شێوەکاری لەبەردەم دەرگای زانکۆی سلێمانیدا پێشکێش دەکرێت و زیاتر لەملیۆن و نیوێک دیناری تێدەچێت، بۆ خەرجی پرۆژەکە سەعیدیان وتی" نیوەی پارەکە فوئاد مەجید میسری گرتووەتە ئەستۆی خۆی و چوارچێوەکانیش لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە دابینکراون، ئەگەر کەسێکی دیکە کۆمەکم نەکات دەبێت خۆم نیوەی پارەکە دابین بکەم ".

سەعیدیان گوتیشی "بەداخەوە پێش ئەنجامدانی پرۆژەکە پۆستەرەکان لەناو شارو بەردەرگای زانکۆی سلێمانی لێکراونەتەوە یان دڕێندراون".

پرۆژەکەی سەعیدیان بریتییە لە 10 کەس لەنێو چوارچێوەی بە پارە داپۆشراو کە قەبارەکەیان 1.20– 2م دەبێت لەوانەش 6 سواڵکەری ڕاستی لەگەڵ 4 ئەکتەر، بەشێکی بیرۆکەی ئەو کارەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەیوان لەبەردەم دەرگای زانکۆدا ڕۆژانە ئەو سواڵکەرانە دەبینێت.



# جیسیکا بەبووک چوو

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەنێوبانگی ئەمریکی جیسکا ئەلبا، بە سک پڕی شووکردنی خۆی بە کاش وارین ڕاگەیاند.

جیسیکا ئەلبا کچە ئەکتەری تەمەن 27 ساڵ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر شووی بەکاش وارینی دەرهێنەرو بەرهەمهێنەر کرد کە ماوەیەکی زۆرە ئەلبا منداڵی لێی هەیەو سکی پڕە. وەکو ئەلبا ڕایگەیاند بۆ یەکەمجار کاشی لە کاتی دەرهێنانی زنجیرە ئەلقەی (فریشتەی ڕەش)دا بینیوە.

جێسیکا ئەلبا بەشداری لە 23 فیلمی سینەمایی کردووە، کە 12یان فیلمی وروژێنەرن.داهاتی ساڵانەی جێسیکا 8 ملیۆن دۆلارەو سامانەکەشی گەیشتووەتە 45 ملیۆن دۆلار.



# ئەگەر ئێمەش دوو تۆپ بتەقێنین، چی دەبێت؟!

هاوڕێ باخەوان – هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

هەموومان ڕۆژانە دەبینین کە چۆن سنوورەکانی باشووری کوردستان لەلایەن هەردوو داگیرکەری تورک و فارسەوە تۆپباران دەکرێن، ئێمەش بەسەرکردە و بنکردەوە بینەرین و جگە لەناڕەزایی هیچیترمان لەدەست نەهاتووە.

داگیرکەری تورک سنووری باشووری بڕی و ئەوە چەند مانگێکە بە تۆپ و فڕۆکە بۆمبارانمان دەکات. هێرشی داگیرکەری تورک لەگەڵ تۆپبارانی داگیرکەری فارسیدا چەند جیاوازییەکی هەیە و لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک پۆزشێکی هەبێت بۆ بێدەنگبوونی، لەوانە بوونی هێزەکانی پ ک ک لە باشووری کوردستان و هاوپەیمانیی داگیرکەری تورک و ئامریکییەکان و زۆر هۆکاری دیکە.

بەڵام بێدەنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو تۆپبارانەی داگیرکەری فارس هیچ پۆزشێکی نییە و بگرە وەڵامدانەوەی بەدوو تۆپ بەتەواوەتی بارودۆخەکە یەکلایی دەکاتەوە و ئیتر جارێکیتر سنوورەکانمان تۆپباران ناکەن.

دیارە هەڵوێست و پایەی هەردوو داگیرکەری تورک و فارس لە ناوچەکە و جیهاندا زۆر جیاوازن و بەرپەرچدانەوەی داگیرکەری ئێران وەکو ئەوەی داگیرکەری تورک نییە.

داگیرکەری فارس لە قەیرانێکی نێودەوڵەتیدایە و بوونی هێزەکانی ئامریکاش لە ئێراقدا پاڵنەرێکە بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکەری ئێران، هەربۆیە دەبێت وەڵامی تۆپبارانەکانی داگیرکەری فارس بدرێتەوە و چەند تۆپێک بنرێت بە سەربازگەکانییەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت چیتر لەوە زۆرتر خۆی بچووکنەکاتەوە و سیاسەتی مامەڵەی بەرامبەر لە ئاست تۆپبارانەکانی داگیرکەری فارس پیادەبکات.

ئەگەرچی ئاکامەکانی ئەو وەڵامدانەوەیە داخستنی سنوورەکانی حاجی ئۆمەران و پەروێزخان دەبێت و دەبێتە هۆی زیانی ملیۆنان دۆلار بەهۆی وەستانی هاتووچۆی بازرگانی و نەڕۆیشتنی نەوتی خاوەوە بۆ ئێران، بەڵام چ نەبێت دانیشتووانی سنوورەکانمان و بەتایبەتی ناوچەی پشدەر بێخەم دەبن و لەو تۆپبارانەی داگیرکەری فارس ڕزگاریان دەبێت و داگیرکەری فارسیش تێدەگات کە ئەو هەرێمە ئەو ماسییە هاسانە نییە کە بە ئارەزووی خۆی تەپڵی تۆپانی پێوەبکات و کەسیش نرکەی لێوەنەیێت!.



# سیاسەتی قەڵای بەرخۆدان و ماستی هەولێر

بەشیر سەبری بۆتانی – سوێد
hunername@hotmail.com

ئەو کاتەی ماڵم لە ساڵی 1986 تا 1988 لە ئیسرائیل بوو، چەند ڕاستییەکم بە چاوی خۆم بینی، بۆ نموونە ئاڵای سوریا و کوێت لە پێشانگایەکی کشتوکاڵی لە تەل-ئەڤیف بەرزکرابووەوە هەروەها پەیوەندییە نهێنییەکانی سۆڤیێت و چین لەگەڵ ئیسرائیل وهتد.. لە ساڵی 1989 یش بۆ تەواوکردنی چەند پەرتووکێکی کولتووری گەڕامەوە ئیسرائیل، لە ناو فڕۆکەکە وەزیری ڕۆشنبیری ئازەربایجانی سۆڤیێتیشم بینی. من لەو ساڵانەدا چەند جارێک ڕاگەیاندنی کوردیم لەو ڕاستییانە ئاگادارکردەوە، کەچی بڕوایان نەدەکرد و بڵاویان نەدەکردنەوە، چونکە ئەوسا زۆر باوەڕیان بە کۆماری عەرەبی سووری هەبوو و بە قەڵای بەرخۆدانیان ناو دەبرد و هۆی دووەمیش ئەوەبوو ئەو کات و بگرە تا ئێستاش لە بەر پەیوەندییەکانم لەگەڵ کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل پەراوێز کراوم.

کاتی خۆی سووریا هەردەم خۆی وا نیشاندەدا کە قەڵای بەرخۆدانە دژی سیاسەتی ئەمێریکا و ئیسرائیل، سەرکێشی دەوڵەتە عەرەبییەکانی دەکرد، هەردەم خۆی بە خاوەنی کێشەی فەلەستین دەزانی، هەروەها شان بە شان لەگەڵ ئێران، حیزبوڵڵا و حەماس دژایەتی ئیسرائیلی دەکرد. کەچی لەم چەند هەفتەیەدا گفتوگۆی نهێنی نێوان سووریا و ئیسرائیل کە بە چاودێری تورکیا ڕێکخراوەو بەڕێوە دەچن ئاشکرابوو. هەر ئەو ڕۆژە پارتی بەعسی عەرەبی سووری بڕیارێکی دەرکرد کە دەستەواژەی "العدو الصهیونی-دوژمنی زایۆنی" لە ڕاگەیاندنی سووریادا قەدەخە بکرێ. ئیدی دیارە تازە سووریا بۆی دەرکەوتووە کە ئیسرائیل و ڕێبازی سەهیۆنی دوژمن نین. هەروەها ولید موعەلیمی وەزیری دەرەوەی سووریاش ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئیسرائیل بکات.

ئیدی منیش دەربارەی ئەم ڕەوشە لەگەڵ ئەفسەرێکی ئیسرائیلی کە بە ڕەگەز سوورییە بە تەلەفۆن قسەم کرد، ئەو کە لەبەر کارەکەی نایەوێ ناوی ئاشکرا بکەم، ئاوهای گوت "ئەمڕۆ سووریا زۆر لاوازە، لە چاڵێک کەوتووە و بە تەنیایە، بۆیە دەیەوێ لە ڕێگای ئیسرائیلەوە خۆی ڕزگار بکات و خۆی لە ئەمریکا نزیک بکاتەوە، ئامانجی سەرەکیشی لەنێوبردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە، هەروەها ماوەیەکە سووریا تەنازولێکی تەواوی بۆ تورکیا کردووە و حاشای لە دەڤەری ئەسکەندەرۆنە کردووە و قبووڵی کردووە کە ئەو دەڤەرە بەشێکە لە خاکی تورکیا و هەر لەم ڕۆژانەشدا هاوپەیمانییەکی لە گەڵ تورکیا ئیمزا کردووە بۆ دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان". بەڕاستی قسەکانی ئەم ئەفسەرە ڕاستن، چونکە لاوازی سووریا پار باش بە دیارکەوت، ئەو کاتەی چەند فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی شوێنێکی ئەتۆمی سوورییان لە دەڤەری دێرەزوور بۆردوومان کرد و بەوەش ئیسرائیل سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەستهێنا. هەروەها کوشتنی عیماد مەغنییە لە دیمەشق، کە بەرپرسی یەکەمی کاروباری لەشکری حیزبوڵڵای لوبنانی بوو.

دەربارەی چارەنووسی ئەو هێزە فەلەستینییانەی کە لە سووریان، ئەو ئەفسەرە گوتی "تازە هێزە فەلەستینییەکان لە سووریا فەوتان و هیچ پاشەڕۆژێکیان لەوێ نییە، هەروەها تسیپی لیڤنی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل چەند مەرجێکی هەبوو یەک لەوانە ئەوەبوو سووریا لە حیزبوڵڵا و حەماس دوور بکەوێتەوە و واز لە هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ ئێران بێنێ، واتە ئیسرائیل بۆ کێشەی ئاشتی، ئێران پەراوێز دەکا. بە کورتی، تازە هەموو شتێک هەنگاو بە هەنگاو تەواو دەبێ و بە زووترین کات ئێمە لەگەڵ هەڤاڵ بەشار ئەسەد لە تورکیا، سووریا، ئیسرائیل دادەنیشین، ئەوەتا بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تازە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدەینەوە". لێمپرسی، دە باشە، سووریا دەیەوێ لەگەڵ ئێران بێ و لە هەمانکاتیشدا ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل ببەستێ، ئایا ئەمە دەبێ یان نا؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی "پێویستە هەڵوێستی سووریا زۆر ڕوون بێ، هەروەها نابێ دەستی ڕاستی لەگەڵ ئێران بێ، لە هەمانکاتیشدا دەستی چەپی لەگەڵ ئیسرائیل بێ. سووریا دەبێ خۆی لەنێوان شەڕخوازی و ئاشتیخوازیدا یەکلایی بکاتەوە". دەربارەی گەڕانەوەی بەرزاییەکانی جۆلانیش بۆ سووریا، ئاوهای گوت "بەڵێ، سووریا زۆر بە ئاسانی بەرزاییەکانی جۆلان وەردەگرێتەوە، ئەوەش بە مەرجێک کە ئەم دەڤەرە دەبێ بێ چەک بمێنێتەوە".

هەروەها سیاسەتکارێکی ئیسرائیلیش قسەی بۆ کردم و گوتی " ئیسرائیل زۆر ڕێز لە ئەندامانی بنەماڵەی ئەسەد دەگرێ و زۆر یارمەتی پاراستنیان دەدات و بەشاریش وەک باوکی دۆستی ئیسرائیلە". پاشان لێم پرسی، جیاوازی نێوان سەدام و بەشار چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی "سەدام دوژمنێکی دەبەنگ بوو، بەڵام بشار دۆستێکی زۆر هێژایە" .ئەو سیاسەتکارە گوتی "ئێمە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستانیش کەمتەرخەمیمان نەکردووە، چەند گفتوگۆیەک لە ئاستێکی نزمدا لە ئەوروپا و ئەمریکا، لەنێوانماندا کراون و هیوامان زۆرە کە ڕۆژێک بێت ڕێکبکەوین". لێم پرسی، دە باشە، بۆچی بۆ سووریا حەڵاڵە کە دان بە ئیسرائیل دابنێ و ئاشتی لەگەڵی مۆر بکا، کەچی بۆ هەرێمی کوردستان حەرامە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی "با حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا ڕێگامان بدات کە ئێمەش ماستی هەولێر بەئاشکرا تام بکەین، یان ئەم ماستە لە ئیسرائیل بە شێوەیەکی تازە بفرۆشرێ،ماستی هەولێر وەک ئاو و نەوتی کوردستان زۆر گرنگە، کەچی کورد ماستی خۆیان ناناسن و هەروەهاش بەرژەوەندی خۆیان نازانن".

ئیدی لێرەدا وابزانم بۆ هەموو کەس دەرکەوت کە سیاسەتی قەڵای بەرخۆدان تازە هەمووی فش ە دەرچوو. بۆیەش پێویست ناکات کوچک لە ئاگر گەرمتر بێ.



# کوردانی لەشیشدراو

## نموونەیەک لە قوربانیانی سەرکوتکردن

د. ئازاد ئەحمەد عەلی*– سوریا
azadali@yahoo.com

کتێبی (مێژووی سروشتیی حەلەب)، کە بەرهەمی هەردوو برا (ئەلێکساندەرو پاتریک راسڵ)ە، وەسفێکی نموونەیی ئەو شێوازە مامەڵەیە دەکات کە ساڵانی نێوەڕاستی سەدەی هەژدە لە ولایەتی حەلەب بەرامبەر کورد کراوە. ئەو دوو پزیشکە بێ ئەوەی مەبەستیان بێت ئەو ئازارو مەینەتییەیان بەدیارخستووە کە لەسایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیداچەشتوویانە،ئەوچەوساندنەوەیە زۆر بەئاشکرا خۆی لەحوکم و سزاکاندا پێشاندەدات، بەتایبەتیش شێوازی کوشتنیان بە لەشیشدان (قازۆخەکردن)کە شێوازێکی زۆر تۆقێنەرە "شێوازە باوەکانی لەسێدارەدان هەڵواسین، خنکاندن، پەڕاندنی سەرو لەشیشدانە، سەبارەت بەم سزایەی دوایی، تاوانبارە دەستگیرکراوەکە لەوکاتەی بەرەو جێبەجێکردنی سزاکەی دەبرێ زۆرجار ناچاردەکرێ خۆی بەدەستی خۆی شیشەکە هەڵبگرێ، ئەم سزایەش زیاتر بۆ کوردەکانە، سزاکە زۆرجار خودی پاشا خۆی جێبەجێی دەکات، کاتێک بەسەر هەرێمەکاندا دەسووڕێتەوە، جێبەجێکردنی سزاکان دەبێت دوانەکەوێ و وەک سزای ئەفسەرە سەربازییەکان بەخێرایی جێبەجێبکرێ، مەبەست لەمە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە بەنێو خەڵکدا، جەستەی قوربانییەکە بەهەڵواسراوی لەتەنیشت ڕێگایەکی گشتی جێدەهێڵدرێ، ئەمە کەمتر لەحەلەب بینراوە، بەڵام هێشتاش خەڵک زۆر بەباشی حوسێن پاشایان لەیادە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر 20 کوردی بەیەکجارو لەشوێنێکی نزیک شاردا لەشیشدان، هەندێک لەوانە پاش لەشیشدانیش چەند سەعاتێک بەزیندوویی مابوونەوە تا دواجار مۆڵەتدرا بەگوللە بیانکوژن و لەو ئەشکەنجەیە ڕزگاریان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەنەدرا تەرمەکانیان بهێندرێنە خوارەوە بۆئەوەی دیمەنەکەیان ترس و تۆقین بڵاوبکاتەوە".

حوسێن پاشا عادەتی بووهەرکە سەفەری دەکرد، ژمارەیەک حوکمدراوی لەگەڵ خۆی دەگێڕاو لەهەرکوێیەک بیویستبایە هەندێکی لێ لەشیشدەدان و بەجێیدەهێشتن بۆئەوەی باڵندە گۆشتخۆرەکان بیانخۆن، چونکە ئەو شیشەی پێیاندەگوت (خازووق) بەرزبوو، گیانداره دڕندەکانی دیکە نەیاندەتوانی بیگەنێ. حوسێن پاشا بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری بەوشێوەیە سزا دابوو نازناوی (خازووقچی) وەرگرتبوو.

ئەوەی سەرەوە دەقەکەی ناو کتێبی ( مێژووی سروشتیی حەلەب لەسەدەی هەژدە- ئەلێکساندەرو پاتریک راسڵ- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی خالید ئەلجوبەیلی 1999 ) بوو.

ئەو قسانەی لەم دەقەدا هاتوون ئەگەر لە کتێبێکی دۆکیومێنتیدا نەهاتبان کە دوو پزیشک و زانای ئەوروپی نووسیویانەو بۆ ماوەیەکی درێژی ساڵانی نێوەڕاستی سەدەی هەژدە لە حەلەب ژیاون، ئەستەم بوو مرۆڤ بتوانێ باوەڕیان پێ بکات. وەک چۆن ناکرێ پشت بەم ریوایەتە ببەستی ئەگەر لە خوێندنەوەی کتێبەکەوە بڕێکی زۆر لە مامەڵەی بابەتیانەو ئەنگێزەی زانستی بەدی نەکەیت لە لێکدانەوەی زۆر بابەتی دیکەی سروشتی و پزیشکی و جوگرافیی هەمەجۆر.

ئەم بەڵگەنامەیە پێش هەموو شتێک مرۆڤ تووشی پەژارەو دڵتەنگی و سەرسوڕمان دەکات لەو هەموو زۆرداری و درێویەی مرۆڤی ئەم ناوچەیەی بەرەو ڕووبووەتەوە، زۆردارییەک کە گەیشتووەتە لوتکەی تووندوتیژی و سەرکوتکاری. توندوتیژی لەشێوازی حوکمدا تا پلەی تۆقاندنی مرۆڤ، زۆردارییەک لەدەرەوەی سنووری خەیاڵ، ئەوەی زیاتریش مایەی دڵتەنگییە ئەوەیە کە ئەم کەلتووری تووندوتیژی و دڵڕەقییە لە حوکمڕانیدا هێشتا ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی کوێر نەبوونەتەوەو تەنانەت سەریان کێشاوەتە ناو ئێستاشمانەوە. یەکێک لەوانەش کە ئەم دڵڕەقییەی بەفۆرم و شێوازێکی نەرمتر بۆ قۆناخەکانی دواتری حوکمڕانی گواستووەتەوە دەسەڵاتدارانی تورکیان.

ئەم دەقە- بەڵگەنامەیە بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە بەو زۆرداری و دڵڕەقییەش دەدات کە کورد لەم ناوچەیەدا لەکۆنەوە بەرەوڕووی بوونەتەوە، تا ڕاددەیەک کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی (وەک گرووپێکی ئێتنیکی- کۆمەڵایەتی) تووندترین و قێزەونترین سزایان لەمێژووی سەکوتکاری و زۆرداریدا بۆ دیاریکردوون، سزای کوشتن بە خازووق.. لەشیشدان: واتە گەرمکردنی شیشێک کە نووکێکی تیژی هەبووە، ئەم شیشە لەکۆمی مرۆڤ ڕادەکراو پاڵی پێوەدەنرا تا لەدەمی یان لەسەرشانی و یاخود لەسەریەوە دەهاتەدەرێ. شیشەکە پێیدەگوترا خازووق و ئەو سزا دزێوەش بە (خەوزەقە) ناسرابوو واتە لەشیشدان.

بەخوێندنەوەیەکی ورد بۆ زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕابردووی سیاسی کاریگەری لەسەر ئێستاشمان هەیەو ڕووداوە مێژوویییە سیاسییەکان ئامادەییەکی قورسیان لەئێستاماندا هەیە. ئەو مامەڵە توندە لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاماژەیە بۆئەوەی کە ڕابردووی حوکمڕانیی سەرکوتگەرانەی تورکی ئامادەییەکی ڕێژەیی هەیەو سێبەری ترسناکی بۆ ئەمڕۆش درێژبووەتەوە، ئێستا ئەگەرچی سزای کوشتن بەخازووق نەماوە، بەڵام تارمایی خازووقەکان کە جەستەی مرۆڤە زیندووەکانیان بەسەرەوەیەو لەچاوەڕوانیی ئەوەدان باڵدارە گۆشتخۆرەکانیان لەسەری بنیشنەوە لە کەلتووری سیاسی و سەربازیی هاوچەرخی تورکیدا هێشتا ئامادەیە.

ئەگەر جیاوازییە زەمەنییەکەو ئەو گۆڕانکارییە بابەتییەی لە سیستەمەکانی حوکمڕانیدا ڕوویداوەو پێشڤەچوونی کۆمەڵگاکان لەبەرچاوبگرین، دەبینین دەسەڵاتدارانی تورکیا میراتگری شەرعیی هەمان ئەو کەلەپووری دڵڕەقییەن لەچەوساندنەوەی میللەتانی ناوچەکەو لەپێش هەمووشیانەوە کورد.

ئەمڕۆ یەکێک لەو موفارەقە و دژەکارییە فیکری و ئەخلاقییە لەو گرەوەدا دەیبینین کە لەسەر نەوەو میراتگرەکانی حوسێن پاشای خازووقچیی والی حەلەب دەکرێت بەو حیسابەی گوایە ئەوانە نموونەی مرۆڤی دیموکراسی و میانڕۆن. ئێستا پاشا و پاشازادەکان وەک (نموونەیەک) کە بۆ ئەوەدەشێن شوێنپێیان هەڵبگیرێ بوونەتە مایەی سەرسامیی زۆر لە ڕۆشنبیران و توێژەران وبگرە ئەمسەرسامییە گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا لە متمانەپێکردنیش. ئەوەتا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جۆلان کراونەتە وەکیل و لەپرۆسەی ئاشتیی نێوان سوریا- ئیسرائیلدا.

ئەم پشتیوانییەی هەندێ نێوەندی ئەوروپی و ئەمریکی بەتایبەتیش ئیدارەی بوش لە میراتگرانی کەلتووری سەرکوتگەری و پشتیوانیی ئاشکرای لەدەسەڵاتدارانی تورکیاو هاندانی بۆئەوەی بەهەموو ئامرازێک شەڕی دژی کورد بکات کە میراتگری قوربانیانی خازووقن و چاوپۆشی لەو کەلتووری سەرکوتکاریە بە میرات بەجێماوە بۆ زۆربەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە پتر لە پرسیارێک دەوروژێنێ.

ئایا پێوەرەکانی دیاریکردن و لێکجوداکردنەوەی قوربانی و جەللاد لەنێو گەلانی ناوچەکەدا کامانەن؟ کامانەن پێوەرە ڕاستەقینەکانی بەرگریکردن لەمافی مرۆڤ، ئایا لەچوارچێوەی بەرگریدا لە دیموکراسی و ئازادییەکان دەکرێ چاوپۆشی لەو میراتی توندوتیژیوسەرکوتکارییەی عوسمانییەکان بپۆشرێ کە ئێستا لەفۆرمێکی دیکەدا دزەی کردووەتە نێو کەلتووری سیاسیی هاوچەرخی تورکییەوە؟

ئەوەی جێگای داخە سەرۆک بوش کاتێک لەسەرەتای ئەمساڵدا سەردانی فەلەستینی کردو بەشێوەیەکی نمایشکارانە لەسەر ڕێی حەزرەتی مەسیح وێنەیەکی ئەوی بەدەستەوە گرت کە خاچێکی بەدەستەوەیەو هاتووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە زوڵم و زۆرداری، هەرگیز نەیدەزانی کە کەلتووری سەرکوتگەری لەم ناوچەیەدا چەندە ڕەگوڕیشەی داکوتاوە، پێموایە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی مێژووی ئازارو مەینەتی گەلانی ناوچەکە نازانێ، هەرگیز نەشیزانیوە کە زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلانی ئەم ناوچەیە بەدرێژایی چەندین سەدە خازووقەکانی خۆیان هەڵگرتووەو بەرەو بەرەنگاربوونەوەو گۆڕینی کەلتووری سەکوتگەری هەنگاویان ناوە، پێموایە نە ئەوو نە زۆربەی سەرۆکەکانی دیکەی وڵاتانی ڕۆژئاواش نازانن کە ئەو هاوپەیمانێتییەی ناوبەناو لەگەڵ نوێنەرانی سەرکوتگەری لەناوچەکەدا دەیبەستن لەسەر حسابی ئازارو مەینەتی و دواڕۆژی گەلانی ستەملێکراویەتی.

*سەرنووسەری گۆڤاری (الحوار).

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# خۆت ببەستەوە حاجی

هێشتا ژن و مێردایەتییان شەش مانگی تەواونەکردبوو، ڕۆژێک دەمەقاڵێیان دەبێ و، مێرد ژنەکەی بەرەو ماڵی باوکی دەباتەوە، لە ڕێگە ژنە لە ئۆتۆمبیلەکەدا خۆی نابەستێتەوە بۆ ئەوەی مێردەکەی سەرپێچی بۆ بنووسرێت، مێرد دەڵێ خۆت ببەستەوە و ژنە دەڵێ تە نەدیت، لەم سەین و بەینە ژنە خۆی نەبەستەوە و مێردەش خوێن لە کەللەی قەتیس ماو ژنەی تەڵاقدا. ئەمە چیرۆکی ژن و مێردێکی سعوودی بوو کە هەفتەی ڕابردوو لە سەر خۆ نەبەستنەوە جیابوونەوە.

ئەوە هەفتەیەک دەبێ کاتێ لە هەولێر لە ترافیک لایت دەوەستیت، دیمەنی پۆلیسەکانی هاتووچۆ سەرنجت ڕادەکێشن چۆن بە غاردان بە نێو ئۆتۆمبیلەکاندا دەسووڕێنەوە و هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەیان بەرپا کردووە: بەم دەڵێن خۆت ببەستە مامۆستا، بەو دەڵێن خۆت ببەستە دادە گیان، خۆت ببەستە برام، خۆت ببەستە حاجی. لە خەڵکی دەپاڕێنەوە خۆیان ببەستنەوە.

لەگەڵ ئەوەی کورد بە کەللەڕەقی و حەز بەشلوشێواوی و گوێنەدان بەیاسا ناسراوە، کەچی خۆشبەختانە ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک ئێستا خۆیان دەبەستنەوە، زۆربەی ئەوانەش کە شانزە مەتر پشتێن و سێ مەتر جامەدانییان بەستووە کەچی بە پاساوی ئەوەی وەڵا گەرمە، قایشی خۆبەستنەوە نابەستن، ئێستا خۆیان دەبەستنەوە. ئەوانەش کە جاران، هەر لە ملۆزمییاندا قایشی ئۆتۆمبیلەکەیان ڕادەکێشا و لەبری ئەوەی لە شوێنی دیارکراوی خۆی بنێن، وەک دەمانچە دەیانکرد بە لاقەپرغەیاندا، ئاخر کورد وایە هەر لە کرۆمۆسۆمدا حەزی لێیە تۆزێ شلوشێواو بێت.

تۆ لە خەڵکی داماو گەڕێ. نزیکەی هەموو کورد سواری سەریشی بیت قسە ناکات، سەیر ئەوەیە چەند ئۆتۆمبیلێکی پۆلیسم دیوە پۆلیسەکان بە شوفێرەکەشەوە کە پارێزەری یاسان، خۆیان نەبەستووەتەوە، ئەمەیان ڕێک وەک ئەوە وایە مەلا دوای خوتبە بچێت بۆ نادی.

تا ئێستا بەرپرسێک یان شوفێرەکەیم نەدیوە خۆیان بەستبێتەوە، خۆ ڕاستت دەوێ من لە خەمی بەرپرسەکە نیم ئاخۆ ملی دەشکێ یان نا، ئەز لە خەمی یاسایەکەم داخۆ جێبەجێ دەبێت یان نا. شوفێر هەیە خۆی بەستووەتەوە، کەچی منداڵەکەی لە دواوە تا ناوقەدی لە جامەکەوە هێناوەتە دەرەوە. خوابکەم دوای حەڤدە ساڵ حوکمڕانی بە هەوڵی پۆلیسی هاتووچۆی لە بەرهەتاو هەڵقرچاو، خەڵک فێر ببن هەم خۆیان بپارێزن و هەم یاسا، بەڵام بڵێی چەند ساڵی دیکەمان پێویست بێت بۆ ئەوەی بەرپرس لە گڵۆپی سوور نەدات؟




## پەیامی رووداو

# لە کوردستان بەشەریکی

دوو کەسی ئەمریکی کە لە کۆمپانیایەکی ئەمریکی هاتبوون بۆ دۆزینەوەی شوێنی کاری کشتوکاڵکردن لە کوردستان، لەدەشتی هەولێر بەتەنیشت یەکەوە وەستابوون و پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد، یەکێکیان دەیپرسی دەبێ ئەو خاکە ئاوی ژێر زەوی باش بێ بۆ بیر هەڵکەنـــدن، ئەویتریان لە وەڵامدا پێیگوت: خەمت نەبێ خاکی ئەم وڵاتـــە یان ئاوی لەژێردایە یان نەوت.

ئـــەو وەرگێـــڕەی لــــە دڵســــۆزییەوە، نەک لە ســـیخوڕیکردنەوە ئـــەو وتوێژەی نێـــوان ئەو دوو وەبەرهێنە ئەمریکییەی بۆ گێڕامەوە، دەیگوت ئەو دوو ئەمریکییە بەرەخنە گرتن لە خەڵک و حکومەتی کوردستان دەیانگوت چۆن دەبێ خاکێکی وا بەیار و بێ کشتوکاڵ بێ.ئەم قسەیە زۆر ماناداره لە وڵاتێکدا کە دانیشتوانەکەی بۆ نۆک و پیاز و کەرەوزو ماست و خەڵوزیش پارەی لەنێوخۆدا نامێنێتەوەو دەچێتە دەرەوەو، سفرەکەی نێودەوڵەتییە نەک پشت بەخۆ بەستوو.

باشـــووری کوردستان، وەک وڵاتێکی وێرانکراو و وەبەرنەهێنـــدراوی رەنگین لە زەنگینی ژێر زەوی و سەر زەویدا، دەرفەتی کێشکردنی سەرمایەی بیانی هەیە،کە بێگومان ئەوە بەرژەوەندی وڵاتانیشـــیان دەخاتە کوردستانەوە، ئەمەش سوودی بۆ مانەوەو ســـەقامیگیری سیاســـی زیاتری کوردستان دەبێ، بەتایبەتیش کە ئەمرۆتیۆریسیۆنی هەرەدیاری ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما لە دوایین پەرتووکیدا (ئاواکردنی دەوڵەت)، دەبێژی پشتیوانیکردنی وڵاتە لاوازەکان ئەرکی وڵاتە بەهێزەکانە، لەبەرئەوەی لاوازی هەندێ دەوڵەت جیهانی پڕ کردووە لە هەژاری، تیرۆر، مادە بێهۆشکەرەکان و ڤایرۆسی ئیدز.

زۆر رێکەوت و دەرکەوتەی جیهان بۆ کوردستان بوونەتە دەرفـــەت، بەڵام بەمەرجی شـــەفافبوون و نەهێشـــتنی بیروکراســـی و لابردنی کۆسپەکانی تێکەڵبـــوون لەگەڵ جیهـــان. هەر لـــەو ماوەیەدا هاوکارێکـــی ئەمریکی پێیگوتم لە ئەمریکا خەریکە ئەو دەنگـــە بڵاودەبێتـــەوە کە "ئەمریـــکا بۆچی پشـــتیوانی هەرێمێکـــی نادیموکراســـی بکات؟"، هەروەها دەیگـــوت "هەندێ وەبەرهێنی ئەمریکی و بیانی کە دێنە کوردســـتان یەکسەر هەندێ کەسی دەستڕۆیشتوو لێرە لێیان نزیکدەبنەوەو پێیاندەڵێن پێویستە ئێمەش لە پرۆژەکانتاندا شەریک بین". ئەو ئەمریکییە کە لە دڵسۆزییەوە ئەو قسانەی دەکرد و هەرێمی کوردستانیشـــی لە زۆر دەوڵەتی دەوروبەر پێ دیموکراسیتر بوو، دەیگوت هاتنی وەبەرهێنانی بیانی زۆر باشە بۆ کوردستان، بەڵام دەبێ حکومەت و ســـەرکردایەتی ئەو وڵاتە رێگە نەدات بەوشێوەیە نێوبانگی کوردســـتان خراپ بکرێ، کە ببێتە هۆی تێکچوونی بۆچوونی جیهان لەســـەر کوردستان و نەهاتنی وەبەرهێنە بیانییەکان.

**ئاکۆ محەممەد**

---



# تکایە بەری خۆرمان لێمەگرن!

حەمەسەعید حەسەن

ئەگەر هیچ نیگەران نیت سەبارەت بەو کارەســـاتانەی لە نزیکتەوە یان تەنانەت لە دوورترین گۆشـــەی دنیادا روو دەدەن، ئەوا پێویســـتە گومانت لە ئینسانبوونی خۆت هەبێت. لوتکەی کارەسات، راهاتنە لەگەڵ نایەکسانیدا، بۆیە هەمیشە سووک سەرنجی چەوسێنەران بدە و هەمیشە بە گژ زوڵمدا بچۆوە! ئەگەر هەست دەکەیت دەوروبەر دەخوازێت بەرەو ناخی زەوینت ببات، ئەوا دەبێت ناوبەناو لە شەققەی باڵ بدەیـــت و بڵند بفڕیت. هەر چی دەکەیت، بیکە! فێڵ و دزی لە هەژاران نەبێت، هەر چـــی فەرامۆش دەکەیت، بیکـــە! ئازاری دەردی نەداری نەبێت.

ماوەیەکە هەر کەســـێک هەڵدەستێت، دەنووســـێت: پاڕانەوە بووە بە بەشێک لە کولتووری کورد! جوولەکە توانییان چاک ســـوود لەو کوشـــتارەی دووچاری هاتن، وەربگرن، توانییان بەردەوام خۆیان وەک قوربانی نیشان بدەن و کارێک بکەن، هەموو ئەورووپا خۆی بەرانبەر بە وان بە تاوانکار بزانێت، هەست بە ئازاری ویژدان بکات و هەر ئەو خۆ بە قوربانی نیشاندانەیش بوو، بە جۆرێک لە قازانجی جوولەکە شکایەوە، تـــا رادەی ئەوەی بوونـــە خاوەنی وڵاتی خۆیان و پشتگیریی دنیایشیان دابین کرد. ئەدی بۆچی کوردیش هەمان تاکتیک رەچاو نەکات؟ بە مەرجێک کوردی چەندان جار قەلاچۆکراو، نیازی ئەوەشی نییە، خاکی هیچ گەلێکی دیکە داگیر بکات.

وێـــڕای هەبوونی پەکەکـــە لە قەندیل، تورکیا ئەگەر لـــە گێچەڵنانەوە بێت، بۆ دەســـتتێوەردان لـــە کاروبـــاری هەرێمی کوردستان، لەســـەر بیانووی دیکە پەکی ناکەوێت. ئاخر ئەو نەوتەی لە کەرکووک دەردەهێنرێت لە رێی تورکیاوە دەگاتە دەست کڕیارەکانی و ئەو ئاوەیشی بە کوردستاندا تێدەپەڕێت، لەوێـــوە هەڵدەقوڵێت. جێی داخـــە ئێمە بیڵێین یان نـــا، تورکیا پێی وایە، ساغبوونەوەی چارەنووسی کەرکووک لە قازانجی کوردســـتان، بـــە زیانی وی دەشـــکێتەوە و ئێمە باسی بکەین یان نا، تورکیـــا هەنووکەش خەو بە گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵەوە دەبینێت. دەسەڵات لە تورکیا بە دەست ئیسلامییەکانەوەیە و لە کوردستانیش حیزبی ئیسلامیی وا هەیە، دەشـــێت رۆڵی ئەسپی تەروادەی بۆ وازی بکات، ئەمە وێڕای لایەنێکی تورکمانی کە بە ئاشکرا ئەو رۆڵە دەبینێت.

بیڵێین یـــان نا، ئێرانیش وەک تورکیا پێـــی خۆشـــە، کۆرپەی ســـەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی لە بێشـــکەدا بخنکێت. ئێران هێندەی لە بە واقیعبوونی دەوڵەتی کوردی دەترســـێت، نیو هێندە ترسی لە ئەمریـــکا نییە. ســـەرهەڵدانی دەوڵەتی کوردی، مۆتەکەیەکە لە سنگی تورکیا و ئێران و ســـووریایش، ئەوە نییە ساڵانێکە بە ئاشـــکرا کۆ دەبنەوە و پلان لە دژی ئەو بەشـــە نیمچە ئازادەی بن دەســـتی کورد دادەرێژن. وەک چۆن لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا، عێراق لە پێناوی نسکۆی کورددا، سەری بۆ ئێران نەوی کرد، هیچ دوور نییـــە، ئێرانیش هەر لـــە پێناوی هەمان مەبەستدا، سەر بۆ ئەمریکا نەوی بکات. وەک چۆن ئێران هەنووکە لە دژی ئەمریکا، کۆمەکـــی حیزبوڵڵا و حەماس دەکات، شـــتێکی چاوەڕوانکراوە ئێران و تورکیا لـــە دژی کورد، کۆمەکی ئەم یان ئەو حیزبی ئیسلامیی هەرێمی کوردستان بکەن.

وەک چـــۆن هەندێک لـــە پیاوانی بە رووکەش شۆڕشـــگێڕی کورد دەســـتیان لەگەڵ بەعسدا تێکەڵ کردبوو، ئەوە جێی باوەڕە، هەندێکی دیکەیش لەو پیاوە بەناو کوردپەروەرانە، لە هەرێمی کوردســـتاندا خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەی ناپیرۆزی دەوڵەتێکی ناوچەکە بن. دەستەپاچەیی هەندێک لە دەسەڵاتدارانی کوردستان لە بەرانبەر کەناڵە پەلامارەدەرەکاندا، سووکە نیشـــانەیەکە بۆ ئەوەی، لە پشـــت ئەو کەناڵانەوە، پیاوانی بەهێزی ئێراندۆست هەبـــن، ئەگەر نـــا بۆچی ئـــەو کەناڵانە نیگەرانن بۆ چارەنووسی لیترێک لە نەوتی عێراق، ئەگەر لە باکوورەوە بفرۆشـــرێت، وەلێ بێباکن بەرانبـــەر داهاتووی نەوتی عێراق، ئەگەر لە باشوورەوە بە (کەشتی) بدزرێت؟ ئێران بە هەمان چاو ســـەیری عێراق دەکات، وەک چۆن لە باشوورەوە دەســـت لـــە کاروبـــاری وەر دەدات، لە باکووریشـــەوە درێغی ناکات. ئێران وەک چۆن لە باشووری عێراق، گەلەک پیاوی دەستڕۆیشتووی هەیە، رێی تێ دەچێت، لـــە (باکوور)یشـــی، هەندێـــک پیاوی (لێوەشاوە) شک ببات.

بەردەوام تورکیا و ئێران شکۆمەندیی کوردستان پێشێل دەکەن و سنوورەکەی هەم لە ئاســـمانەوە و هەم لە زەمینەوە دەبەزێنن، ئەمە کێشەی (زانا)یانی ئایینی نییە، خەمی گـــەورەی وان ئەوەیە، ئەم نووســـەر یان رۆژنامەنووس، سەروەختی نووسین، سنووری بەزاندووە! بێ ئەوەی ئێمە لەسەر ئەوە رێک کەوتبین کە ئەوان مافی دیاریکردنی سنووریان بۆ مە، هەیە. (چارەسەر لای ئیسلامە.) هەرچەندە ئەوە دروشمی هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دنیایە، کەچی هێشتا لە هیچ گۆشەیەکی جیهاندا، هیچ کێشـــەیەکیان چارەســـەر نەکردووە، هەر کێشـــەیان ناوەتەوە. بە زەبری ئەوەی ئێران و تورکیا دوو وڵاتن، تێیاندا ئیسلامییەکان دەسەڵاتدارن، هەق بوو تەنیا جارێک، ئیســـلامییەکانی لای ئێمـــە، وازۆیان خڕ کردباوە و داوایان لەو دوو وڵاتە کردبا، دەســـت لـــە بەزاندنی سنووری کوردستان هەڵبگرن.

ئەلبێرت ئەنیشتاین، چونکە زانایەکی راســـتەقینە بوو، خەوی بە دەسەڵاتەوە نەدەبینی، ئەوە نەبوو کردیان بە سەرۆکی ئیســـرائیل و نەیکرد؟ ئەو بـــڕوای بەوە نەبـــوو، جوولەکە گەلێکـــە هەڵبژاردەی خـــودا، بۆیە دەیگوت: (جوولەکە هیچی لە گەلانی دیکە زیاتر نییە.) ئەوی بڕوای تەواوی بە ئایین هەبێت، پێویستە بڕوای بە (غەیب)یش هەبێـــت، چونکە هیچی هاوبەش لە نێوان زانست و غەیبدا نییە، چاکتر وایـــە، پیاوانی ئایین، چی زووترە پاشـــناوی زانا لە خۆیان بکەنەوە و واز لەو هەوڵەیش بهێنن کە بە هیوان، ببنە دەوڵەتێک لەســـەروو دەوڵەتەوە، ئاخر کوردستان، هەرێمێکە تێیدا هاووڵاتییان بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام ئایینن، هەمـــان مافیان هەیە و یاســـا بە هەمان چاو سەیری گوتارخوێنێک و نووسەرێک یان پێشنوێژکارێک و کرێکارێک دەکات. مەلایـــان وەک هـــەر توێژێکـــی دیکەی کۆمەڵگە، کەسانی بەڕێزن، وەلێ پیرۆز نین و ئەگەری ئەوە هەیە بە هەڵەدا بچن، بۆیە با پێیان وا نەبێت، هەمیشە راستی لە کن وانە.

بەو هیوایەی رۆژێـــک دابێت، مەلایان (لە دەشـــتەکانەوە، فێری کرانەوە و لە چیاکانـــەوە، فێری بە گـــژ داگیرکاراندا چوونەوە ببن) وواز لەو بەشەی کولتووریان کە لـــە نواندنی زەبروزەنگـــدا، ئیدی بۆ سەر جەســـتە بێت یان دەروون، خەست دەبێتەوە و لەگەڵ مافەکانی ئینســـاندا ناگونجێـــت، بهێنن و (ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ئایینی خۆم بۆ خۆم،) (1) یان (زۆرەملـــێ لە ئاییندا نییە،) (2) رەچاو بکەن، ئاخر کولتووری تەنیا خۆ بە راست زانین، ئەم و ئەو بە گومڕا نێوزەدکردن و هەڕەشە بەخشینەوە، لەمێژە ئێکسپایەر بووە و بەدرێژایی مێژوویش توندڕەوان لە کۆتاییدا هەر دۆڕاو بوون.

ئەوە خـــودای گـــەورە خۆیەتی بڕیار دەدات، (کێ دەخاتە ســـەر رێی راست) (3) و (خەڵکی ئازادن بڕوا دەهێنن، یان نا.) (4) بۆیە با کەس خۆی بە نوێنەری خودا نەزانێت. ئینســـان ئازادە سەر بە کام کولتوور بێت، بەڵام بە مەرجێک ئەو کولتوورە مافی کەســـانی دیکە پێشێل نـــەکات. کە ئایینێک دینی دەوڵەت بوو، کە شەریعەتێک ســـەرچاوەی یاسادانان بوو، ئیدی با باس لە عەلمانیبوون نەکەین و چاوەڕێی ســـنووربەزاندن و هەژموونی ئەو حیزبانەیش ببین کە لە سەر بناغەی ئایینی دەوڵەت رۆ دەنرێن. ئەگەر پێمان وابوو، شـــتێک هەیە لەسەروو رەخنەوە، ئیدی با باسی سیڤیلسالاری نەکەین. ئەگەر هەوڵمان دا بە تۆقاندن کەســـانێک لـــە بیروڕای خۆیان پاشگەز بکەینەوە، ئیدی ئەوە کۆمیدیای رەشی قەترانییـــە، ئەگەر باس لـــە هەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین بکەین.

2008/5/31

(1) لکم دینکم ولی دین.
(2) لا اکراه فی الدین.
(3) لله یهدی من یشا و. قصص 56
(4) من شـــا و فلیؤمن و من شاء وفلیکفر. کهف29

---



# گەڕانەوە بۆ حوکمی شمشێر

نوری بێخاڵی

" کبـــر مقتا عنـــد اللـــه ان تقولوا مالا تفعلـــون"، دڵنیـــا نیم ئەو ئایەتـــە ژمارە چەندی کامە سورەتە، بەڵام گومانم نییە، کە ئایەتێکی راست و دروستی ناو قورئانە، بۆیـــەش ئـــەو ئایەتە دەکەمـــە دەروازەی نووســـینەکەم، چونکە ئەو یاداشتنامەیەی کۆمەڵێک پیـــاوی ئایینی کوردســـتان و بەدوایدا هەڕەشـــەکەی (مەلا سوێری) لە دوا ژمارەی هەفتەنامەی (رووداو)دا و ئەو هەڵمەتەی کۆنـــە کادیرەکانی (النهچە)ی ئیســـلامی و ئەندامانی ئێستای گرووپێکی ئیســـلامی لە رواندز (رەنگە لە شـــوێنی تریش کردبیان) بەناوی پشتیوانانی خوا و دۆستانی پێغەمبەر لەو بوارەدا کردیان، رێک پێچەوانەو دژی ئەو ئایەتە و چەند ئایەتێکی دیکەی قورئان دەکەونەوە ؟

یەزدانی میهرەبان بە جۆرێک ئامۆژگاری و رێنوێنی پێغەمبەری موسڵمانان دەکات، کە پێویستیشە پەیڕەوانی ئەو و باوەڕدار و موسڵمان و رابەرانی ئایینی بە گشتی لەسەر ئەو رێبازە بڕۆن، لە قورئاندا هاتووە "ادع الی سبیل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة"، واتە بە حیکمەت و ئامۆژگاری و قســـەی چاک، بانگەشە بۆ رێگەی خوا و پەیامەکەت بکە، نەهاتووە بڵێ دوای یاداشـــت و بەیاننامە، ئەگەر سەری نەگرت، هەڕەشەیان لێ بکەن و چاویان لێ ســـوور بکەنـــەوە، کە مرۆڤ نازانـــێ ئەو جۆری هەڕەشـــەیەش چۆن و چی دەبـــێ، چونکە لێدوانەکەی ئەو پیاوە ئاینییە لـــە دیمانەکـــەی (رووداو)دا رێک وایـــە و گوتوویەتی ئەگەر ســـنوورێک بۆ ئەو شـــتە دانەنرێ، ئەوا پەنا بۆ هەڕەشە دەبەین، ئەم هەڵوێست و بیرکردنەوەیشیان بەبەراورد بەو رێنمایی و ئامۆژگارییەی خوا، ناوەڕۆک و ئاســـتی باوەڕداری ئەو کەسانە بە پەیامـــی پێغەمبەرەکەیان و ئایینەکەی بەتاڵ دەکاتەوە (نەک دەقەکە خۆی)، واتە ناوەڕۆکی ئەوەی کە باوەڕیان بەو ئامۆژگاری و رێنوێنییەی خوای مەزن لاوازە و دووریش نییە هەر بۆ دونیایان بێ.

لە هەمان شوێندا و بەدوای ئەو رێنوێنییە، بە لۆژیکێکـــی نەرمتر داوا لـــە پێغەمبەر کـــراوە رووبەڕووی بەرامبەرەکانی بێتەوە و لە قورئاندا هاتـــووە " وجادلهم باللتی هی احسن"، واتە بە باشترین و جوانترین شێوە وتوێژ و گفتوگۆ لەگـــەڵ ئەوانەدا بکە، کە بڕوایـــان بە پەیامەکەی تـــۆ نییە، یاخود گومانیان هەیە، بـــەو مانایەی نەیگوتووە چاویان لێ سوور بکەوە و دادگایەکیان بۆ دابنێ، چونکە دواجار "الامر لله"!

بەبەراوردێکـــی ئـــەو دوو ئایەتە بەدوا یەکـــدا هاتووە و ئەو هەڵوێســـت و جۆرە بیرکردنەوە و شێوە رێگەچارەیە ئەو زاتانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بەرامبەرەکان بەسن بۆ ئـــەوەی بڵێین ئەو بەڕێزانە (زۆربەیان) یان باوەڕیان بە ئایین و پەیامەکەیان لاوازە، یـــان تازە لە ملیاندا ئاڵاوە و لەبەر رووەتی دونیـــا وای نیشـــان دەدەن، یاخود چەکی پێویستی فیکری و مەعریفی بەرپەرچدانەوە و بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی نووسین و وتار و کتێبی ئەو نووســـەرانەیان نییە، کە لە بارەی ئیسلام نووسیوویانە (کە بۆ خۆیشم گومانم لە نازانســـتی بوون و هەڵەشـــەیی و تێکەڵکـــردن و شـــێواندنی هەندێک لەو نووسینانە هەیە).

دیوێکی دیکەی ئەو مەسەلەیە کە جێگەی پرسیار و گومانە، هەڵبژاردنی ئەو کاتەیە بۆ ئەو یاداشت و هەڕەشەکردنە، چونکە هیچ یەکێک لەو نووســـراو و وتار و پەرتووکانە دوێنێ و پێرێ چـــاپ و بڵاونەکراونەتەوە، بەڵکو هەیانە چوار تا پێنج ســـاڵی بەسەر چـــاپ و بڵاوکردنەوەیدا تێپەڕیووە، هەر بۆ نموونە کتێبەکەی دکتۆر جەمال رەشـــید، هاوکات هەیانە لە ماوەی دوو ســـاڵدا سێ جار چـــاپ کراوەتەوە، کتێبەکـــەی ئارام رەشـــید و....هتد. کەوابێت نانەوەی ئەو گۆبەندە لەو کاتە و بەو چەشنە تەمومژاوی و گوماناوییە و تێوەگلاندنی کۆمەڵێ خەڵک بەبێ ئاگاداری خۆیان و تەزویرکردن لە ناوی هەندێ کەســـایەتی کۆمەڵایەتی و کردنیان بە زانا و مامۆســـتای ئایینی و دواجاریش بەردەوامی ئـــەو هەڵمەتە لەلایەن کۆمەڵێ کۆنە ئیسلامی توندڕۆ (کە ناویان لە خۆیان ناوە دۆســـتانی خوا و پێغەمبەر) لە شـــار و شـــارۆچکەکان، هەمـــوو ئەوانە زیاتر لە پیلانێکی پێشوەختەی نیاز خراپ دەچن، نەک ئەوەی دڵســـۆزی بۆ خوای گەورە و پێغەمبەر بێت.

ئەمە جگە لەو شێوە بازرگانیکردنەی ئەو بەڕێزانە بەنـــاوی کۆمەڵێ خەڵک کردوویانە، وەک ئـــەوەی کۆمەڵێک مامۆســـتای ئایینی بێئاگایی خۆیان لەناو و ئیمزاکەیان راگەیاند و هەندێکیشـــیان کەســـایەتی کۆمەڵایەتین و نازناوی زانا و کەســـایەتی ئایینیان پێوە لکێنراوە، لەهەر هەمووشـــیان کۆمیدیتر ئەو هەڵمەتەی هەندێ کۆنە ئیســـلامی ریزەکانی بزووتنـــەوەی رابـــوون (النهضة)ی دوێنێ و ئەندامەکانی ئێستای حیزبێکی ئیسلامییە لە رواندز بەناوی پشـــتیوانانی خوا و دۆستانی پێغەمبـــەر، وەک ئـــەوەی لە نـــاو کورددا، تەنها ئەو بەڕێزانە پشـــتیوانی خوا و دۆستی پێغەمبـــەر بن و ئەگەر ئەوان نەبن ئەوا ئیش و کاری ئـــەو دونیا و گەردوونە بەڕێوەناچێ، نیشانەی ئەوەن کە لە پشتی ئەمەوە شتێک هەیە، یان کورد وتەنی (ئەو ماستە موویەکی تێدایە).

بانگەشـــەکردن و داواکـــردن بۆ دانانی داداگایەکی شەرعی، کە ئێستا نە سەردەمی خەلافەتە و نە ئەمـــارەت، لە ناو گەلێکدا کە وەک خۆیـــان دەڵێن (99.99%)ی موسڵمانە و لە هەرێمێکدا کە دەزگای یاسایی و شـــەرعی متمانە پێدراو و باوەڕپێکراو و دامەزراوەی یاســـایی و دەســـتووری هەن، هیچ مانایـــەک ناگەیەنێ و هیچ پەیامێکی لە پشـــتەوە نییە، جگە لـــە دامەزراندنی دادگایەکی هاوشێوەی (دادگای پشکنین) و گەڕانەوە بۆ لۆژیکی چەکەکانی لێبوردن (صکوك الغفران) و زەمینە خۆشـــکردن بۆ تەکفیرکردنی خەڵک، دواجار شەرعیەتدان بە حوکمی شمشـــێر و مەقســـەلە، ئەگەر وانییە و ئەو بەڕێزانە، کە دوور نییە دونیایێ نازناوی (زانا و مامۆستا و عەللامە)یان بۆ خۆیان دانابێ، بۆ لەبری ئەو هەڕەشـــە و چاوسوورکردنەوانە، پەنا بۆ زمانی گفتوگۆ و لۆژیکی عەقڵ و کەرەســـتەی مەعریفی و فیکری ئایینی خۆیـــان نابەن و ناوەڕۆکی نووسین و وتار و کتێبی ئەو کەسانەی (کە بە قســـەی خۆیان سوکایەتیان بە ئیسلام و موسڵمانان و پێغەمبەر کردووە) پوچەڵ ناکەنەوە و بـــە درۆیان ناخەنەوە؟ هەر بۆ نموونە بۆ کەسێکی وەکو مامۆستا (ملحم محمد ســـاڵح) کە وتارخوێن و پێشنوێژی یەکێک لە مزگەوتەکانی (ســـۆران)ـە هەر دوای بڵاوبوونـــەوەی کتێبەکەی (مەریوان هەڵەبجەیی) بە شـــێوازێکی دیموکراســـی و شارســـتانییانە بە کتێبێکـــەوە کەوتە وەڵامدانـــەوەو بەرگریکـــردن لە بـــاوەڕ و ئایینەکەی، بۆ یەکێک لەوانیش ئەو شـــتە نـــاکات، کـــە بێگومان رەنگە بە دروشـــم و هوتـــاف خۆیان بە دە مامۆســـتای وەک مامۆستای ناوبراو نەگۆڕنەوە و پێیان وابێ عیلـــم و مەعریفەت لە دامێنی جوببەکەیان دەتکێ؟! ئاخـــۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە،دوای سێ و چوار و پێنج ســـاڵ ئاگاداربوون لە دەرچوونی ئـــەو کتێبانە، وەڵام و بەڵگەی زانستی بەرپەرچدانەوەیانیان پێ نەبووە، یان وەک دەڵێن ئەوە وەڵامێکە تەنها لای خۆیانە و بە ریتمی (المعنی فی قلب الشاعر)ـە؟ ئایا ئەو بەڕێزانە کە ماوەیەکیان بۆ تاوتوێکردنی نووســـینی یاداشـــتنامەی هەڕەشەئامێز و دارِشـــتنی پلانی پەیوەندیکـــردن لەگەڵ دۆستانی خوا و پێغەمبەر تەرخانکردووە، بەشـــی ئەوە بوار و کاتیان نەبوو وەڵامی (جەمال رەشـــید، ئارام رەشید، مەریوان هەڵەبجەیی، رۆژنامە و گۆڤارەکان) بدەنەوە یان هێشتا لە فیقە و شەریعە و عەقیدە و زانســـتەکانی قورئان و حەدیس و کەلام و بەلاغە و زانستەکانی دیکەی ئیسلام کلۆڵ و کەم مەعریفە و تفاقن، بۆیە وەک دوا رێگە چارە بیریان لە دامەزراندنی دادگای تەفتیش و تەکفیرکردن و ناوزڕاندنی نووسەری ئەو وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبانە کردۆتەوە ؟!.

## ئاغا بۆ سلێمانی دەگریێ

نەوزاد مەحمود– سلێمانی



بەڕای ئەو پیاوەی لەبەرنامەی بەرنامەدا بەردەوام خێسە لە ژنبراکەی دەکات، سلێمانی تا تەمەنی هەڵکشێت، کولتووره جوانەکەی بۆ خوارەوە دادەکشێت، بۆیە "کە بیر لەسلێمانی دەکەمەوە بەردەوام بۆ ئەو شارە دەگریم". عومەری کەریم ئاغا لە 1944لە مەڵکەندی سلێمانی، بە دەستی (ئەسومە)ی کریستیان لەدایکبووە. لەبارەی بەرنامەی بەرنامەوە دەڵێ " تائێستا کێشەی زۆرمان بۆدروست بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی هوشیاریی خەڵکی بەرزەو رەخنە قبوڵدەکەن". لەدوارۆژی شارەکەی نیگەرانە چونکە "ئەو خۆشەویستی و تەباییەی ئێستاو جارانی خەڵک هەرگیز بەراورد ناکرێت ".

## باژێرڤانییێ بیستان خرابکرن خەلکی پەز ل شوونێ خودان کرن

عیماد ئالیخان– دهۆک

بازێرڤانیا دهوکێ شیا بیستانێن مالان ل سەر مولکێ باژێرڤانییێ راکەت، لێ خەلک ل شوانا بیسانا پەزێن عەرەبان یێن نەخۆش ب هەرزانی دکرن و ل جهێ بیستان ل ناڤ کۆلان و مالێن خۆ خودان دکەن. ژ بلی کرێتکرنا روویێ باژێرێ دهۆکێ، ئەڤ دیاردەیە گەفێ ل تەندروستیا خەلکی ژی دکەت. چۆنکی پتریا وان پەزان د نەخۆشن. ل سەر ڤێ یەکێ، سەرۆکاتیا بازێرڤانیا دهۆکێ ل رۆژا 2008/5/5 ئاگەهدارییەک بەلاڤکریە تێدا ئاگەهداری وەلاتیان دکەت کو "تەرش وکەوالێ خۆ ببەنە دەرڤەی باژێری د ماوێ 10 رۆژان دا، بەرۆڤاژی دێ پێرابوونێن یاسایی هێنە وەرگرتن دێ تەرش و کەوال دەستەسەربیت و نازڤریت".



## بان کی موون نیم

رووداو – نیویۆرک



لەداخویانییەکدا سکرتێری گشتی UN گوتی " بەداخەوە چ لە لایەن راگەیاندن یان هاوکارەکانمەوە ناوم بە هەڵە بە (بان کی موون) دەبرێت، لە وڵاتانی ئاسیا پێشناو بەر لە پاشناو دەگوترێت، بۆیە ناوی من (کی موون بان)ە نەک (بان کی موون)".

کاتی خۆیشی سکرتێری گشتیی پێشووی UN کۆفی ئەنان روونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو گوتی راگەیاندنی عەرەبی بەهەڵە ناوی منیان کردووە بە کۆفی عەنان.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەورووپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانیسکان پشت پاریزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات


# "کۆنە بەعسییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری خانەنشین بکرێن دزی نامێنێ"

تایبەت بەرووداو

شارەزایەکی وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێ ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری سەراوبن بکرێ و ئەو کۆنە بەعسیانەی تێدا کار دەکەن خانەنشین بکرێن "ئەوا دزی لەوەزارەتەکە نامێنێ".

هونەرمەندی شانۆکار ئیبراهیم حەکیم لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) ئاماژەی بەوەدا کە رەوشی شانۆی کوردی بەرەو خراپی دەچێ "لەبەر ئەوەی هیچ گرنگییەکی لەلایەن هونەرمەندان و نووسەران و دەزگا پەیوەندارەکانی هونەری لەناو حکومەتی هەرێم پێنادرێ، ئەوانەش کە لێی بەرپرسیارن ئەو راوێژکارانەن کە نەیانتوانیوە لەناو حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن باس لەرۆڵی شانۆ بکەن و بیگەیێننە حکومەت، بەتایبەتی راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ناوچەگەرێتی دەکات". ئیبراهیم حەکیم ساڵانێکە لە شانۆ و درامای کوردیدا کاردەکات پێی وابوو "راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت رۆژێک لەرۆژان هونەرمەندان و شانۆکارەکانی هەولێری نەبینیووە بۆ ئەوەی بەهەموو لایەک چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن کە شانۆ لە هەولێر بەرەو تەنگژە و نەمان دەبات".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا ئەگەر دزی لەپارەی شانۆ نەکرێت ئەوا رەوشی شانۆی کوردستان بەرەو باشی دەچێ "من رێزم بۆ وەزیری رۆشنبیری هەیە، ئەو کەسێکی سادەو کوردپەروەرە، بەڵام هەندێ کەس توانیویانە بەزمان لووسی و دیپلۆماسی ئیستغلالی بکەن و دزی لێ بکەن، بەڕای من ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری سەراوبن بکرێ باشترە". بوونی کۆنە بەعسی لەو وەزارەتەدا پرسێکە حەکیم قسەی خۆی لەبارەیەوە هەیە "ئەگەر ئەو کۆنە بەعسیانەی لەناو وەزارەتی رۆشنبیریدا هەن خانەنشین بکرێن ئەوا دزی نامێنێ". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە " لەبەر ئەوەی کۆنە بەعسیەکان زیاتر پشتە ملی حیزبیان گرتووە و لەمەسەلەی دیپلۆماسی شارەزان، جوانتر دزییەکەیان بۆ دەکەن، بۆیە هەر لەبەر ئەوەش دەستەبەرداری ئەو بەعسیانە نابن".

هونەرمەند ئیبراهیم حەکیم دوێنێ و ئەمڕۆی کاری سیاسی بەراورد دەکات "جاران لەسیاسەت گەورەتر نەبوو، کە دکتۆر شڤان گۆرانییەکی دەگوت تووشی شێوە حەماسەتێک دەبووی، بەڵام ئێستا ئەو حەماسەتە لەنێو سیاسەتدا نەماوە، لەبەرئەوەی ئێستا سیاسەت و ئەو شتانە هەمووی بووەتە دۆلارو بەرەڵڵایی". درێژەی بەقسەکانیداو ئاماژەی بەوەدا کە کۆمەڵێک کەس لەبەر ئەوەی دەیانەوێ خۆیان پێبگەیێنن "حەزیان لێیە گەندەڵی بکرێت و باخەڵی خۆیانی پێ پڕبکەن، ئەوانەش ئێستا هەموویان دەسەڵاتدار و بەرپرس و بەڕێوەبەرن".

ئیبراهیم حەکیم، پلەکەی شارەزایە لە وەزارەتی رۆشنبیری گلەیی لەوە هەیە ئیمزاکەی تا بەر دەرگە ناڕوات "من 7 ساڵ پێشمەرگایەتیم کردووەو لە دامەزرێنەرانی سێ کەناڵی تەلەڤزیۆنم: سەتەلایتی کوردستان، کوردستان تیڤی (ناوەخۆ) و تەلەڤزیۆنی گوڵان، ئیمزای بەعسییەک زۆر لەئیمزای من زیاتر دەڕوات و ئیمزاکەی من تاکو بەر دەرگاش ناڕوات".

## کرواتییەکانیش کورد دەرچوون

رووداو – هەولێر

جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، رۆژی 2008/5/29 لە کاتی گەڕانەوەی لە وڵاتی کرواتیا رایگەیاند "کرواتییەکانیش دەڵێن ئێمە کوردین".

عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، بەسەرۆکایەتی شاندێکی فەرمی حکومەتی کوردستان لەسەر بانگهێشتی حکومەتی کرواتیا رۆژی 2008/5/22 گەیشتە زەگریبی پایتەختی کرواتیا و لەلایەن سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیرانی کرواتیا پێشوازی لێکرا. جەمال عەبدوڵڵا وتەبێژی حکومەتی کوردستان کە هاوسەفەری جێگری سەرۆکی حکومەت بوو بۆ کرواتیا، روونکردنەوەی زیاتری لەبارەی خۆ بەکورد زانیی کرواتییەکان دا و گوتی "کرواتییەکان لە دانیشتنە رەسمییەکانیشدا گوتیان کە مێژوونووسانیان دوای چەندان ساڵ لێکۆڵینەوە گەیشتوونەتە ئەو راستییە مێژووییە کە کروات و کورد لەیەک بنەچە و رەگەزن". هەروەها گوتیشی لە کرواتیا خاوەن کۆمپانیایەکی گەورە گوتی "من کوردم، ناویشم (میر)ە، سیمای زۆر لە کرواتییەکان و ناوەکانیشیان هێشتا بەڵگەی کوردبوونیانن".



## خێوەت دزەکەی کوردستان خەڵاتدەکرێ

رووداو – لەندەن



لە چەند رۆژی رابردوودا دوکتۆر جۆناتان کاپلان "خەڵاتی رۆبرت برن –ی مرۆڤایەتی" وەرگرت کە گەورەترین خەڵاتی سکۆتلەندایيە وهەموو ساڵێک بە کەسێک دەبەخشرێت کە خزمەتێکی بەرچاوی مرۆڤایەتی کردبێت.

کاپڵان پزیشکێکی خەڵکی باشووری ئەفریقایەو بەهۆی سیاسەتی رەگەزپەرستانی ئەپارتاید ئامادەنەبووە سەربازی بۆ وڵاتەکەی بکاتوبەرەوبەریتانیا کۆچی کرد. لەساڵی 1991ەوە وەک پزیشکێکی خۆبەخش لەچەندین شوێنی دنیا کاریکردووە وەک کوردستان، ئێراق، ئەریتیریا، بەرازیل، نامیبیا وئەنگۆلا.

لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا بۆ رۆژنامەیەکی باشووری ئەفریقا، کاپڵان باسی خۆی کرد کە لە کوردستان بووە" لەساڵی 1991 بەنیازبووم تەنیا بۆ چەند هەفتەیەک کاری خۆبەخش بکەم، کەچی چەند مانگێکی خایاند، لەکاتی راپەڕینی کوردان لە باکووری عێراق، بە سەدان هەزاریان پەنایان بۆ چیاکان بردبوو، هەرگیز ئەو رووداوەم لەبیرناچێت کە خێزانێکی کوردم دیت خەریکبوو لەو شاخانە بێ پەناوپەسێو لە سەرمان رەق ببنەوە، بۆیە ناچاربووم چادرو خێوەتێک لە بنکەیەکی سەربازی تورکی بدزم کە لە ناوچەکە بوون و بیدەم بەو خێزانە کوردە، دوای چەند هەفتەیەک کاتێ گەڕامەوە ناوچەکە، دیتم بیست کەس خێوەتەکە بەکاردەهێنن، زۆر سوپاسی منیان کردو گوتیان ئەگەر هاوکاری تۆ نەبووایە لە سەرمان رەق دەبووینەوە، بۆیە ئەو رووداوەم قەت لەبیرناچێت".

## مەهاباد و بەدران ڕوو لە دادگا دەکەن حەمەسەعیدیش فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی

تایبەت بە رووداو

سەرچاوەیەک نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بۆ "رووداو" درکاندی کەوا دەنگۆی ئەوە هەیە بەدران ئەحمەد حەبیب بەڕێوەبەری دەزگەی ئاراس و مەهاباد قەرەداخی شاعیر و هەڵسووڕاوی دۆزی یەکسانی، سکاڵایەکی یاسایی دژی ئەو 474 مەلایە تۆمار بکەن کە هەڕەشەی سزادانی شەرعییان لێیان کردووە. بەڵام سەرچاوەکە گوتی حەمەسەعید حەسەن خەریکی خۆ کۆکردنەوەیە بۆ هەڵاتن و ڕزگارکردنی گیانی خۆی لە مردن.

سەرچاوەکە ئەوەشی خستەپاڵ: "ئەم هەڵوێستەی حەمەسەعید حەسەن لە کاتێکدایە کە دەنگۆی ئەوە هەیە دەزگای ئاراس پەیکەرێک بۆ نابراو دروست بکات لەبەرئەوەی بەنووسەر و ڕەخنەگرێکی بوێری ناوەندی رۆشنبیریی کوردی ناسراوە". ئەمەش ئەگەر راست بێ، ڕەنگە "بەپێی سەرچاوەکە" دەزگای ئاراس لەو کارە پاشگەز بکاتەوە. مەهاباد قەرەداخی لە پەیوەندییەکدا بە (رووداو)ی گوت "بە تەمام سکاڵایەک لەسەر ئەو یاداشتە تۆمار بکەم، لەو یاداشتەدا خەڵکی لە دژی ئێمە هاندراوە، من دەمەوێ یاسا لێرە ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە دەنا وەک هاووڵاتییەکی ئەوروپایی دەتوانم ئەو بابەتە لە دادگەیەکی نێونەتەوەییشدا بورووژێنم". حەمەسەعید حەسەنیش تەیارکردنی خەڵکی لە دژیان بە مەترسی زانی و گوتی "لە ختوخۆڕایی ئێمەیان بۆ خەڵکی موسڵمان کردووە بە نیشانە لە کاتێکدا ئێمە دژی ئیسلام شتمان نەنووسیوە، ئێمە دژی ئەوەمان نووسیوە کە مەلاکان بەرەواژوو کەڵک لە ئیسلام وەردەگرن" هەر لەو بارەیەوە مەلا بەشیر خەلیل وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات لە هەولێر لەسەر ئەو داوایە گوتی "ئێمە بە گوێرەی یاسای سزادان و یاسای چاپەمەنی و یاسای وەزارەتی رۆشنبیری کە رێگە لە سووکایەتی بە پیرۆزییەکان دەگرن داوای چارەسەرکردنی ئەو بابەتەمان کردووە، ئەوانیش مافی خۆیانە پەنا ببەنە بەر یاسا". بۆ لێدوان لەم بارەیەوە (رووداو) پەیوەندی بە بەدران ئەحمەد حەبیبەوە کرد، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک بدات.

## تیپی مۆسیقای سلێمانی دۆلار باران کرا

رووداو – سلێمانی

بەبۆنەی یادی 41 ساڵەی دامەزرانی تیپی مۆسیقای سلێمانی، لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و فاروقی مەلا مستەفاوە خەڵاتکرا.

سەلام عەبدوڵڵا بەرپرسی لقی 4ی پارتی لە سلێمانی لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەسەر داوای تیپی مۆسیقای سلێمانی برووسکەیەکی بۆ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت کرد و، ئەویش 25 هەزار دۆلاری بۆ 25 ئەندامی زیندوو و کۆچکردووی تیپەکە نارد وەک خەڵات بەو بۆنەیەوە" لە رێورەسمێکدا 1000 دۆلارم دا بە هەریەک لە ئەندامە زیندووەکانی تیپەکە و هی کۆچکردووانیشم دا بە خالید سەرکار". بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون مام جەلالیش هەریەکەو 500 دۆلاری خەڵاتکردوون و، فاروقی مەلامستەفای خاوەنی کۆمپانیای ئاسیاسێلیش بڕی 16600 دۆلاری بە خەڵات بەخشییە ئەندامانی تیپەکە.

هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی گوتی "دەستەی بەڕێوەبردن دوای چەندین کۆبوونەوە 31 ناوی بۆ رێزلێنان ئامادە کرد و دڵنیابن خەلەلی موویەک لە پاداشت وەرگرتندا نەبووە" ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "هەر لایەنە و هاوکاریی خۆی بۆ هەر هونەرمەندێک لە زەرفێکی داخراودا ناردووە، یەک دوو برادەر بۆڵەبۆڵیان کردووە پارەکەیان کەمە من گوناهم چییە لایەنەکە خۆی لێکدانەوەی جیاوازی هەبووە" نموونەشی لەوبارەوەیەوە هێنایەوە "بۆ نموونە ئاسیاسێل بۆ هەندێ برادەر 200 دۆلاریان ناردووە و بۆ هەندێکیش 600 دۆلار، ئەوەی کەمی بۆ هاتووە گوتوویەتی وەڵا من نامەوێ، ئێ من بڵێم چی ئەوان خۆیان وایان ناردووە ئیتر چووە پارەکەی بردووەتەوە" بە دووریشی نەزانی "هەندێ کەسی نەفس نزم ئەگەر کەمتریان بۆ هاتبێ لێرە و لەوێ قسەوقسەڵۆک دوای مەراسیمی یادکردنەوەکە بخەن".


